# بەشی دووەم

# پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل
# لەماوەی سالانی (٢٠٠٢- ٢٠٠٨)

## ٣-١. پێشینەیەکی مێژوویی لەهاتنی پارتی دادوگەشەپێدان بۆ سەر دەسەلات

**سەرەتایەك:**

پاش ڕووخانی کۆمۆنیزم و هەرەسهێنانی سۆڤیەت لە سالی (١٩٩١)، پەرت پەرتبونی وەك ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی، ئینجا بەدوایدا ڕووخانی دیواری بەرلین و، کۆتایی هاتنی جەنگی کەنداو، سەرئەنجام بۆشاییەك لەسیستەمی سیاسیی جیهانی دا دروست بو، بێگومان ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی لەناوچەکەدا، زەمینەیەك بۆ سەرهەلدانی جۆرەها گروپ و حزبی ئیسلامی سیاسیی خۆش ببێت. بەجۆرێك پێشوتر کۆمەلەی ئیخوان موسلیمین کە لە(١٩٢٨) ەوە لەمیسر دامەزراوە، هەنوکە بەردەوامە و دەستی کاروچالاکی و لقەکانی گەیشتۆتە (٨٠) ولاتی جیهان، ئەی بۆ نەگاتە تورکیا ؟.

لەگەل هەبونی چەندین لەمپەری وەك دەستەلاتی عیلمانی و، شوێنکەوتنی شێواز و بەرنامەی خۆرئاوایی لەتورکیادا، دواجار حزبی ئیسلامی هەر سەریهەلدا؟. لەبەرئەوەی بەلای کەمەوە، میراتێکی

مێژوویی چڕوپڕ هەیە کە دەوڵەت و فەرمانڕەوایی  تیایدا ناتوانێت وا بەئاسانی حزبی سیاسیی خاوەن ناسنامەو ڕیشەی ئیسلامی قەدەغە بکات، واتە جموجوڵی ئیسلامی لەتورکیا بۆخۆی دیاردەیەکی نامۆ نییە، هەر بۆیە ململانێی نێوان سوپایەکی سیکۆلار و حزبە ئیسلامییەکان ململانێیەکی ئاسایی نابێت (Davutoğlu, 2010, p. 96).

بەم پێیەش، سەرهەڵدان و گەشەکردنی حزبی ئیسلامی میانەڕەو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی دا، بوو بە بژاردەو ئەگەرێکی بەهێز، ئیتر هەموو هێزە ئیسلامیەکانی ناوچەکە توندڕەو توندوتیژنین، بەڵکو زۆربەیان لە بەرگێکی دیکەدا، بەشێوەیەکی مۆدێرن دەرئەکەون، وەکو ئیخوانولموسلمین و پارتی ئازادی و دادپەروەری لەمیسر، حزبی نەهزەی ئیسلامی لە تونس، حزبی دادوگەشەپێدان  لە مەغریب و، زۆر حزبی دیکەی ئیسلامی سیاسی لەجیهانی عەرەبیدا،کە بەگشتی ئەم حزبانە ڕاستەوخۆ ستایلی خۆرئاوایی ڕەت ناکەنەوەو، سیاسەتێکی پراگماتییان هەیە (Balci& Kardaş,2012, p.106).

لەو بارودۆخەدا، هاتنی شەپۆلێك لەئەزمونی ئیسلامیی سیاسیی تورکیا، هەستکردنە بە بونی حزب بەڕێگەی"مناوەرە" بۆ ئەدایەکی سیاسیی، کەهەر خۆی دەستوری تورکیا لەساڵی (١٩٦١) بەشێکە لەو "مناوەرە"کردنە، کەڕێگەی داوە بەئازادییە مەدەنییەکانو، دروستکردنی گروپی ئیسلامی لەتورکیا... بۆیە" نەجمەدین ئەربەکان" وەك باوکی ئیسلامی سیاسیی و سەرکردەیەکی دیار دەرئەکەوێت و، زەوییەکی بەپیت ئەدۆزێتەوە کەخاکی تورکیایە، تۆوی خۆی بەڕێگەی دروستکردنی حزبی ئیسلامی ئەوەشێنێت. سەرەتا بەحزبی نیزامی نیشتمانی (١٩٧٠-١٩٧١) دەستی پێکرد، پاشان حزبی ئاشتی نیشتمانی (١٩٧٢-١٩٨٠)

دامەزراند، ئەوسا حزبی ڕەفاه (١٩٨٣-١٩٩٨) ئینجا حزبی فەزیلە (١٩٩٨-٢٠٠١) وە لەکۆتایشدا حزبی سەعادەت لە ٢٠٠١ ەوە بۆ ئێستا (Balci& Kardaş, 2012, p. 109).

ئێمە لای خوارەوە، یەك یەك دێینە سەر باسکردنی ئەو حزبە سیاسیانەی تورکیا، کەبە باکگراوەندێکی ئیسلامی کاریان کردووە، تا ئەگاتە دەرپەڕین و سەرهەڵدانی حزبی دادوگەشەپێدان (AKP) .

## ٣-١-١. کورتەیەکی مێژوویی و ئایدۆلۆژیی لەسەر حزبی دادو گەشە پێدان

دەرکەوتنی حزبی ئیسلامی سیاسیی لەتورکیا، ڕاستەوخۆ بەستراوە بەخودی ئەندازیارەکەی کە "نەجمەدین ئەربەکانە" لەگەڵ ژمارەیەك دەستەبژێری ئیسلامی تر، لە (٦ کانونی دووەمی ١٩٧٠) بڕیاری دامەزراندنی **"حزبی نیزامی نیشتمانی"** دا،حزبەکەشی تێکەڵەیەك بوو لە خوێندکارانی نامەکانی نور و سۆفیەکان و چاکسازەکانی کە کاریگەربون بە بیری ئیخوان موسلمین (Yavuz,2009,p.48). کاتێك ئەربەکان لەسەر ناوچەی کۆنیا، خۆی کاندید کرد بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەپاڵپشتی (١٠) دە هەزار گەنجی دەرچووی پەیمانگە دینییەکان، دەنگێکی زۆری بەدەستهێنا (Ghaul, 2011. p. 81). ئینجا لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی ئیسلامی دیار کەوتە گفتوگۆ و، حزبی نیزامی نیشتمانی پێکهێنا.

حزبی نیزامی وەتەنی، بەسەرکردایەتی ئەربەکان، وەك یەکەمین حزبی ڕێگەپێدراوی ئیسلامی لە ئەنقەرە دامەزرا. وەك حزبێکی خاوەن بیری

سیاسیی بەڵام ئیلهام لەئیسلامەوە وەرئەگرێت. لەماوەیەکی کەمدا بەرەو ئەوە سەریکێشا کە(٦٠) مەڵبەندو (٢٠٠) لیژنە لەتەواوی تورکیا بکاتەوە. بەزۆری خوێندکاری ناوەندە دینیەکانی لەخۆئەگرت و، یەکەمین ڕێکخراویشی بەناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی تورکیا لەناو زانکۆکاندا کردەوە. یەکەم ئامانج و داخوازیی ئەم حزبەش ئەوەبوو کە چاکسازیی لەدەستوری تورکیادا بکرێت و، بەهەندێ ماددەو بەندی دەستوری تورکی (١٩٦١)دا بچنەوە، ئەیانگوت: سیستەمی دیموکراتی بەبێ ماف و ئازادیی بیروباوەڕ نابێت. مەبەستی ئەربەکان لەدیموکراتیەتەکە ئەوەبو تا دەرفەتی زیاتر وەربگرێت لەبەکارهێنانی هزری ئیسلامی. بۆیە خوێندنەوەی ڕۆژنامەی جمهوریەت و میللیەتی عیلمانی ئەوەبو کە: ئەربەکان ئەیەوێت دین بۆ مەبەستی سیاسیی بەکاربهێنێت (Ahmed,2005,p. 28).

دواجار چارەنوسی ئەم حزبە، ڕاگرتنی کاروچالاکیەکانی بو، لەلایەن دادگای دەستوری تورکیاوە، دوای شکایەت لەلایەن فەرماندەی سوپا "موحسین باتو" لە(٢١ ی ئازاری ١٩٧٠) ەوە، بەو پێیەی چالاکیەکانی حزبەکە نا عیلمانیە، حزبی نیزامی نیشتمانی داخرا. وەك لەبڕیارەکەی دادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەت دا هاتووە:

- پرەنسیپ و جوڵانەوەکانی حزبەکەی لەسەر وەستاوە، پێچەوانەی بنەماکانی دەستوری تورکیایە.
- کار لەسەر نەمانی عیلمانیەت ئەکات لەوڵات داو، لەجیگەی حکومەتێکی ئیسلامی دابنات .
- حزبەکە هەستاوە بە هەندێ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دینی.

- کارەکانی حزبەکە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی ئەتاتۆرکە .(Yavuz,2009,P49)

ئەو ماوەیە، لەبەرئەنجامی سیاسەتە کەبت کەرو بەزەبرەکانی عەدنان مەندەریس دا، لەلایەن ژەنەراڵ جەمال گورسیلەوە کودەتایەك لەساڵی (١٩٦٠) بە سەر حکومەتدا کراو، سەرۆکوەزیران "عەدنان مەندەریس" لەسێدارەدرا. لەسەردەمی گورسیل دا، هەموو ئەو ململانێیانە حزبیانەی کەلەنێوان لایەنە سیاسیەکانی وەك: ئۆپۆزسیۆن و ئەوانەی خەون بەگەڕانەوە بۆ سەردەمی ئەتاتۆرك ئەبینن و شانازی ئەکەن، تێپەڕیندراو کپکرایەوە. هەتاوەکو حزبی داد بەسەرکردایەتی سلێمان دەمیرێڵ هاتە سەر دەستەلاَت لە ساڵی (١٩٦٥)، جەودەت سۆنای هەڵبژێردرا بۆ پۆستی سەرۆك کۆماریی تورکیا هەڵبژێردرا (١٩٦٦-١٩٧٣). ئیتر خۆپیشاندان و پێکدادان و ململانێی نێوان چەپ و ڕاست لەتورکیا سەریهەڵدایەوە، جارێکی تر سوپا بانگی دەستوەردانی لەکاروباری حکومی هەڵدایەوە، بۆ ئەوەی سنورێك بۆ ئەو فەوزایە دابنات و، چاکسازیی لەباری ئابوریی و کۆمەلاَیەتیدا بکات. بەلاَم ژاوەژاوو نارەزاییەکان هەر نەوەستا، لەنێوان لایەنگرانی چەپە نەتەوەییە توندڕەوەکان و لایەنگرانی باڵی چەپی ئیشتراکی، وە لایەنگرانی ئەوانەی هەرخۆیان بەمیراتگری ئەتاتۆرك ئەزانن و خەریکی شانازیکردنن لەگەڵ لایەنگرانی ئیسلامییەکان (Balci& Kardaş, 2012, P.105).

لەبەرئەوەی ئابوریی تورکیا تا ئەهات ڕووی لەداڕمان بو، دزی لە بانکەکان ئەکرا، دیاردەی تیرۆری سیاسیی پەرەی سەندبو، خۆپیشاندانی چینی کرێکار بەرەو زیادبون ئەچوو، ئیسلامی سیاسی ڕووی

لەگەشەکردن بو، فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی تورکیا یاداشتنامەیەکیاندا بەسەرۆکایەتی کۆمار "جەودەت سۆنای "و دامەزراوە مەدەنییەکان لە ساڵی (١٩٧١) و **کودەتایەکی تر** یان کردە سەر حکومەتەکەی سولەیمان دەمیرێل کە "بەکودەتای یاداشتنامە" ناسراوە.

جارێکی تر، ئەربەکان دەرفەتی قۆستەوەو، ساڵی (١٩٧٢) حزبێکی تری بەناوی " **حزبی سەلامەتی نیشتمانی-Millî Selamet Partisi** " دروست کرد. لەهەموو ناوچەکانی تورکیا بارەگای لقی خۆی کردەوە، بانگەشەی ڕەوشتی ئاینی و مەعنەوییەت و، هزری ئیسلامی و ئازادی ویژدانی ئەکرد، چونە ناو خوێندنگە ناوەندیی و ئامادەیی و پەیمانگەکانەوە. لەژێر کاریگەری حزبی ئاشتی (سەلامە)دا سەرۆکایەتی کاروباری ئاینی بەیاننامەیەکی دەرکرد و، بانگەشەی حیجابی بۆ ژنی تورکی ئەکرد (Ahmed,2005,p.39) .

حزبی سەلامەت "ئاشتی" لەماوەی (١٩٧٢-١٩٨٠) برەوی بەتواناکی خۆی داو، سۆزی جیهانی ئیسلامیشی بۆخۆی ڕاکێشا، هەروەکو ڕۆژنامەکەشیان (مللی غزتە-Milli Gazete) پێشنیاری هەستانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی وپرۆسەی ڕەخنەکردنی عیلمانی کردبو، کە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ شەریعەتی ئیسلامی و، لەسەرووی هەمووشیانەوە نارەزایەتی نیشان ئەدا لەبونی بارەگاو بنکە ئەمریکیەکان لەتورکیا، چونکە حزبی ئاشتی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی ئەربەکان لای وابو: کە ئەمانە دژی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستن و، بلاوکردنەوەی بنەماکانی ئیسلام پیویستی بە"هێز" نییە، بەڵکو پێویستی

**بەرەخساندنی ژینگەیەکی کراوەیە بۆ موسڵمانان لەتورکیا، کە دەستو پەنجە نەرم بکەن لەگەڵ ژیانی سیاسیدا. یەکێك لەدەستکەوتەکانی حزبیش ئەوەبو کە: بە یارمەتی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماریی توانییان متمانە لەوەزیری دەرەوەی تورکیا "خەیرەدین ئەرکمان" وەربگرنەوە، کە ئارەزووی هەبو بەلای سەهیۆنیەتدا .**

**حزبی سەلامەتی نیشتمانی، لەپرسە نەتەوەییەکان بەدەرنییە، ئەربەکان لەکاتێکدا جێگری سەرۆك وەزیرانە، ساڵی (١٩٧٤) هەڵوێستی توندو ڕاشکاوانەی لە مەلەفی قوبرصدا نواند، بەسیفەتی ئەوەی جێگری سەرۆك وەزیرانە لەحکومەتەکەی "بولێند ئەجاوید"دا، بڕیارێکی دەرکرد، داوا ئەکات سوپای تورکیا خێرا پرۆسەی هەڵمەتی دابەزینی ئاسمانی ئەنجام بدەن و بچنە قوبرص، تا قوبرصی تورکەکان لە لەناوچون بپارێزن و، پرۆسەی ئیبادەکردنی قوبرصیە ڕۆم و ئەرسەدۆکسیەکان دەست پێبکەن (Sadq,2011,P.29).**

**لەهەڵبژاردنی گشتی دا، حزبەکەی ئەربەکان لە (حوزەیرانی ١٩٧٧) دا، دەنگێکی ئەوتۆی وە دەست نەهاورد، تەنها بەرێژەی (٨، ٥٦٪)دا نەبێت، کە ئەکاتە (٤٤) کورسی پەرلەمانی، دابەزینی دەنگەکانی حزبی سەلامەتی نیشتمانی وازهێنان و لێکترازانی بەکۆمەڵی کادرو ئەندامانی لێکەوتەوە. بەتایبەتی ئەوانەی لە کۆمەڵەی نور بون، بەهۆی ئەوەی ئەربەکان ئیتیلافێکی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماریی دا دروست کردبو، کە حزبێکی نەتەوەیی ڕەگەزپەرستی عیلمانیە. دامەزراوە سەربازییەکانیش بەرەبەرە هەستی یان بەرۆڵی حزبی سەلامەی نیشتمانی ئەکرد، بەتایبەتی کە لەگەڵ ئەجاویدیشدا ڕێککەوتبون، پاشان**

لایەنگرانی حزبەکەی ئەربەکان خۆپیشاندانیان کردبو، متمانەیان لە وەزیری دەرەوەی تورکیا وەرگرتبوەوە، هوتافیان دژی عیلمانیەت و ئەتاتۆرك و سەهیۆنیەت کێشا بو. لەسەر ئەمە داواکاریی گشتی تورکیا لە (کانونی یەکەمی ١٩٧٨) داوایکرد، ئەربەکان لە حزبەکەی دا دووربخرێتەوە، چونکە دژی عیلمانیەت و پرەنسیپەکانی ئەتاتۆرك کاری کردووە . ئەیەوێت دین لەسیاسەتەوە بگلێنێت (Narli,1999,P.41) .

دیسان، سوپا لە (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠) بە سەرکردایەتی جەنەراڵ "کەنعان ئیفرین" کودەتای کردەوە، فەرمانڕەوایەتی ولاّتەکەیان گرتە دەست، ئاگادارینامەیەکیان بۆ هەموو حزبە سیاسیەکان ناردو، سەرکردەو ڕابەرەکانیان گرت و ڕادەستی دادگاییان کردن..لەنێویاندا "ئەربەکان" و (٣٣) کەسیان لە سەرکردەو کەسە دیارەکانی حزب گرت، لە (٢٤ی نیسانی ١٩٨١) ئەربەکان ڕووبەڕووی دادگای سەربازیی کرایەوەو، چەند تۆمەتێکیان دایە پاڵ، کەهەڕەشەیە لەسەر سەوابیتەکانی کەمالیزم و عیلمانیەت. ساڵی (١٩٨٥) ئەربەکان لەزیندان هاتەدەر، لەژێر فشار و چاودێریی دا دیاننا، ساڵی (١٩٨٦) بۆ ئەنجامدانی عەمرە چوو بۆ مەککە ... کە گەڕایەوە دەستی کردەوە بەکاروچالاکی و حزبی " ڕەفاه" ی دامەزراند .

ئیتر لەدوای کودەتای (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠) ەوە، حزبی سیاسیی چووە ناو بارودۆخێکی ترەوە، لە(تەمموزی ١٩٨٣)دا حزبی ڕەفاه یان دامەزراند، لەسەرەتاوە وەك مناوەرەیەکی سیاسیی، بەشێوەیەکی کاتی سەرۆکایەتییان بە"ئەحمەد تیکدال" سپارد، دواتر لە(١٩٨٧) ئەربەکان خۆی گەڕایەوەو سەرۆکایەتی حزبی گرتە ئەستۆ، کاروچالاکییان بەڕێگەی

دینی و سۆفییەوە بەتایبەت ڕێبازی قادری و نەقشبەندییەوە بردە قۆناغێکی نوێوە . چونە ناو خوێندنگەو پەیمانگە دینی و کۆلێژەکانی شەریعەوە، دامەزراوەی زیاتریان دامەزراند ..

ئۆزاڵ، یەکێك بو لەوکەسایەتیانەی حزبەکەی خۆی، کە هاوسۆزییەکی باشی لەگەڵ ئیسلامیەکان هەبو، لەسایەی ئەودا کاروچالاکییە ئیسلامییەکان گەشەی سەند، تا ئەهات دەنگی حزبەکەی ئەربەکان لەهەڵبژاردنەکاندا زیادی ئەکرد .. دیارترین ڕووداو ئەوەبو کە لەمیانەی پێکهێنانی حکومەتێکی ئیتیلافی لەگەڵ حزبەکەی (تانسۆچیلەر)دا، نەجمەدین ئەربەکان ساڵی (١٩٩٦) بوو بەسەرۆك وەزیرانی تورکیا .. بەم شێوەیە بۆ یەکەمجار لەمێژووی حزبی ئیسلامی دا، سەرکردەیەکی سیاسیی ئیسلامی دیار، لەلوتکەی دەستەڵاتدا ئەبینرێت لەحکومەتێکی عیلمانی دا ( Report and Information, 2010,P. 31).

جارێکی تر، پەنایان بۆ دروستکردنی حزبێکی تری ئیسلامی سیاسیی بردەوە :

**حزبی " فەزیلە"**یان لە(کانونی یەکەمی ١٩٩٨) پێکهێناو، هەندێك ناو دیاریکرا بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی حزب بگرنە دەست لەوانە: ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کە سەرۆکی شارەوانی ئیستانبوڵ بو، مەلیح گۆکشیك سەرۆکی شارەوانی ئەنقەرە، عەبدوڵڵا گویل کەسی بەرپرس لە پەیوەندییە دەرەکیەکانی حزب، وە بولَند ئەجاوید ئەندامی پەرلەمان و وەزیری پێشوتری کاروباری ووزە.. لە(٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٢) دادگای دەستوری تورکیا بڕیاری داخستنی حزبی (فەزیلە) شی دەرکرد، بە

بیانوی ئەوەی دەستوری تورکیایان پێشێلکردووە، ئەمەش ئەبێت بە چوارەم حزبی ئیسلامی کەدەوڵەت و دادگای دەستوری بڕیاری داخستنی دابێت (Yavuz,2009,p.68) .

دواجار، دوو حزبی ئیسلامی دیکە دامەزرا:

یەکەمیان: حزبی دادوگەشەپێدان (ئاکەپە) بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان. کە حزبێکی ئیسلامی لیبراڵی نوێخواز، کە خواستی ئەوەی هەبو، قەیرانە داراییەکە چارەسەر بکات و، پیاچونەوە بەکاری ئیسلامی بکرێت لەتورکیادا.

دووهەمیان: حزبی سەعادەت، کە هەر هەمان ڕێبازی حزبی فەزیلەی گرتبو، بەشێوەیەکی ترادیشنالانە (تەقلیدیانە) کاریان ئەکرد. کەدواتر لەبەرئەوەی قسەیەکی بۆچاککردنی باری ئابوریی وڵات نیە، ناتوانێت دەنگی پێویست بۆ تێپەڕاندنی بەربەستی (١٠٪) بەدەست بهێنێت (Margulies&Yldizoglu,2009).

ئەبێت بپرسین، کێشەی نێوان ئاکەپەو حزبی سەعادەت لەسەرچی بو؟. جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان ئەم دوو نەواتە چی یە؟. هەرچی ترادیشناڵەکانە "حزبی سەعادەت" هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەبو دەوڵەتی عیلمانی تورکیا پشتگوێ بخەن و، ئەوکەسانە تێکبشکێنن کە شانازی بەو دەوڵەتە تورکیە مۆدێرنەوە ئەکەن کەوا ئەتاتۆرك دایمەزراندووە، هەروەها فۆڕمێکی وایان دابو بەئیسلام و کاری ئیسلامی کە پێویستە دژ بەهەموو بەهاکانی خۆرئاوا بێت، دژی ئەوەش بوون تورکیا بچێتە پاڵ یەکێتی ئەوروپا. بەپێچەوانەوە مۆدێرن خوازەکان (ئاکپارتی) ڕێزی لەکۆماری تورکیای مۆدێرن و میراتگرەکانی ئەتاتۆرك

ئەگرت، دانی بەبوونیاندا ئەنا، بەرنامەشی هەبو کە تورکیا ببێتە ئەندامێك لەیەکێتی ئەوروپا، پاشان بەها خۆرئاواییەکانی وەکو: دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤی پێ پەسەند بو.

لەکۆتاییدا، حزبی دادوگەشەپێدان "AKP" لە (١٤ی ئابی ٢٠٠١) لەلایەن ئەو ئەندامانەی کە لەحزبی فەزیلەو سەعادەت جیابوبونەوە، پێکهێنرا. "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان-Recep Tayyip Erdoğan" یش وەك یەکێك لەفیگەرە دیارەکانی بزاڤی ئیسلامی تورکی و، سەرۆکی شارەوانی پێشووی ئیستانبوڵ، وەك سەرۆکی حزبەکە هەڵبژێردرا (Al-Jazeera Center for Studies,2015).

"بەگشتی، وادیارە هاتنی حزبی سیاسیی بە باکگراوەندێکی ئیسلامیەوە، نەیتوانیوە لە خواست و داواکارییەکانی خۆی لابدات، سوود لەهەڵەکانی خۆی وەربگرێت، بۆیە هەموو جارێك بەبیانوی پێشێلکاریی دەستور حزبەکە داخراوە. حزبە ئیسلامییەکان لەهەر قۆناغێکدا سوودیان لەبارودۆخەکە وەرگرتووە، بەتایبەتی لەئان و ساتی کودەتا کاندا لەتورکیا، لەبۆشایی نەبونی عیلمانیەکاندا، ئەم حزبە ئیسلامییانە برەویان بەخۆیان داوە ".

### ٣-١-٢. سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی حزبی دادوگەشە پێدان

#### ٣-١-٢-١. سیاسەتی نێوخۆیی

حزبی دادوگەشەپێدان (Adalet ve Kalkınma Partisi): خۆی وەك حزبێکی دیموکرات- کۆنزێرڤات پۆلێن کردووە، کەباکگراوەندێکی ئیسلامی هەیە، ڕەتی ئەکاتەوە کەحزبێکی ئیسلامی وابێت دروشمە

ئاینیەکان تێکەڵ بەسیاسەت بکات، بەڵکو لەجیاتی ئەوە حزبێکی مۆدێرنەو ڕەگێکی ئیسلامیانەی هەیە، سەرمایەداریی و بازاڕی کردووە بە بەرنامەی خۆی و تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی تورکیا بچێتە پاڵ یەکێتی ئەوروپا (Sadq,2011,P.41).

پاش ئەوەی حزبی فەزیلەی ئیسلامی کە "ئەربەکان" سەرۆکایەتی ئەکرد، لەلایەن دادگای دەستورییەوە لە(٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠١) هەڵوەشێنرایەوە، گروپێك لە کەسە دیارەکاننی حزبەکە جیابونەوە بە ڕێبەرایەتی "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان "نوێنەرایەتی" تازەگەراو ڕیفۆرم خوازەکان"یان ئەکرد. دوای هەفتەیەك لەدامەزراندنی حزبی سەعادەت لە(١٤ی ئابی ٢٠٠١) سەرۆکی پێشوتری شارەوانی ئیستانبوڵ "ئەردۆگان" داواکارییەکی بۆ دامەزراندنی "حزبی دادوگەشەپێدان" پێشکەشکرد، کە بەحزبی ژمارە (٣٩) دێت لەتورکیادا.. ئەردۆگان ڕەتی کردەوە کە پارتەکەی میراتگری هیچ پارتێکی ئیسلامی بێت، بەقەد ئەوەی میراتگریی دادگەریی و لیبراڵیەتە، کەپێشوتر "عەدنان مەندەریس" ڕابەری بووە (Davutoğlu , 2010, p. 389). لەهەرە بیروباوەڕە دیارەکانی حزبەکە ئەوەبو کە ئەمان ئەرکێکی گەشەپێدانی نیشتمانی لەئەستۆیانەو ئەنجامی ئەدەن. بەمشێوەیە ئاکپارتی لەلایەن ژمارەیەك کەسایەتی سیاسیی تازە لەکۆمەڵێکی حزبی جیاجیای تورکیەوە، پێکهات. لەنێوانیاندا ئەوانەی پێشوتر لە حزبی فەزیلە بون، وەکو ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گویل و بوڵێند ئارینك ... وە هەیانبو لەحزبی "نیشتمانی دایك" ەوە هاتبو وەکو: جەمیل چیچەك و عەبدولقادر ئاکسو، لەحزبی دیموکراتی تورکیش حسین سیلیك و کۆکساڵ توبتان هاتنە ناو پارتی دادوگەشەپێدانەوە. جگە لەهەندێك ئەندامی حزبە چەپە

تورکیەکان.. ئەمانە بەهەموویان متمانەی خەڵکی تورکیایان وەدەست هاورد (Yavuz, 2009, p.10).

هەروەك لای سەرەوە وەبیرمان هێناوەتەوە، دادوگەشەپێدان لەلایەن ژمارەیەکی بەرفراوانی سیاسیی، بەبێ جیاوازی ڕەنگ و دەنگ و بیروباوەڕی سیاسیی و ئاینی پێکهێنراوە، دروستبونەکەشی لەکاتێکدابوە، کە بۆشاییەکی سیاسیی لەئارادا بوە، چونکە خەڵك و سیاسییەکانیش بڕوایان بەحزبەکان و پەرلەمان نەمابو، کەپێشوتر کاریان تێداکردبو، لە ڕۆژگارێکدا کەباری ئابوری وڵات ڕۆژ بەدوای ڕۆژ خراپ و خراپتر ئەبوو، هەر ئەمەش پاڵی بەسیاسیەکانەوەنا کەهیچ نەبێت بنچینەیەکی گرنگ کۆیان بکاتەوە، ئەویش ڕزگارکردنی نیشتمان لەو قەیرانە قووڵەی تێی کەوتووە، تا بەرەو ئاستی ڕەفاهیەتێکی ئابوریی ببەن. بەدوای سیاسەتی گەشەپێدانی بەردەوام بکەون، بێ ئەوەی لەگەڵ دامەزراوەی سەربازییدا بەیەکدا بکێشن (Saed,n.d,p.471) .

ئەردۆگان بەڕێگەی هەڵبژاردن بو بەسەرۆکی حزب و، گرنگترین بنەماکانی کە حزبی دادوگەشەپێدان بەرگریی لێ ئەکات بریتییە لەمانە:

١- پرەنسیپی کۆماریی مەرکەزیی یەکگرتوو، کە پشت ئەبەستێت بەبنەماکانی دیموکراتیەت و عیلمانیەت، دەوڵەتی مافە کۆمەلایەتیەکان بێت .

٢- پرەنسیپی بەرجەستەکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان و، داڕشتنەوەی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان.

٣- پرەنسیپی زەمانی یەکسانی لەباج و دابەزاندنی باج و دابەشکردنی بەشێوەیەك کەلەگەڵ ژێرخانی کۆمەلایەتی وڵاتدا بگونجێت.

٤- پرەنسیپی پێداگرتنی حزب لەسەر ڕەتکردنەوەی هەموو شێوەکانی ئەشکەنجەدان و تیرۆر و ئیهانەکردن.

سەرۆکی حزب خوێندنەوەی بۆ ئەوە کردووە، کە سیکۆلاریزم بابەتێکە لەڕێگەدایەو، بەوەی کەدەوڵەت بێلایەنە لەئاراستەکانی بیرکردنەوەو بیروباوەڕدا، ئەمەش نیشاندانی وێنەیەکە لەزامنکردنی دیموکراتیەت . (Balci& Kardaş, 2012, p. 111)

لەبەرئەوەی ئاکپارتی لەتورکیا، تێکەڵەیەکە لە(٣) تەیاری سەرەکی کە:حزبی فەزیلە خاوەنی دەستپێشخەرییەکەیەتی، وە باڵێکی نەتەوەییش کە لەحزبی بزوتنەوەی نەتەوەیی جیابونەتەوە، ئینجا باڵێکی لیبراڵی جیابوەوە لەحزبە لیبراڵە جیاوازەکان، هەریەکە لەم سێ پارچەیەش بەشێوەیەکی ڕانەگەیەنراو هەیمەنەی سوپاو سەربازیان بەسەر ژیانی سیاسیی و مەدەنییەوە رەتکردۆتەوە. هەروەها چەمکی دەوڵەتی دامودەزگایی "موئەسەساتی بون" کاراتر بکەن، لەبەرنامەکەیاندا پاشگەز نەبونەوە لەپرۆژەی چونەپاڵ یەکێتی ئەوروپا، کەمکردنەوەی دەستەڵاتی سوپا لەبڕیارە سیاسیەکان بەهەند وەرئەگرن .(Aydin&Cakir,2007,P.3)

بۆیە توانییان خێرا قەناعەت بەهاولاتیان بکەن، لەلایەن هاونیشتمانیانیشەوە متمانەیەکی زۆریان پێدرا.. بەوجۆرە حزبی دادوگەشەپێدان لەهەڵبژاردنی (نۆڤەمبەری ٢٠٠٢) سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد، بردنەوەیەك کە بۆ (٣) هەڵبژاردن بەدوای یەکدا تاکە حزب بێت زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بەدەست بهێنێت. بەلاّم لەگەڵ ئەمانەشدا قەدەغەکرا کە ئەردۆگان ببێتە سەرۆکوەزیران، بەهۆی ئەوەی کە لەساڵی (١٩٩٤)دا چیرۆکێکی خوێندۆتەوە کە ئینتیمای تەواوە بۆ

ئیسلامیەکان، بۆیە عەبدوڵڵا گویل پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت، دواتر لەساڵی (٢٠٠٣) ڕێککارییان لەدەستوری تورکیادا کرد، بەشێوەیەك ڕێگەیدا کە ئەردۆگان ببێتە سەرۆکوەزیران ... لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٧) دا حزبی دادوگەشەپێدان (٤٧٪) ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، ڕێژەی دەنگەکانی دابەزی بۆ (٣٤١) کورسی پەرلەمانی. دووبارە ئەردۆگان یان ڕاسپارد کە حکومەت پێك بهێنێت و، پۆستی سەرۆك کۆماری تورکیاش بە عەبدوڵڵا گویل ڕاسپێردرا (Sumer,2013,P.10) .

لە(نیسانی ٢٠٠٧) سوپای تورکیا لەڕێگەی پێگەی ئەلیکترۆنیەوە، حکومەتی تورکیای ئاگادارکردەوە لەو سیاسەتانەی گرتویەتیە بەر بۆ کەمکردنەوەی هەیمەنەی سوپا پەشیمان بێتەوە، حکومەت ئەم هەوڵەی بەهەڕەشەو سەرەتایەك بۆ کودەتا وەرگرت. بەتایبەت لەکاتێکدا کەجەماوەری حکومەت بەسەرکردایەتی ئاکپارتی لەزیادبوندا بو، بەگشتی لەدوای بەیاننامەکەی سوپاوە، هەستی یان کرد کە حزبەکە ئەبێتە قوربانی لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دا، بۆیە دادگای دەستوری جەولەی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری لابرد.. ئەم ڕووداوە بیرهێنانەوەی ساڵی (١٩٩٦) بو، کە سوپا هەڕەشەی لە نەجمەدین ئەربەکان کردو، بەبێ بەکارهێنانی هێز وایان لێکرد دەست لەکاربکێشێتەوە. بە زانینی ئەوەی کە دادوگەشەپێدان لەنێوان (٢٠٠٢-٢٠٠٧) سەرکەوتوو بووە لەفەرهەمکردنی ئارامیەکی ئابوریی و، زیادکردنی گەشەی ئابوریی بەتێکڕای (٧٪)ی ساڵانە، دەریش کەوت کە دەستەبژێرێکی ئابوریی بەتوانا پاڵپشتی ئاکپارتی ئەکەن. بۆیە پاڵپشتی کردنی جەماوەری بۆ دادوگەشەپێدان زیاتر بوو لەڕووبەڕووبونەوەی سوپادا (Yusf,2009,p.38).

لەگەڵ ئەمانەشدا، هێزەکانی سوپا پەنجەی تۆمەتیان لەسەر ئاکپارتی بو، بەوەی حزبێکە کار بۆ پشتگوێ خستنی عیلمانیەت ئەکات لە تورکیادا، بەڵام ئەمجارەیان دادگای دەستوری بڕیاریدا کە هەیمەنەی سوپا لەناو کاری مەدەنیدا دوورنخاتەوەو، بڕیاری دەستگیرکردنی ژمارەیەك سەرکردەی سەربازیشی دا، کە نیەتیان هەبووە کودەتا بەسەر حکومەتدا بکەن. لەهەڵمەتێکدا پۆلیسی تورکیا: فەرماندەی پێشووی هێزە ئاسمانیەکانی تورکیا جەنەراڵ "ئیبراهیم فیرتینا-Ibrahim Fırtına " و، فەرماندەی پێشووی هێزە دەریاییەکانی تورکیا ئەدمیراڵی خانەنشین " ئۆزدین ئورنیك -Özden Örnek" و (٣٤) ژەنەراڵی سەربازیی تر و، (٩٨) ئەفسەری دەستگیرکرد (Balci& Kardaş, 2012, p. 104).

سەردەمی حکومەتی ئاکپارتی بەدیوێکی تریدا، سەردەمی ئاشتی نێوخۆییە، کە ئەویش خۆی لەپرۆسەی ئاشتی دا ئەبینێتەوە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردوستاندا، ئاشکرایە ئەگەر هەر وڵاتێك لەشەڕدا بێت، لەگەڵ وەها گروپێکی نەتەوەیی کەهەقی مێژوویان لای تورکیایە، ناتوانێت گەشەکردنی ئابوریی بەخۆیەوە ببینێت. بەمشێوەیە تورکیا لەسەردەمی ئاکپارتیدا ئەگەر ناسنامەیەکی هەبێت، بریتی لەبوژانەوەی ئابوریی و خوڵقاندنی موعجیزەیەکی ئابوریی.

قەیرانی ئابوریی تورکیا لەماوەی (١٩٨٠- ٢٠٠٤): گەورەترین قەیرانێکە کە مێژوو لەدوای دووەم جەنگی جیهانییەوە تا ئەوکاتە بەخۆیەوە بینیویەتی، لیرەی تورکی لە(٢٠٠٤)دا بەرێژەی (٤٠٪) لەئاست دۆلاری ئەمریکیدا هێزی خۆی لەدەستدابو، قەرزە دەرەکیەکانی تورکیا لەساڵی (١٩٨٠)دا (١٥,٧) ملیار دۆلار بووە، بەسووی

سالآنەی (١) ملیار دۆلارەوە کە ئەچێتە سەری، لەساڵی (١٩٩٩)دا قەرزەکە (١٠٠) ملیار تێئەپەڕێنێت، بەسووی سالآنەی (٥) ملیاریشەوە کە ئەچێتە سەری. لەسەرووی هەمووو ئەمانەشەوە ئەو قەرزانە کە کراون هیچیان بۆ ژێرخان و پرۆژەی خزمەتگوزاریی بەکار نەهێنراون. ئینجا قەرزە ناوخۆییەکانی تورکیا لەساڵی (١٩٨٠) دا (٧,٩) حەوت ملیارو نۆسەت ملیۆن دۆلار بووە، لەساڵی (١٩٩٩)دا گەیشتبووە (٦٣،٦) ملیار دۆلار ...بەپێی ئابوریزانە تورکەکان: تورکیا لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٠)دا بڕی (٤٢٧) ملیار دۆلار قەرزار بووە، لەکاتێکدا بەهەموو هەوڵی خۆی ئەوسا توانیویەتی سالآنە (١٢-١٥) ملیار دۆلار بەقەرز لەبانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەربگرێت (Ali,2004).

لەماوەیەکی دیاریکراودا، حزبی دادوگەشەپێدان هەنگاوی سەرکەوتوانەی نا بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابوریی، بەنمونە: هەناردەکردن لەتورکیاوە لەساڵی (٢٠٠٢) بایی (٣٦) ملیاربووە، لە(٢٠١٠)ەدا چووە (١٠٢) ملیار دۆلار، داهاتی قەومی تورکیا لە(٢٢٠) ملیاری ساڵی (٢٠٠٢) ەوە گەیشتە (٦١٨) ملیار لەساڵی (٢٠١٠)، تورکیا بووە (٦) شەشەمین ولآتی ئابوریی گەورە لەئاستی ئەوروپادا، داهاتی تاکە کەش لەساڵی (٢٠٠٢) تەنها (٣٥٠٠$) بو، لە(٢٠١٠)دا بو بە (٨٥٩٠$) (Saed,n.d,p. 471) .

هەر ئەمەش وایکرد، کە لەهەڵبژاردنی ساڵی(٢٠٠٧)دا (٤٢،٥٣٢) چل و ملیۆن و پێنج سەت و سی و دوو هەزار دەنگدەری هەبێت لەکۆی (٧٤) ملیۆن دەنگدەر لە(١٥٨٧٠٠) ناوەندی دەنگداندا، بەبەشداری

(١٤) حزبی سیاسی و، لیستی سەربەخۆ، پێشبڕکێ بۆ (٥٥٠) کورسی پەرلەمانی ئەکەن، کە(٧٣٩٣) پاڵێوراو هەبوەو لەناویاندا (٦٩٩) یان سەربەخۆ بون. سەرئەنجام حزبی دادوگەشەپێدان (٣٤١) کورسی پەرلەمانی بەدەست ئەهێنێت (Hssan,2012,p. 46).

وێڕای ئەوەی هێرشێکی زۆر لەلایەن حزبی سەعادەت و ئەربەکانەوە ئەکرایە سەر دادوگەشەپێدان، وەکو ئەوەی ئەربەکان ئەیگوت: "لەو ڕۆژەوەی ئاکپارتی هاتۆتە سەرحوکم، تورکیا بەرگی ئیسلامی داکەندووە".. ئینجا هەر لەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٧) ئەیانگوت: ئەوەی دەنگ بە ئاکەپە بدات ئەچێتە دۆزەخەوە و لەگەڵ ئەوان حەشر ئەکرێت "...ئەربەکان ئەشیگوت:" ئەردۆگان فێڵی کردووەو لەپشتی باخچەی قوتابخانەکەی منەوە هەڵهاتووە" پاشان تۆمەتی تریان ئەدایە پاڵ ئاکەپە کە: " بەکرێگیراون و،بە فەرمانی تەلئەبیب و واشنتۆن لەحزبەکەی ئێمە جیابونەتەوە (Aydin& Chakir, 2007).

بەهەمان شێوە، بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش، لەساڵی (٢٠٠٧) دادوگەشەپێدان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لە کۆی (٨١) پارێزگای تورکیادا، زۆرینەی دەنگەکانی لە (٦٨) پارێزگا بەدەستهێنا.

بەگشتی لەهەڵبژاردنەکاندا ئامانجی ئاکپارتی ئەوە بو، زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت "کە سێ لەسەر چواری دەنگەکانە" تاوەکو چاکسازیی دەستوریی ئەنجام بدات و، خۆشی لە تەڵەزگەی سەرۆکایەتی کۆمار قوتار بکات، کە دوو جەولەیە پەك ئەخرێت، لێرەوە ئاکپارتی وەك حزبی فەرمانڕەوا پرۆژەیەکی پێشکەشکرد بۆ ڕێککاریکردن لەدەستوردا، ڕێککاری (تەعدیلات) ە کانیش ئەمانەی لای خوارەوە بون:

١-هەڵبژاردنی سەرۆکی تورکیا لە ڕێگەی دەنگدانی گەلەوە ئەبێت لە جیاتی پەرلەمان.

٢-ویلایەتی سەرۆکایەتی لە (٧)ساڵەوە کەم ئەکرێتەوە بۆ (٥) ساڵ.

٣-سەرۆك بۆی هەیە جارێکی ترخۆی هەڵبژێرێتەوە بۆ ویلایەتی دووەم.

٤-هەڵبژاردنە گشتی یەکان لەتورکیا لە (٥) ساڵ جارێکەوە ئەکرێت بە (٤) ساڵ .

٥-ڕێژەی دەنگی یاسایی بۆ دەرچونی بڕیارە پەرلەمانیەکان لە دەنگی (٣٦٧) ئەندامەوە ئەکرێت بە (١٨٤) ئەندام (Ghaul,2011,P. 97).

### ٣-١-٢-٢ . سیاسەتی دەرەوەی ئاکپارتی

کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، سەرەتای گۆڕانێکی گەورە بو لەتورکیادا، هەر لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتدا هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتە سەر ئاسایشی تورکیا، بەتایبەت کە ئەندامیش بو لە ناتۆ دا، هاوکات دەوڵەتی تازەی جۆراو جۆر لە ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و ناوچەی دەریای ڕەش و بولقان سەریانهەڵدا (Davutoğlu, 2010, p. 208). بەم پیودانگەش گۆڕان لە هەموو تورکیا بەتایبەتی لەسیاسەتی دەرەوەیدا ڕوویدا، کە دواجار دەرفەتی تازەی بۆ تورکیا خستە گەڕ، وەکو هێزێکی مامناوەند لەناوچەکەدا کرانەوەو ئازادیی زیاتر بەدەست بهێنێت لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەیدا،سەرکردایەتی ئەو

وەرچەرخانە دەرەکییەش لەسەروبەندی جەنگی سارد دا،لەلایەن ئابوریزانەکانی پێشوو لەبانکی دەولی و، تورکوت ئۆزاڵ "سەرەتا وەك سەرۆکوەزیران لەساڵی ۱۹۸۳ بۆ ۱۹۸۹ پاشان وەك سەرۆك لە ۱۹۸۷ ەوە تا کاتی مردنی لە ۱۹۹۳" .

ئۆزاڵ، هەستا بە سەرەتایەك لە چاکسازیی ئابوریی لەسەر بنەمای لیبراڵیەتی نویٚ، کەسێك بو بە بیروباوەڕ نزیك بو لە ئیسلامیەکان، بەلاٚم سەرسام بو بە"نیوو- لیبراڵیزم" کە مارگرێت تاتچەر ی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا داهێنەریەتی. ئەمەش وایکردبو کە خۆرئاواییەکان لەتورکیا نزیك بنەوەو، ئۆزاڵ ببێتە سەرەتایەك، بۆ کردنەوەی دەرگای سەرمایەداریی و وەبەرهێنانی بیانی لەتورکیا. هاوکات لەگەڵیشیدا ئۆزاڵ پرەنسیپی (خەسخەسەکردن) ی داهێنا، کە گواستنەوەی ئەرکە لە کەرتی گشتی یەوە بۆ کەرتی تایبەت (Sumer,2013,p.6) .

لە ساڵی (۲۰۰۲) بەدواوە، لە سەردەستی حوکمڕانی پارتی دادوگەشەپێدان (AKP) سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هێدی هێدی و پلە بە پلە بەرەو چالاکبون و بەرفراوانی چوو، بەردەوامبون لە سەر چالاکی و کارەکانی ئۆزاڵ، هەر لەسەردەمی ئاکپارتی دا، تورکیا پیٚ بەپیٚ هەوڵی خۆی دا بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا، ئەندامێتی خۆی لە ناتۆ دا کاراتر کرد. دروستکەرانی بڕیاری سیاسی جەختیان لە باری جیۆ-سیاسیی کردەوەو، گەڕانەوە بۆ خاڵەکانی قووڵایی ستراتیجی لەتورکیا، بەجۆرێك هەڵکەوتەکەی لە ناوەندی بولقان و قەوقاز، وە ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست دایە، وەك مەڵبەندێك بۆ پیاتێپەڕین و گواستنەوەی ووزە لە: ئاسیای ناوەڕاست، قەوقاز، ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست..

**توركیا دەستی دایە پرۆژەیەكی تر، وەكو: هێزێكی ئیقلیمی گەورە لەگەڵ تموحاتەكانیدا بیكات بە یاریكەرێكی كارا و دەستەلاتێكی جیهانی . هەرچەندە بەهۆی چارەسەرنەكردنی پرسی كورد و دان نەنانی تەواوەتی بەمافەكانیاندا، گرفتی نێوچەیی و ڕێگری ناوخۆیی بۆ توركیا دروست ئەكرد** (Stern&Ross,2013,P. 116) .

**لەبەرئەنجامی كارابونی زیاتری سیاسەتی دەرەوەی توركیا، لەناوچەیەكی ئێجگار بەرفراواندا، توركیا: پۆستی ئەمینداریی گشتی لە ڕێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامی** (OIC) **وەرگرت، سیفەتی (چاودێر) ی پێ سپێردرا لەجامیعەی عەرەبی.. چووە پاڵ كۆمەڵەی** G-20 **وەك گەورەترین ڕووگەی ئابوریی جیهانی، ئەندامێكی ناهەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو-دەوڵەتی بۆ دانرا، دانانی یاریدەدەری ئەمینداری گشتی لە پەیمانی ناتۆ لەلایەن توركیاوە، ئینجا لە ئەمینداریی گشتی ڕێكخراوی ئاسایش و هاریكاریی و گەشەپێدان** (OECD)**..ئەوسا هەوڵی بەدەستهێنانی كورسیەك لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی** (IMF) **و ئەنجومەنی جێبەجێكردن لە بانكی دەولی** .(Sumer,2013,p.8)

**تەنانەت توركیا لەماوەی (٢٠٠٢-٢٠٠٨) دا، سەركەوتو بو لە كەمكردنەوەی دوودڵی و ڕاڕایی دراوسێكانی بەرانبەر خۆی، نزیكبونەوەی سیاسیی و ئابوریی بە كردار لەگەڵ : سوریا، ئێران، ڕووسیا، وە دووریش كەوتەوە لە كێبركێی جیۆسیاسیی و بەكارهێنانی پێگەكەی بۆ دژایەتی ئەوانی تر ..سیاسەتێكی واقیعی بەكارهێنا لەپێناو مەسەلەی لە قوبرس دا، مامەڵەیەكی گونجاوی لەگەڵ قەزیەی ئەرمەنی دا كرد، هەنگاوی نا**

بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یۆنان، کۆششێکی دیبلۆماتی دەستپێکرد بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی سوریاو ئیسرائیل، وە فەلەستین و ئیسرائیل، تا دواتر تورکیا خۆی پەیوەندییەکانی تێکچوو لەگەڵ ئیسرائیل لە (٢٠٠٩) دا . هەڵبەت ئەندازیاری هەموو ئەم سیاسەتە دەرەکیانەش (د: ئەحمەد داود ئۆغلۆ) وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا بو (Aydin&Cakir,2007,P. 4) .

هەرچی ڕۆڵی ئەمریکایە، بونێکی گرنگ و مێژووییە لەناوچەکەدا، پەیوەندیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکی مێژووییە، پەیوەندیی ئەمریکا و تورکیاش ئەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی سارد لە (١٩٤٥) ەوە دەست پێ ئەکات، کە تەماسێکی توندی ئابوریی و سیاسیی و ئەمنی لەنێوانیاندا هەبووە، بەلای ئەمریکاوە تورکیا دۆستێکی ستراتیجییە و ئەتوانێت لەناوچەکەدا ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت، هەم لە ماوەی جەنگی سارد و، دواتریش لە ململانێ نوێیەکانی لەگەڵ ڕووسیا، هەم لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا تورکیاو ئیسرائیل دوو هاوپەیمانی گرنگی ویلایەتە یەکگرتوەکانن . نەك ئیمڕۆکە بەڵکو لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئەمریکا هەوڵی هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکیا هەیە بۆ ڕێکخستنی هەژمونی بەریتانیا لەناوچەکەدا، لەو سۆنگەیەی کە بایەخێکی جیۆ-ستراتیجی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە لە وڵاتانی عەرەب (Olson,2013,P.14) .

سەرباری ئەوەشی، تورکیا تاکە دەوڵەتی ئیسلامییە،کە ئەندامە لەپەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) و سنوری لەگەڵ نیشتمانی عەرەبیدا هەیە،بەشێکی گرنگیشە لە سیستەمی خۆرهەلاتی کە ئەمریکاو

ئیسرائیل بەرژەوەندییان لەدروستکردنەوەیدا هەیە.لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا ،ئەبینین ئەجێندەی پەیوەندیی ئەمریکی – تورکی لەدەوری چەند خاڵێکی گرنگ ئەخولێتەوە :

١- دروستکردنی هێڵێکی بەرگریی لەبەرەی پێشەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سۆڤیەت .

٢- هەستکردنی پێشوەختەو خوێندنەوەی وورد بۆ بایەخی ڕۆڵی تورکیا لەناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست .

٣- تورکیا خۆی ویستی هەیە پارێزگاری لە بارودۆخی نێودەوڵەی بکات کە ئارامییە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە.

٤- سوود وەرگرتن لە پێگەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ چوونە پاڵ یەکێتی ئەوروپا .

٥- ویلایەتە یەکگرتوەکان باوەڕی بەوە هەیە کە تورکیا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، وە زۆر کاری سیاسیی تایبەتی کردووە لەو بارەیەوە .

٦- تورکیا ئەخوازێت هاوکاری سەربازیی و ئابوریی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان وە دەستبهێنێت .

٧- تورکیا پێویستی بە دروستکردنی سوپایەکی بەهێز و ڕاهێنراوی باشە، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان، بەتایبەتی ولاّتانی دراوسێ .

٨- تورکیا "بەتایبەت لە قۆناغە هەستیارەکان" دا بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکانی، پێویستی بە هاوپەیمانێتی هەیە لەگەڵ ئیسرائیل تا لە ڕێگەی ئیسرائیل و لەدەرگای پشتەوە بچێت بۆماڵی ئەمریکا ( Balci& Kardaş, 2012, p. 101).

جگە لەمانەش، ویلایەتە یەکگرتوەکان تەمویلی ماددیی بەشێکی زۆر لەتێچووی تازەکردنەوەی فڕۆکەکانی تورکیای کردووە، کە لە ڕێککەوتنی ساڵی (١٩٩٦) دا لەگەڵ ئیسرائیل کردویەتی . ئەمریکا بەشداری زۆری لە مناوەراتی سەربازیی تورکی – ئیسرائیلی دا کردووە، وەکو مناوەراتی ساڵی (١٩٩٩)، مناوەراتی (کانونی دووەمی٢٠٠١) لە دەریای ناوەڕاست، مناوەراتی (حوزەیرانی ٢٠٠١) و، مناوەراتی (ئابی ٢٠٠٧). هەر بۆیەش ئەمریکا دوای گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل، بۆ زامنکردنی پەیوەندییە لە بەرژەوەندیی خۆی، کەسێکی یەهودی ئەمریکی ئەکاتە باڵوێزی خۆی لە ئەنقەرە، بەو پێیەی سەفیرێکی جولەکە باشتر ئەزانێت پێداویستیەکانی ئیسرائیل لە ئەنقەرە چۆنن و چین (Olson,2013,p.10).

"بەم مانایانەش، ئەتوانین بڵێین: پەیوەندیی ئەمریکی – تورکی، ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە پەیوەندیی تورکی – ئیسرائیلییەوە . ڕاڕایی و ساردبونەوەی پەیوەندیی لە نێوان تورکیاو ئیسرائیلدا، ڕاستەوخۆ ساردبونەوەو ڕاڕاییە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیادا . چونکە لۆبی سەهیۆنی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیادا" .

جیاوازییەکانی نێوان تورکیاو ئەمریکا، دوای هاتنی حزبی دادوگەشەپێدان لە (٢٠٠٢) بۆ دەستەلاًت سەریهەڵدا، کاتێك کۆنگرێسی ئەمریکا ڕەزامەندی نیشاندا کە هێزەکانی ئەمریکا لەخاکی تورکیاوە هێرش بکەنە سەر عێراق، بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی (سەدام حوسەین) لە (٢٠٠٣) لەگەڵ ئەوەی ئەردۆگان وەك کەسی یەکەمی

حزبی دادوگەشەپێدان حەزیدەکرد ئەمە ڕووبات، بەڵام پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ ڕەتی کردەوە ڕێگە بە هێز و بنکەکانی ئەمریکا بدات لەخاکەیەوە هێرش بکەنە سەر عێراق ..!.

ئایا جێگەی پرسیار نییە ،کە ئاکپارتییەك (٥) مانگ بێت، هاتبێتە سەر حوکم، ڕێگە بە بڕیارێکی چارەنوسسازی کۆنگرێسی ئەمریکا بگرێت ؟.

بەگشتی، ئاکپارتی لەدوای هاتنی بۆ سەر حوکم، دەستی دایە ڕێچکەیەك لەسیاسەتکردن، کە پلە بە پلە کاریگەریی ویلایەتە یەکگرتوەکان کەمبکاتەوە، بەبۆنەی کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێ لە ڕووی جوگرافیەوە، وەزیری دەرەوەی تورکیا "عەبدوڵڵا گویل" لە (١٤ی شوباتی ٢٠٠٤) سەردانی کوەیتی کرد، بۆچی .؟. بۆ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ئەمنی  و ئابوریی و سیاسی لەسەر شێوەی یەکێتی ئەوروپا، هەموو وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی یەکێتی ڕۆژهەڵاتیی ناوەڕاستدا، وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ پرۆژەی ئەمریکی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەمریکا لە دوای (١١ی سێپتەمبەر) ەوە دەستی دابویە (Mlkawy,2013,P.28) .

پرۆفیسۆر (د. ئەحمەد داود ئۆغلۆ) لە کتێبی " قوڵایی ستراتیژیی" دا، نوسیویەتی :" تورکیا لەڕابردووشدا یاریزانێکی نێودەوڵەتی گەورەبووە،بەڵام بەخۆی نەزانیوە کە خاوەنی : دەمارێکی بەهێزەو، ماعیدەیەکی لاوازی هەیە،لەگەڵ ئەمەشدا دڵی کێشەی  هەیە و دەماغیشی مامناوەندە (Davutoğlu,2010,p. 634). بەواتایەکی تر سوپایەکی بەهێز و ئابورییەکی لاوازیی هەیە، بەڵام متمانەی بەخۆی لەدەستداوە، وە بیرکردنەوەی ستراتیجیشی باش نەبوە.

لەدوای ئەمە دەبینین، تورکیا جگە لەوەی نێوەندگیریی " وەساتەت" ی جۆرجیا و ڕوسیا لەلایەك و، سوریاو ئیسرائیلی لەلایەکی ترەوە کردووە " لەسەر دەستی داود ئۆغلۆ " . لەسەرەتای هاتنی ئاکپارتییەوە تورکیا بۆخۆی بەدوای پەیڕەوکردنی (ستراتیژییەتی سەرە سێگۆشە) کەوت. کە بۆهاتنە سەر دەستەلاتی دادو گەشەپێدان لە سالّی (٢٠٠٢) پلانیان بۆ دانابوو، کە پشت دەبەستێت بە (٣) ئامانجی سەرەکی :

یەکەم: ئاشتی ناوخۆیی "پەیوەندی بە پەکەکەوە هەیە".

دووەم: شەرعیەتی ناوچەیی.

سێهەم : پەیوەندی و یارمەتی و تەماسگرتن لەگەڵ ئەوروپاو ئەمریکا(Balci &Kardaş, 2012, p. 104).

بە پوختی: حزبی دادوگەشەپێدان لەماوەی (٢٠٠٢-٢٠٠٨) دا، سەرکەوتوو بو لەوەی کە لەژێر عەبای حزبی ئیسلامی سیاسیی هاتەدەر، کە پێشووتر میتۆدێکی ئەربەکانی بو، ڕێبازێکی تازەی بۆ خۆی دیاریکرد لە مامەڵەکردن لەتەك واقعێکی تازەدا، کە ئەمە ئەو تورەییە بو، حزبە ئیسلامیەکان لەسەرووی هەموویانەوە ئەربەکان دژی بون لەلایەك، وە دامودەستگای عیلمانی سەربازیی لەلایەکی تر دژی بون .لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی ڕووبەڕووی دادوگەشەپێدان بۆیەوە، توانیتی ئاستێکی باش لە گەشەپێدان بۆ وڵاتەکەیان فەراهەم بکەن، گرنگترینیان گەشەی ئابوریی بو، جێ بەجێ نەکردنی مافە ڕەواکانی کوردی لێ دەربکەین، کە وەك پێویست نەیانتوانی پرسە مێژوویيەکە چارەسەر بکەن، بەگشتی توانییان ئازادییەکانیش لەو

ماوەیەدا بەرجەستە بکەن، هەروەها توانییان چاکسازیی دەستوریی ئەنجام بدەن، کە گرنگترین پرسێك بو، هاونیشتمانی تورکی کرد بەخاوەن بڕیار .

هەروەکو سیاسەتی " قوولاّیی ستراتیجی" و سفرکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ دەوروبەر، وە سیاسەتی فرە ڕەهەندی کە حکومەتی تورکیا کاری لەسەر کرد بۆ ئیحتیواکردنی ناوچەکەو ویلایەتە یەکگرتەکان، هێزی حزبەکەی لەناوخۆی تورکیادا زیاتر کرد لە ڕووبەڕووبونەوەی سوپای عیلمانی تورکیادا، توانییان سەرکەوتوانە بەرەبەرە دەستەلاّتی سوپا کەم بکەنەوە . بەگشتی لەماوەی (٢٠٠٢-٢٠٠٨) دا پارتی دادوگەشەپێدان حزبێکی باوەڕپێکراوی ناوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانی بو، متمانەیەکی زۆری لەسەر هەڵچنرابو لە ئاستی ناوخۆی تورکیادا .

### ٣-٢. حزب و کاریگەریی لە وێناکردنی سیاسەتی ئیسرائیلدا.

گرنگترین دیاردەیەك لە ئیسرائیل کە سیستەمی حزبایەتی پێ بناسرێتەوە، بریتی یە لە " فرە حزبی"، تیایدا حزبی جۆراوجۆر هەیە کە هەریەکەیان بە بەرنامەو هزرێکی ڕۆشن ئەیانەوێت وێنا و ئیدارەی سیاسەتی ئیسرائیلی بکەن، وە کاریگەریی خۆیان هەبێت . (Alawy,2008,p.1)

فرەحزبی لەهەر شوێن و کاتێك دیاردەیەکی ئاسایی ناو سیستەمی حزبایەتیە، وەك ئاماژەیەك لە بونی دیموکراسیەت، بەلاّم بۆ ئیسرائیل دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشەو بۆتە ناسنامەی سیستەمەکەشی؟. چونکە لە ڕووبەرێکی بچوکی ولاّتەکەیان کە (٢١٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، لەسەر لم گەورەترین ولاّتی کشتوکاڵیان دروستکردووە، بەبەردەوامی زیاد

له (١) ملیار دوژمنیان هەمیشەیی یان هەبوە، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانیان نەگەشتۆتە (٢) ملیۆن کەس.. ئینجا له ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا که دیموکراسیەت ڕووەکێکه تیایدا ناڕوێت، جولەکەکان لەدامەزراندنی ولاتەکەیان دا، جگه لەئەرکه هەستیارەکان، دیموکراسیەت و فرەحزبی و فرە ڕەنگیان بۆ ناوخۆی خۆیان له یاد نەکردووە (Al-Jazeera Center for Studies, 2015).

جگه لەدیموکراسی، سیفەتێکی تر له سیستەمی حزبایەتی ئیسرائیل دا، بریتی له لێکترازان و جیابونەوەو دروستبونی حزبی نویێ، ململانێ و کێبرکێی حزبەکان بۆ گەیشتن به دەستەلات، لەکاتی نزیکبونەوەی هەلبژاردنی کەنیسەت (پەرلەمان) ی ئیسرائیلی، ئەبێته هۆی سەرهەلدانی تەکەتولات و ئینشقاقاتی حزبی و، پێکهێنانی حزبی نوێ. هەروەکو "ئارئێل شارون " هەستا به دامەزراندنی حزبی " کادیما" لەسالی (٢٠٠٥) پێش هەلبژاردنی کەنیسەتی ئیسرائیلی له (٢٠٠٦) دا .

له مێژووی هاوچەرخ دا، حزبه سیاسییەکان لەهەر دەولەتێك له دەولەتەکان بن، کاریگەرییان لەسەر سروشتی سیاسیی و یاسایی ناو سیستەمه سیاسیەکه هەیە، هەروەکو جۆری سیستەمه حزبیەکەی که لەدەولەتێکی دیاریکراودا جێبەجێ ئەکرێت کاریگەری لەسەر هەیکەلی سیستەمه سیاسیەکه هەیە، بەتایبەتیش لەسەر بونیادی دەستوریی ولاتەکه کاریگەریی خۆی ئەخات، هەروەها کاریگەریی له وێناکردن و ئیدارەی سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی دەولەت هەیە (Hillel,2015).

له ڕوانگەیەکی ترەوە، تایبەتمەندییەکی تر لە حزبی ئیسرائیلیدا هەیە، کە هەندێکیان پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل هەبون، لەکاتێکدا ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٤٨) دامەزراوە، هەروەك بەشێکی تری حزبەکان لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتەکەوە دروستبون، هەر لەسەرەتاوە پشت یان بە "فرە حزبی" بەست، لەبەر ئەوەی ئەیانزانی دیاردەی فرەحزبی لە ژیانی سیاسیی دا ئەبێت و (بوو) بە دینگەیەکی سەرەکی لەناو سیستمە سیاسییە هاوچەرخەکاندا.

بۆخۆی دروستبونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٤٨) بەرئەنجامی بزوتنەوەیەکی دینی و سەهیۆنیە، جیاواز لە پێکهاتەی حزبە سیاسیەکان لە دیموکراتیەتی خۆرئاوایی دا، کە پەرلەمان و هەڵبژاردن یاخود فاکتەری دەرەکی بنەمای دروستبونیانە.

حزبی ئیسرائیلی بە پێی پرەنسیپ و ئاڕاستەی سیاسی یان بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن ئەکرێن:

١- حزبی کرێکاران
٢- حزبە پارێزگارەکان (موحافزکارەکان)
٣- حزبە دینیەکان
٤- حزبە مارکسیەکان
٥- حزبە عەرەبیەکان (Alawy,2008.p.5).

ئێمەش لەچوارچێوەی تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەیەماندا، (٥) پارتی جیاوازی کاریگەریی ئیسرائیلی ئەناسێنین، کە لە پەرلەمان و ناوەندەکانی بڕیاردا، ڕۆڵی سەرەکییان لەمامەڵەکردن بە پرسی سیاسەتی

دەرەکی و ناوەکیەوە هەیە، بەتایبەت دیدوبۆچونیان لەسەر شەڕی عەرەب- ئیسرائیل . کە لە بەرنامەی کاتی هەڵبژاردنی حزبەکاندا، هەریەکەیان ڕێگەو میتۆدێکی بۆ ئەم پرسە مێژووییە چارەنوسسازە هەیە:

### ٣-٢-١. **حزبی لیکیود** (Likud Party)

لیکیود پارتی: ساڵی (١٩٧٣) دامەزراوە، دوای ئەوەی هەردوو حزبی (حیروت) و (لیبراڵی) یەکیان گرت، حزبی لیکیود یان پێکهێنا،کە زیاتر حزبێکی ڕاستڕەوی مامناوەندە، لە دیارترین سەرکردەکانی : "موناحیم بیگن، ئیسحاق شامیر، ئارئێڵ شارون، بنیامین نەتەنیاهو "(Harbi, 2008). ئەم حزبە چەندین جار دەستەڵاتی سیاسیی لە ئیسرائیل وەرگرتووە، لەماوەکانی ( ١٩٧٧-١٩٨٤) وە (١٩٨٦-١٩٩٢) وە (١٩٩٦-١٩٩٩) وە (٢٠٠١-٢٠٠٥) (Alawy,2008.p.15).

لە گرنگترین هەڵوێستەکانی "لیکیود پارتی" لە میانەی ململانێکانی ئیسرائیل - فەلەستین و پرۆسەی ئاشتی دا، بریتی لە:

١- دژایەتی کشانەوەی کرد لەو زەوییە عەرەبیانەی کە ئیسرائیل داگیری کردبو، داگیرکردنی ئەو ڕووبەرە زەوییانە لەمیانەی جەنگی وولاتانی عەرەبی و ئیسرائیل دا بوە، لەماوەی سالانی (١٩٤٨-١٩٥٦-١٩٦٧ -١٩٧٣).

٢- پاڵپشتی هاونیشتمانیە سەهیونیەکانی کرد لە زەویی فەلەستینی و ناوچەکانی جۆلان دا.

لە ئەنجامی ململانێیەکی فکری دوورو درێژ لەناوخۆی حزبی لیکیود، لەنێوان ئارئێل شارۆن و ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی دا، دوای ئەوەی شارۆن لە

(هاوینی ٢٠٠٥) تاکلایەنە هەستا بەجێبەجێکردنی پلانی کشانەوە لە کەرتی غەززە، ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر کارنامەی حکومەتەکەی کرد، گەیشتە ئەوەی حزبی لیکیود لە حکومەت بکشێتەوەو، میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی پێشوەخت ڕابگەیەنن . (Mustafa,2015)

پاشان بووە هۆی ئەوەی ئارئێل شارۆن لەگەڵ هەندێ ئەندامی دیاری تر لە حزبی لیکیود بکشێنەوە و،حزبێکی تازە بەناوی حزبی " کادیما" ڕابگەیەنن ..سەرباری گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردن و،ئەو بومەلەرزەیەی کەوتە ناو حزب و حکومەت، کەچی هێشتا حزبی لیکیود لە هەڵبژاردنی (١٩ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥) دا بەڕابەرایەتی بنیامین ناتانیاهو توانی سەربکەوێت . "ناتانیاهو-**Netanyahu**" گوزارشتە لەکەسێکی توندڕەوی ڕاستگەرا لەبەرانبەر پرسی فەلەستین، بەتایبەتی لەوکاتانەی کە حکومەتی فەلەستینی بزوتنەوەی بەرگریی ئیسلامی "حەماس" ی دروستکرد بو (Mustafa,2015) .

لە (١٧ ئازاری ٢٠١٥) یشدا، حزبی لیکیود توانی (٢٣،٤٪) ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، کە ئەکاتە (٣٠) کورسی لەکۆی (١٢٠) کورسی پەرلەمان، بەمەش لیکیود جارێکی تر هەڵبژاردنەکەی بە ڕێبەرایەتی ناتانیاهو بردەوە (Al-Jazzera,2015).

### ٣-٢-٢. حزبی کاری ئیسرائیلی (The Labor Party)

پارتی کار لەساڵی (١٩٣٠) دامەزراوە، واتە پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسرائیل، لە کۆمەڵێك یەکێتی و سەندیکا پێکهاتووە، کە مۆرکێکی ئیشتراکی یان هەیە بەناوی " مابای" و " معراخ". کە

پەیڕەوی لە عیلمانیەت ئەکەن . لەسەرەتاوە دوو باڵ دەستی یان بەسەر حزبەکەدا گرت، یەکەمیان : هیستادروت (یەکێتی گشتی کرێکارانی یەهود بو لە فەلەستین کە لەساڵی (١٩٢٠) لەچوارچێوەی سەندیکای کرێکاریدا جولەکەکانی فەلەستینی کۆئەکردەوە).. دووەم: بزوتنەوەی زایۆنیزمی جیهانی...دواتر دوو ڕێکخراوی هاگانا (سوپای ژێرزەمینی ئیسرائیلی) و (بلماخ) یان دامەزراند (Saspost,2014) .

بەرهەمی جیاوازیی و ململانێکان لەنێوان ئەندامانی حزبدا، چەندین جار دابەشبون بووە، هەتا ئارامی بەخۆیەوە بینی ناوەکەی ئێستا بووە بە " حزبی کاری ئیسرائیلی"، لەدیارترین دامەزرێنەرەکانی حزب کە دەستەلاتی سیاسییان لە ئیسرائیل وەرگرتووە، وە ڕۆڵیان لە ڕەسمکردنی سیاسیەتی دەرەکی و ناوخۆیی ئیسرائیلدا هەبوە،بریتین لە ( داڤید بن گوریون، گۆڵدا مایەر، شیمۆن پیریز، ئیسحاق ڕابین، ئێهود باراك ).

ئەم حزبە، لەدیارترین ئەو حزبانەیە کە زۆرترین جار گەیشتووە بەدەستەلات لەدوای دامەزراندنی ئیسرائیلەوە، دەستەلاتی وەرگرتووە لە نێوان (١٩٤٧-١٩٧٧) وە لە (١٩٩٢-١٩٩٦)، پاشان لە (١٩٩٩-٢٠٠١) . ئەمە بێجگە لەوەی کە بەشێك بووە لە ئیئتیلافی حکومەت لەگەڵ حزبی لیکیود لەنێوان (١٩٨٤-١٩٩٠) .

جگەلەوەش، پارتی کار ڕۆڵی هەبووە لە پرۆسەی ڕێککردنەوەی ململانێی فەلەستین- ئیسرائیلی لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆ لە واشنتۆن ساڵی (١٩٩٣) . بێجگە لە بانگهێشتکردنی سەرۆکی ئێستای حزب "عومەیر بیرتس" بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ فەلەستین بە بێ مەرج (Alawy,2008.p.14).

پێشوتر حزبی کاری ئیسرائیلی، بەرنامەیەکی سیاسیی ئەمنی هەبو، پاش دەرچونی " عومەیر بیرتس" بە سەرۆکی حزب، بەرنامەی حزبە پتر بوو بەرنامەیەکی کۆمەلاّیەتی، وە گۆڕانکاریی لە ئاستی سەرکردایەتی دا کرد، هەرچەندە دوای کوژران (ئیغتیال) ی ئیسحاق ڕابین لە (٤ ی تشرینی دووەمی ١٩٩٥) ئیتر ئەم حزبە نەیتوانی بگاتەوە دەستەلاّت، بەلاّم بە هۆی هەبونی بەرنامەیەکی کۆمەلاّیەتی بۆ خزمەتکردنی هەژاران و چینی کرێکاران و بەهەند وەرگرتنی داخوازییە میللییەکان، عومەیر بیرتس سالّی (٢٠٠٦) سەرکەوت بەسەر پالّێوراوەکانی تردا، کە زیاتر کەسانی سەربازیی بون(Saspost,2014) .

لە هەلّبژاردنی سالّی (٢٠١٥) شدا حزبی کار ( Labor Party)بەسەرۆکایەتی ئیسحاق هرتزوغ (١٨،٦٪) دەنگەکانی بەدەستهێنا (Al-Jazera,2015) .

### ٣-٢-٣. **حزبی کادیما**-Kadima Party

کادیما: ووشەیەکی عیبریە، بە واتای " بۆ پێشەوە"..ئەم حزبە لە (تشرینی دووەمی ٢٠٠٥) دروستبو (Hillel,2015). دوای ئەوەی ئارئێل شارۆن لە حزبی لیکیود جیابوەوە . شارۆن دوو هەنگاوی گرنگی گرتە بەر، کاتێك لەگەلّ بەشێك لە حزبی لیکیود دا بەکیانداکێشا:

یەکەمیان، داوا لە سەرۆکی دەولّەت بکات بۆ هەلّوەشاندنەوەی پەرلەمان لە (٢١ی کانونی دووەم ٢٠٠٥)

دووەمیان: لە نامەیەکدا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە حزبی لیکیود ڕوون بکاتەوەو، حزبێکی تازەی تر دروستبکات(Saspost, 2014).

حزبی کادیما لە تازەترین حزبەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئیسرائیلیە، کە لەهەمان کاتدا کار لەسەر بەدواداچونی ڕای گشتی لە ئیسرائیل ئەکات، بەتاکە حزب ئەژمێردرێت کە لەو ساڵەی هەڵبژاردنی تیائەنجام ئەدرێت دروستبوەو تیایشیدا سەرکەوت..ئەم بردنەوەیە لەئەنجامی تازەگەرێتی حزبەکە و بۆشایی سیاسیی و دامودەزگایی بو لەوکاتەدا ..کە تیایدا دامودەزگای حزبی بونی نەبو، هەموو بڕیارەکان ئەگەڕانەوە بۆ دەستگای شارۆن، کاتێکیش شارۆن نەخۆش کەوت و شاردرایەوە لە مەیدانی کاری سیاسیی، ئێهود ئۆڵمەرت بوو بە سەرۆکی حزب.. لە دەمی ئێستاشدا،کادیما: سەرەکیترین حزبی سیاسییە کە زۆرترین هێز و جەماوەری هەیە،ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە جەمسەری کەسایەتیە سیاسییەکان لە ڕاست و چەپ لە یەك ڕووگەوە ئەڕواننە ناوەندی ئیسرائیلی.

هەرچی هەڵوێستی کادیما پارتیە، سەبارەت بە ململانێی ئیسرائیل-فەلەستینی و پرۆسەی ئاشتی،ئەوەیە، لەسەرەتاوە بەئاشکرا ڕایانگەیاندووە،کە پابەندن بە " نەخشەی ڕێگا" و ڕەتکردنەوەی هەر مامەڵەیەك لەگەڵ هەر حکومەتێکی فەلەستینی کە بەسەرکردایەتی حەماس بێت(Alawy,2008.p.18).

### ٣-٢-٤. **بزوتنەوەی شاس** - Shass party

حزبی "شاس" بزوتنەوەیەکی دینی سیاسیی کۆمەڵایەتیە، لەسەردەستی ڕابەری دینی یەهودیی (حاخام عوفادیا یوسف) ساڵی (١٩٨٤) دروستبووە، تا ئێستاش ڕابەری ڕۆحی بزوتنەوەکەیە،

نوێنەرایەتی چینێکی دینداری موحافیزکاری یەهودی ڕۆژهەڵاتی ئەکات لە ئیسرائیل (Awda,2015).

دامەزراندنی حزبی "شاس" وەك کاردانەوەیەك بو لەسەر ئەو جیاکارییەی جولەکە شەرقیەکان "سفاردیم" هەستیان پێدەکرد ،کەلەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە لەسەر دەستی دەستەبژێرێکی یەهودی خۆرئاوایی "ئەشکەناز" لەئیسرائیل ڕۆڵیان ئەگێڕا.

حزبی "شاس" تاوەکو ئێستاش، ڕۆڵێکی کارای لە ژیانی سیاسیدا لە ئیسرائیل هەیە،بەپێچەوانەی حزبە دینیەکانی تر لە پەرلەمان "کەنیسەت" کە بەتەنها جەخت لە مەسەلە ئاینیەکان ئەکەنەوەو ئەولەویەت بە پرسی دین ئەدەن، هەوڵیداوە ڕۆڵێکی گونجاو ببینێت و،لایەنگری دانوستانە لەگەڵ فەلەستین، لەهەمان کاتدا هەر دانوستانێکیش لەگەڵ فەلەستین لەسەر ئایندەی شاری قودس ڕەت ئەکاتەوە .

لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا ،حزبی "شاس" بە پلەی سێهەم ئەهات، بەلاّم لەهەڵبژاردنی (٢٠١٥) ەدا ،دەنگەکانی کەمی کردووەو،توانیویەتی ڕێژەی (٥،٧٣٪) دەنگەکان کە ئەکاتە (٧) کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت (Al-Jazzera,2015) .

پرەنسیپەکانی حزبی "شاس" بەگشتی بریتین لە: ڕەچاوکردنی بەها و تەقلیدی یەهودییەت و ئوسوڵیەت لە ئیسرائیل، بەردەوامبون لەسەر ڕێبازی "حاخامەکان" و "سەفاردیم" بەپێی میراتی ڕۆژهەڵاتیانەی یەهودییەکان . پەروەردەکردنی منداڵی ئیسرائیلی لەسەر تەوراتی پیرۆز

و پارێزگاریی کردن لێی، هەروەها هاندان بۆ خۆشەویستی ئیسرائیل و، داواکردنی ئەوەی کە پیرۆزیی ڕۆژی (شەممە) و جەژنە یەهودییەکان بپارێزرێن (Awda,2015) .

### ٣-٢-٥. حزبی یسرائیل بەیتونا (Yisrael Beiteina)

حزبی "یسرائیل بەیتونا یان ماڵی یەهودییەکان - Yisrael Beiteina" دوای جیابونەوەو ترازانیان لە حزبی لیکیود ساڵی (١٩٩٩) بە سەرکردایەتی " ئاڤیگدۆر لیبرمان" دامەزرا. لەکاتێکدا کە ناکۆکیەکی توندیان لەگەڵ بنیامین ناتانیاهو هەبو،سەبارەت بە تەقاندنی مووشەکی ئیسرائیلی بەرەو کەرتی غەززە .

حزبی ماڵی یەهودییەکان،حزبێکی ڕاستڕەوی ڕەگەزپەرستی توندڕەوی ئیسرائیلیە، فەلسەفەکەشی دژایەتی کردنی عەرەب و کۆچپێکردنیانە لەخاکی فەلەستین. هەمیشە جەخت لە بەرجەستەکردنی هێز ئەکاتەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی هاونیشتمانی ئیسرائیلی".هاوکات بایەخ بە کۆچبەری کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ئەدات، لە هەڵبژاردنەکانیشدا دەنگەکانیان مسۆگەر ئەکات (Al-Jazzera,2015).

ئیسرائیل بەیتونا، هەڵمەتێکی بۆ قەدەغەکردنی بەرزکردنەوەی دەنگی مزگەوتەکان دەستپێکرد لە قودس، پرۆژەیەکی دا بە پەرلەمان بۆ یاساغکردنی موکەبەرەو دەنگی مزگەوتەکان، بەو بۆنەیەی کە بانگدان ئیسرائیلیەکان قەڵس ئەکات،ئەم پرۆژەیەش لەلایەن ڕابەری حزب (لیبرمان) ەوە پاڵپشتی ئەکرا، لەکاتێکدا فەلەستینیەکان و

عەرەبەکان لەناوەوە هەنگاوی ڕەگەزپەرستی ئەنێن و بە ئازادی ختوکەی دین و عیبادەت ئەدەن (Mustafa,2015).

لەو پێناوەشدا، ئیسرائیل بەیتونا ساڵی (٢٠٠٩) لە حکومەتەکەی نەتانیاهو بە (٥) بوخچەی وەزاری گرنگ بەشدارییان کرد، لەنێویاندا: وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی گەشتوگوزار، وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆ، هەبوو. لە ساڵی (٢٠١٥) شدا توانی (٨) کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت . (Al-Jazzera,2015)

## ٣-٣. پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان لەماوەی نێوان (٢٠٠٢-٢٠٠٨)

### ٣-٣-١. پەیوەندییە سیاسییەکان

لە سەروبەندی هاتنی ئاکپارتی بۆ سەر دەستەلاّت، بیروباوەڕێکی ستراتیجی لەناو حزبدا دروست بو، لە پای بایەخدان بە دراوسێ نزیکەکان، کە ئەبێت بیرۆکەی قوولاّیی ستراتیجی لەچوارچێوەی هەموو پەیوەندییە سیاسیی و ئابوریی و کەلتورییەکان لەگەڵ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دا کارا بکرێت. بە پێی ئەم سیاسەتەش کە ڕاوێژکاری ئەردۆگان و وەزیری پێشوی دەرەوە و سەرۆکوەزیرانی تورکیا "ئەحمەد داود ئۆغلۆ" دای ڕشتبوو، نەخشەو کارنامەکە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر سروشتی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل دائەنا .(Aydin&Cakir,2007,p.9)

بۆیە، لەدوای هەڵبژاردنی (نۆڤەمبەری ٢٠٠٢) پەیوەندیی تورکی — عەرەبی باشبونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، یەکسەر ئەردۆگان هەموو

باڵوێزە عەرەبەکانی لە ئەنقەرە کۆکردەوە،نیەتی خۆی بۆ ئاشکراکردن کە ئەیانەوێ سەرلەنوێ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ببوژێننەوە، پێشوتریش داواکاریی باڵوێزی ئیسرائیلی لە ئەنقەرە بۆ بینین ڕەتکربوەوە ( Report and Information, 2010, P.25).

لەساڵی ( ٢٠٠٤) ئەردۆگان بو بە ئەمینداری گشتی بۆ ڕێکخستنی کۆنگرەی ئیسلامی، سەرۆك کۆماری تورکیاش لەمیانەی هەڵبژاردنێکدا، بوو بە سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی بۆ هاریکاری ئابوریی و بازرگانی لە وڵاتانی ئیسلامی دا، وە تورکیا وەك ئەندامی چاودێر لە جامیعەی عەرەبی دەست نیشان کرا.. پاشان لە کۆنگرەی پەیمانی ئەتڵەسی کە لەتورکیا گرێدرا، تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی بینی بۆ نزیککردنەوەی پەیوەندییەکانی کەنداوی عەرەبی لەگەڵ پەیمانی ناتۆ، بەئامانجی بەرز ڕاگرتنی ئاسایشی جیهانی و هەرێمایەتی لە میانەی هاوکاری پەیمانی ناتۆ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە . ئەم هەنگاوانەی تورکیا بە ئاڕاستەی وڵاتانی عەرەبی، سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی لوبنان ٢٠٠٦ ی پێوە بو، پاشان توندوتیژیی و تیرۆری ئیسرائیلیەکانی بەرانبەر خەڵکی عەرەبی فەلەستین بەدوای خۆیدا هێنا ( National Defense Magazine,2010) .

لە پەراوێزی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی (٢٠٠٣)، بەرژەوەندییەکانی تورکیاو دەوڵەتانی عەرەبی ڕاستەوخۆ لە ڕووی ئابوریی و ئەمنیەوە زیانی پێدەگەیشت. ئیسرائیلیش لە ڕووی سەربازیی و هەواڵگرییەوە ڕاستەوخۆ دەستی وەردایە کوردوستانی

عێراق، لەگەڵیشیدا دەستی کرد بە ئیبادەو توندوتیژیی دەرهەق بەگەلی فەلەستین . ئا لێرەوە حزبی دادوگەشەپێدانی تورکیا بە فرسەتی زانی بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بچێتە قووڵایی دڵی دەنگدەرەکانیەوە، ڕای گشتی بۆ خۆی بەدەستبهێنێت، هاوسۆزی بۆ مەسەلەی فەلەستین خستە ڕوو، تا لەساڵی (٢٠٠٧) دەنگەکانی زیادبکات. ئەمە بەزانینی ئەوەی کە دەیان ساڵە هەڵوێستی فەرمی تورکیا بێلایەنیە، بەرانبەر مامەڵەکانی ئیسرائیل کە لەسەر حیسابی وڵاتانی دراوسێ و عەرەبی و ئیسلامی ئەیکات (Xamas, 2010, P.11). هەروەکو پێشوتر لەم توێژینەوەیەدا باسمان کردووە،تورکیا لە دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل تاکە وڵاتی موسڵمانە کە خێرا بەفەرمی دانی پیادا نا.

ئەبینین، لە دوای هاتنی ئاکپارتی بۆ دەستەڵات لە تورکیا،ڕەخنەی توند لەلایەن ئیسرائیلەوە لەسەر ئەو گوتارە سیاسییە توندەی تورکیا ئەگیرێت،کە تیایدا ووشەی توندو بێ چەندوچون بەکارئەهێنن، وەك ئەوەی ئەڵێن: ئیسرائیل داگیرکاری خاکی فەلەستینە، تیرۆر و ڕەگەزپەرستی و کوشتنی ئەنقەست و ئیبادەکردن ئەنجام ئەدات (Nasr,2013).

بەهەمان شێوە هێرشەکانی ئیسرائیلیش دژی فەلەستینیەکان هۆیەك بوو بۆ ڕاڕایی لە پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەتدا، نەك هەر ئەوە بەڵکو کاریگەریی زۆری لەسەر ڕووداوەکان داناو، تا ئەوەی تورکیا لەسەرەتاکانی هاتنە سەر فەرمانڕەوایەتی حزبی دادوگەشەپێداندا، باڵوێزی خۆی لە تەلئەبیب فەرەیدون سینیرلی ئۆغلۆ Feridun

**Sinirlioğlu oglu بکشێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئیسرائیلی بە دەوڵەتێکی تیرۆریست ئەزانی، کە خوێنی فەلەستینیەکان بە ناهەق دەڕێژێت..**

**لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی تورکیاو وڵاتانی عەرەبی، حکومەتەکەی عەبدوڵا گویل هەنگاویکی گرتەبەر بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە بڕیاری تورکیا، بەتایبەت لەمیانەی سەردانێکی گویل دا بۆ دیمەشق ساڵی (٢٠٠٣) ڕایگەیاند، لە جەنگی عێراق دا بەهیچ شێوەیەك نابنە بەشێك لەپرۆژەی ئەمریکی بۆ داگیرکردنی عێراق و، کە ئامانجیشیانە ئابلۆقەی سوریا بدەن و دای ببڕن (Abdulqader, 2010) .**

**ئەردۆگان، لەزانکۆی هارڤاردی ئەمریکی لەمیانەی پێشکەشکردنی موحازەرەیەك دا لە (٣٠ کانونی دووەمی ٢٠٠٤) داوایکرد، کە ژینگەی ئەمنی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست چاك بکرێت، ئەوەش بە پیاچونەوە و سافکردنی ململانێی عەرەب- ئیسرائیل ئەکرێت. بە جۆرێك دەوڵەتی فەلەستین دابمەزرێت و، دانی پیادا بنرێت . هەروەها سیستەمی دیموکراتی لە عیراق پەیڕەو بکرێت و یەکێتی نیشتمانی تیا بپارێزرێت و، مونتەدایەك بۆ ئاسایش و هاریکاریی هەرێمایەتی دابمەزرێت، کە ئیش لەسەر گۆڕینی کلتوری سیاسی بکات لەناوچەکەدا .(Ghaul,2011,p.111)**

**لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٥) دا،" وەزیری دەرەوەی تورکیا "عەبدوڵڵا گویل" سەردانێکی بۆ ئیسرائیل کرد، جەختی لەسەر ڕاگرتنی هاوسەنگی کردەوە لەسیاسەتی نوێی تورکیادا،لەسەردەستی حزبی دادوگەشەپێدان، سەردانەکە بەلای ئیسرائیلەوە زۆر گرنگ بو، جگە لەوەی یەکەمجارە لەئاستێکی باڵادا دەستەلاتی نوێ لە تورکیادا**

بەدونیایەك پێناسەو گومانەوە کە هەڵیگرتوە، چووەتە ئیسرائیل، سەردانەکە دوای ئەوەش هات کە ئەردۆگان وەك سەرۆکی حکومەت ڕەتی کردبوەوە پێشوازی ئارئێل شارۆنی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلی بکات، مامەڵەکانی شارۆنی دژی فەلەستینیەکان بە" تیرۆری دەوڵەت" وەسفکردبو. جگە لە ئیغتیالکردنی شێخ ئەحمەد یاسین و، شێخ عەبدولعەزیز رەنتیسی سەرکردە لە بزوتنەوەی حەماس.. بەگشتی سەردانەکەی گویل لەسەروو ئەمانەوە، هەوڵێك بو، بۆ ئەوەی تورکیا هەڵبسێت بە ئەنجامدانی نێوەندگیرییەك، لە پرۆسەی ئاشتی نێوان سوریاو ئیسرائیل لەلایەك، فەلەستین و ئیسرائیلیش لەلایەکی تر.. مەبەستی سەرەکی بریتی بو هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە لە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتدا (Abdul-Tahr,2005,P.44).

هەر لەهەمان ساڵدا،لە (١ ی ئایای ٢٠٠٥) سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەردانی ئیسرائیلی کرد،پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێکرا،سەردانەکەی بۆ کۆششکردنی پێری تورکیابو لە مەیدانی پرۆسەی ئاشتی دا.جگە لە ڕەهەندی ئابوریی سەردانەکە (لەتەوەری دواتردا باسی ئەکەین)، ئەردۆگان وەفدێکی لە وەزیر و سەرمایەدار و فەرمانبەرە باڵاکانی دەوڵەت لەگەڵ خۆی بردبو، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە" پێکهێنانی ئەم شاندە تورکیە و سەردانیان بۆ ئیسرائیل ئاماژەیە بۆ گرنگی لایەنی ئابوریی لە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانمان " (National Defense Magazine,2010).

وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل "سیلڤان شالوم – Silvan Shalom" لەمیانەی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ ئیسرائیل وتی" ئەم سەردانە ئەو واقیعە نیشان ئەدات کە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات لە ئارامییدایە،لەسەر ئاستێکی بەرزی هاوڕێیەتیە". هەروەکو شالوم وای ئەبینی کە ئەکرێت تورکیا پردێك دروست بکات لەنێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیدا، وا گوزراشتی لێکرد کە " ئیسلامی مۆدێرن توانایەکی تەواوی هەیە لە کاریگەرییەکانی بەسەر وڵاتانی دراوسێ لەگەڵ ئیسرائیلدا". ڕۆژنامەی هارتس ی ئیسرائیلیش بلاٌویکردەوە کە: سەردانەکەی ئەردۆگان، بەسەر کەوتن بۆ دیبلۆماسیەتی ئیسرائیلی ئەژمێررێت، لەدوای ڕاڕایی لەپەیوەندییەکان و، بەتایبەت دوای تیرۆرکردنی شێخ ئەحمەد یاسین و عەبدولعەزیز رەنتیسی"..

بەرهەمی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەو قۆناغەدا،هەوڵێکی تورکی بوو، بۆ نزیکبونەوەی دیدو بۆچونەکان لەنێوان وڵاتانی ئیسلامی و ئیسرائیلدا، وەك ئەو ڕۆڵەی تورکیا بینی لە ڕێکخستنی چاوپێکەوتنێك بۆ وەزیری دەرەوەی پاکستان خورشید قاسوری لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل سیلڤان شالوم لە (ئەیلولی ٢٠٠٥) دا . (Nasr,2013)

لەدوای کۆتایهاتنی سەردانەکەی بۆ تەلئەبیب، وەزیری دەرەوەی تورکیا "عەبدوڵڵا گویل" لە (٤ ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥) سەردانێکی بۆ بارەگای دەستەلاٌتی فەلەستینی لە رامەڵڵە ئەنجام دا. دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسە بالاٌکانی فەلەستین لە "رامەڵڵە" گوتی" ئەو ڕێگایانەی ئیسرائیل دژی گەلی فەلەستین بەکاری هێناون،

لە فشار و ئابلوقە خستنە سەر و برسیکردن، هەرگیز ئاسایش و حەوانەوە بەدوای خۆیدا ناهێنێت، ڕێگەی ئاشتی و ئاسایش بۆ هەردولا بریتی یە لە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ گەلی فەلەستین " .(Saleh&Nafi,2007,P.118)

هەروەك گویل دووپاتی کردەوە " سیاسەتی توندوتیژی و تیرۆر و تۆقاندن خزمەت بە پرۆسەی ئاشتی ناکات بۆ لایەنەکان".پاشان داوای لەسەرکردە فەلەستینیەکان کرد کە هەوڵێکی گەورە بدەن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی، ،تا دەوڵەتێکی بەهێزی فەلەستینی دروست ببێت، چونکە تاکە ڕێگە بۆ گەیشتن بە ئاشتی، ڕێککەوتنێکی تێروتەسەلە لەسەر بنەمای پێکەوە ژیان لەنێوان هەردوو دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستین دا،گەیشتن بە " ڕێککەوتنی ئاشتی" لەسەر بنەمای بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوەیەکگرتوەکان، چارەسەرێکی نمونەییە بۆ ململانێی عەرەبی- ئیسرائیلی لەناوچەکەدا، گویل قسەکانیشی بەوە کۆتایی پێهێنا کە" تورکیا لەگەڵ سەرکردایەتی و گەلی فەلەستین پێکەوە تێدەکۆشن بۆ هێنانەدی خەونی فەلەستینیەکان، بۆ دامەزراندنی دەوڵی فەلەستین، حکومەتی تورکی پاڵپشتی پرۆژەی تین پێدان و پەرەپێدانی فەلەستینە" .(Saleh&Nafi,2007,P.116)

پەیوەندییە دوو قۆڵیەکان،ساڵی (٢٠٠٦) بەخێرایی تێپەڕین و، دەمارگرژیی و ڕاڕایی لای هەردوو دەوڵەت دروستبو. بەهۆی شەڕی ئیسرائیل لەسەر لوبنان، جووڵەو پەیوەندییەکان وەستێنران، خۆپیشاندان

و ناڕەزایی بۆ ئیهانەکردنی ئیسرائیل لە ئیستانبوڵ و شارەکانی تر دەستی پێکرد، گەلی تورکی داوایان لە حکومەتەکەیان کرد، کە هەست بە پێویستی وەستاندنی ڕەفتارە دوژمنکارییەکانی ئیسرائیل بکات. تەنانەت داوای ئەوەیان ئەکرد تورکیا ئەگەری سەربازیش بەهەند وەربگرێت بۆ حاڵەتەکە. مزگەوت و گۆڕەپانەکان جمەیان ئەهات لە خەڵکی دڵ پڕ و تووڕە. لەگەڵیشیدا سوپای تورکیا فشاری لەسەر حکومەت دەستپێکرد، تاوەکو تورکیا لەبەر شەڕی ئیسرائیل دژی فەلەستین و لوبنان پەیوەندییەکانی هێور بکاتەوە لەگەڵ ئیسرائیل . (National Defense Magazine,2010)

لەدوای سەرکەوتنی حەماس لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی فەلەستینی دا. وە ئەو ڕووداوانەی لە زیفەی غەربی و کەرتی غەززە ڕوویاندا لە (٢٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٦)، ئەردۆگان ئاشکرای کرد، کە لەگەڵ سەرۆکی پاکستان پەرویز موشەرەف دەستپێشخەرییەکیان بۆ ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کردووە، کە جۆرێك لە نێوەندگیریی (وەساتەت) بنوێنن لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دا . هەروەك ئەردۆگان لە (٢١ی شوباتی ٢٠٠٦) ڕەخنەی لە ئیسرائیل گرت، سەبارەت بەوەی سزای ئابوریی فەلەستینیەکانی داوە لەبەرئەوەی "حەماس" یان هەڵبژاردووە . ئەمەی وەك ڕێز نەگرتن لە دیموکراسی و مافی گەلی فەلەستین وێناکرد .

ئەگەرچی ئەوە ئاشکرایە، کە ئەردۆگان حەزی بە سەرکەوتنی بزوتنەوەی حەماس کرد کە لەهەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٦) زۆرینەی دەنگی فەلەستینیەکانی بەدەستهێنا . دواجار ئەمیش ڕیشەیەکی ئیسلامی هەیەو، ئەرکەکەی هەمان ئەرکی حزبی دادوگەشەپێدانە .

دوای ئەوەش حکومەتی تورکیا بڕیاریدا، بانگهێشتی بزوتنەوەی حەماسی بکات بۆ ئەنقەرە، سکرتێری گشتی مەکتەبی سیاسیی حەماس " خالید مەشعەل" لەگەڵ شاندێکی یاوەری کەسەرکردەی بزوتنەوەکە بون، لە (١٦ی شوباتی ٢٠٠٦) سەردانی ئەنقەرەیان کرد.

ئەردۆگان پێشوازی لە شاندەکەی حەماس کردو، گوتی " ئەنقەرە تێدەکۆشێت بۆ ڕۆڵێکی گەورە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا". جگەلەوەش " تورکیا وەکو تەماشاکەر ناوەستێت".. پاڵپشت بەو ئەزمونە مێژوویەی تورکیا لە فەرمانڕەوایکردنی ناوچەکەدا هەیبوە، بەدرێژایی چەندین سەدە لەژێرسایەی دەوڵەتی عوسمانی دا،ئەردۆگان ئاماژەیەکی بۆ بەرپرسە تورکەکان کرد و بۆ شاندی حەماسی ڕوونکردەوە، کە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وائەخوازێت کەدەست لەتوندوتیژیی و داننان بە ئیسرائیل هەڵبگرن. ئەردۆگان وتی "نامەیەکی دروستمان لەکاتێکی گونجاودا بۆناردن (Saleh,2007,P.188).

لەم چوارچێوەیەدا، باڵوێزی ئەمریکا لەئەنقەرە "روس ویلسون" ڕەخنەی لەسەردانی شاندەکەی حەماس بۆ ئەنقەرە گرت و وتی" سەرچاوەی گومان و دووڵی ئێمە لەهەر چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەماس ئەوەیە، کە پێویست بو ئەردۆگان نامەکە بۆ ئیسرائیل خۆیان بنێرێت، لەبارەی قەڵسبونی بە تیرۆر و داننان بەمافی ئیسرائیل و ڕێککەوتنەکانی کە بونی هەیە".

لەبەرانبەردا، ئیسرائیل چەندین ڕستەی وەك بیانوهێنانەوە نیشاندا، بۆ ئەو ئابلۆقەیەی سەپاندویەتی بەسەر کەرتی غەززەدا، لەوانە ئازادکردنی سەربازێکی بەدیلگیراوی ئیسرائیل " جولعاد شالیت". یەکێکی تر لەبیانوەکانی ئیسرائیل ئەوە بو کە" ئێمە ئابلۆقەی ئەوەمان خستۆتەسەر غەززە، کە ئامرازی سەربازیی و چەك و تەقەمەنیان بۆ نەچێت، چونکە ڕەنگە ئەمانە مادەیەك بن، لێوەی مووشەك و چەکی کۆکوژی پێ دروست بکەن ".

هەڵوێستی تورکیا، زیاتر چالاکتر بو لە پرۆتستۆکردنی ئابلۆقەکەو، کارکردن لەسەر شکاندنی فەرمی و میللی و سیاسیی و مەعنەوی فەلەستینیەکان. هەرچەندە پێشتوتر تورکیای ئەردۆگانی گفتی ئەوەیداوە کە هاوسەنگی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕابگرێت و، پێدەچێت پلەبەپلە ئەمەی بیرچوبێتەوە، تاوەکو ئەوەی بوو بوو بە تەختەی شانۆیەیەك چەندین کاروچالاکی ئیسلامی بۆ پاڵپشتی گەلی فەلەستین لەسەر ئەنجام بدرێت. هەر بۆ نمونە: بە پاڵپشتی فەرمی و ئاشکرا تورکەکان هەستان بە زۆرترین چالاکی سەرکەوتوو بۆ سەرکەوتنی فەلەستینیەکان و، داوایانئەکرد ئابلۆقە لەسەر کەرتی غەززە هەڵبگیرێت، خۆپیشاندان و کۆمەك کۆکردنەوەو میهرەجان و ناردنی هاوکارییان بۆ فەلەستینیەکان ئەنجام دا " (Saleh,2008,p.213) .

لەسەر ئاستی فەرمی، ئەردۆگان لەپەیوەند بەو فشارو ئابلۆقانەی ئیسرائیل خستبویە سەر غەززە، لەبەردەم کوتلەی پەرلەمانی ئاکپارتی دا، بەتوندی هێرشی کردو گوتی: لەواقیعدا فەلەستین بەمشێوەیە، زیندانێکی گەورەیە، بەڵام ئاسمانی کراوەیە. گەلەکەی ڕووبەڕووی

تراژیدیایەکی مرۆیی ئەبێتەوە، ئیسرائیل گەلێك سزا ئەدات، لەپێناو ئەوەی بڵێت هەموتان ئاوها سزا ئەدەم، ئیسرائیل کاتێك بەچڕی بۆردومانی غەززە ئەکات، ئەمە مایەی قبوڵ نییە، کە تێبگەین بۆچی ئەم مووشەکانە ئەتەقێنێت، هەموومان ئەپرسین لەهۆکاری بۆردومانکردنی فەلەستینیەکان، ئەپرسین لە قەبارەی زیانەکانی ئەو بۆردومانانەوە، وە ڕێژەی قوربانیانی ئیسرائیل مان دەست ناکەوێت لەوەلاّمدا".

دوای ئەوەی بزوتنەوەی حەماس لە ساڵی (٢٠٠٧) کەرتی غەززەی کۆنترۆڵکردەوە، ئەوکاتە حزبی دادوگەشەپێدان خۆی لە ڕۆژەکانی تەواوبونی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا ئەبینی، کە سەرکەوتنی بەرچاوی تۆمارکرد، لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنی دا،لە (٢٣ی تەمموزی ٢٠٠٧) ئەرۆدگان ئەوەی بۆ ئیسماعیل هەنیەی سەرۆکوەزیران لەحکومەتەکەی غەززە خستە ڕوو، کە تورکیا ئامادەیە مەلەفی ئاشتی بجوڵێنێت، ووتی" ئێمە لەتورکیا دوای پێکهێنانی حکومەت لەو چەند هەفتەیەی ئایندەدا، ئامادەین لەپێناو ئەو گورزە بەهێزو ئازارەی بەرتان کەوتووە، کاربکەین بۆ گەڕانەوەی یەکڕیزی بۆ ڕیزەکانتان، ئێمە ئەبین بە دوژمنتان ئەوکاتەی سەرکەوتوو بوین لە بەرجەستەکردنی ئاشتی لەنێوانتانداو، تەبایی ڕیزەکانتان لەفەلەستین پاراست ". لەوەش زیاتر ئەردۆگان وتی" ئێمە ئازارێکی زۆرمان هەیە کە خوێن لەبەر براکانمان لە فەلەستین ئەچۆڕێت،ئەم دابەشبون و پەرتبونەتان هەڵوێستتان لاوازئەکات، زیان بە بەرژەوەندیی گەل و مەسەلەکەتان ئەگەیەنێت، هەروەکو بەردەوامی ئەم

ناكۆكیە نێوخۆییەتان، كاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ئایندەو دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین ئەبێت "(Saleh, 2008, P.215).

بەئاشكرا، توركیا بایەخێكی گەورەی بە چارەسەركردنی قەیرانی نێوان جەمسەرەكانی فەلەستین ئەدا كە (فەتح و حەماس) ن، ئەردۆگان تاكۆتایی هەوڵی دا پردێك بۆ لێكتێگەیشتن لەنێوانیاندا دروست بكات، تا بگەنە قۆناغی ئاشتی. پەیوەندییەكانی توركیاو فەلەستین تا ئەهات بەرەو پێش ئەچون، توركەكان پەیتا پەیتا پاڵپشتی و نارەزایەتیان بۆ فەلەستینیەكان دەرئەبڕی، لەدژی ئەو ئابڵوقەو بۆمبارانەی لەسەریانە، كەچی فەلەستینیەكان هەر خەریكی مەعمەعەو ململانێی نێوخۆیی بون. بۆیە پێویست بو بەرەیەكی یەكگرتوو هەبێت تا بەئامانجەكانیان بگەن، لەبری پەرتەوازەیی و لێكدابڕان ( Report and Information, 2010, P.33).

ئەكرێت بوترێت، پەیوەندییەكانی توركیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەب لە ماوەی دوو ساڵی (٢٠٠٧ و ٢٠٠٨) دا پێشكەوتنی گەورەی بەخۆیەوە دیوە، بۆ نیشاندانی ئەم بەرەو پێش چونە لە ڕیچكەی پەیوەندییەكاندا، تەنها ئەوە نییە كە ویستی توركیای لەسەر بووە، بەڵكو وڵاتانی عەرەبیش بەهەمان ئەندازە ئەو ئارەزووەیان هەبووە، هەر بۆ نمونە: لەماوەی كەمتر لە (١٥) مانگ دا (٢) سەردانی فەرمی لەنێوان توركیاو سعودیەدا هەبووە،كۆبونەوەی سەرۆكی فەلەستین و ئیسرائیل پێكەوە لە ژێر قوبەی پەرلەمانی توركیادا هەبووە، كاركردن بۆ گەیشتن بە ئاشتی لەنێوان دیمەشق و تەلئەبیب دا هەبووە، ڕێككەوتنی سیاسی و

کلتوریی لەگەڵ وڵاتانی جامیعەی عەرەبی هەبووە،وە لەکۆتاییدا گەیشتە ئامادەگی هەمیشەیی سەرکردە تورکەکان لە لوتکەی عەرەبی دا (jibaly,2008,P.154).

### ٣-٣-٢. پەیوەندییە ئابورییەکان

پێش ئەوەی حزبی دادوگەشەپێدان بێتە سەر دەستەڵات، (٥٣٪) ی بازرگانی تورکیا لەگەڵ ئەوروپا بو، بەڵام لەساڵی (٢٠١٠) دا ئەم ڕێژەیە دائەبەزێتە سەر (٤٢٪). بەم پێیە بازرگانی تورکیا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا لە (١٣٪) ی ساڵی (٢٠٠٢) ەوە بووە بە (٢٦٪) لە ساڵی (٢٠١٠) دا. ئەمە بەهەند وەرئەگیرێت،بۆیە دروشمی " تورکیای نوێ" بەلای کەمی تا (٢٠٢٠) بریتی یە لە " ئابورییەکی بەهێز" و "سیاسەتێکی دەرەکی بەهێز !. (Berelovich,November2014).

لەسەرەتای نەوەدەکانەوە، تا ئەهات ڕێژەی پەیوەندییە ئابوریی و بازرگانی و ستراتیجیەکانی تورکیاو ئیسرائیل زیادی ئەکرد، بەگەیشتی حزبی دادو گەشەپێدان بۆ سەر کورسی فەرمانڕەوایەتی، پەیوەندییە ئابوریی و بازرگانیەکان لەگەڵ ئیسرائیل بەردەوامی کێشا و، قەبارەیان فراوانتر و بواری جیاجیای تری گرتەوە. لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٢) و سەرەتای (٢٠٠٣) تێکڕای هاوکاری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل بەرزبۆیەوە، بەجۆرێك لەکۆتایی (٢٠٠٢) دا قەبارەی ئالوگۆڕە بازرگانیەکانی نێوان هەردوولا (١،٢) یەك ملیارو دووسەت ملیۆن دۆلار بووە، بەزیادەی ڕێژەی (١٩،٥) ی ساڵی (٢٠٠١) یشەوە

قەبارەی هەناردەکردنی ئیسرائیلی بۆ تورکیا بایی (٣٧٨) ملیۆن دۆلار بووە. هەڵبەت لەو کاتەشدا ئیسرائیل وەلاّمدەری داخوازییەکانی تورکیا بووە، لەهەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك، سەبارەت بە رسومی بازرگانی لەسەر هاوردەکردنی ئاسن و چیمەنتۆلەگەڵ ئەوەشی ئەمە دژ ئەوەستێتەوە لەگەڵ یاساکانی بازرگانی نێو- دەوڵەتی،بەلاّم هەرکردوویانە، ئەوەش بایەخی تورکیا دەرئەخات وەك هاوبەشێك بۆ ئیسرائیل (Abu-Mutllaq,2011,P.59).

هەرچی بەهای هاوردەکردنی ئیسرائیلە، لە کۆی ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکانی ساڵی (٢٠٠٣) لەگەڵ تورکیا (١) یەك ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە.. لە (٤ی ئازاری ٢٠٠٤) ئیسرائیل ڕێککەوتنێکی بۆماوەی (٢٠) ساڵ لەگەڵ تورکیا ئیمزاکرد، لەبارەی کڕینی ئاو لە ڕووباری مانوگات، کە ساڵانە (٥٠) ملیۆن م$^{3}$ ئاو لەتورکیاوە ڕەوانەی ئیسرائیل ئەکرێت (Dahal,Slutzky,2006,P.7).

لە (١٤ی تەمموزی ٢٠٠٤)دا، وەزیری پیشەسازی و بازرگانی ئیسرائیلی ئێهود ئۆلمەرت سەردانی تورکیای کرد،چاوی کەوت بە هەریەکە لە: سەرۆکی تورکیا ئەحمەد نەجدەت سیزەر، وەزیری دەرەوەی تورکیا عەبدوڵلا گویل، وەزیری ئابوریی تورکیا عەلی باباجان، وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بینالی یلدیرم، وەزیری ووزە حیلمی گویلەر... مەبەستی سەرەکیش لە سەردانەکەی ئۆلمەرت کۆبونەوەی لیژنەی ئابوریی هاوبەشی تورکی – ئیسرائیلی بو، کە ئۆلمەرت خۆی سەرۆکایەتی ئەکرد (Memduh,2009,p.63).

هەروەکو تورکیاو ئیسرائیل لە (٢٤ی ئایاری ٢٠٠٤) دا بۆندێکیان بە بەهای (٨٠٠) ملیۆن دۆلار، بۆ دروستکردنی (٣) وێستگەی تایبەت بە ووزە ئیمزاکرد،کە بە غازی سروشتی کار ئەکات لە ئیسرائیل، ئەوەش لەمیانەی سەردانێکی وەزیری ژێرخانی ئیسرائیل جوزیف باریتزکی داهات بۆ تورکیا لە (ئایاری ٢٠٠٤). ئەم ڕێککەوتنە لە کاتێکدابووە، کە تورکیا ڕەخنەی ئاڕاستەی ئیسرائیل ئەکرد، سەبارەت بە توندوتیژییەکانی دەرهەق بەگەلی فەلەستین و گرتنەبەری سیاسەتی تیرۆرکاری لەلایەن ئیسرائیلەوە.

هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٥) شدا، تورکیا هەر هاوبەشێکی بازرگانی گەورە بووە بۆ ئیسرائیل لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، کە بەهای هاوردەکردنی تورکیا لەئیسرائیلەوە (٩٠٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە، لەکاتێکدا هەناردەکردنی تورکیا بۆ ئیسرائیل بایی (١،٢) یەك ملیارو دووسەت ملیۆن دۆلار بووە (Dahal,Slutzky,2009,P.8) .

لە (ئایاری ٢٠٠٦) دا، یەکێتی ژووری بازرگانی ئیسرائیل هەستا بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێك لەناوچەی " ئیجیبان"، لەمەڕ هاوکاری ئابوریی لەگەڵ ژووری بازرگانی تورکیدا، بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییە بازرگانییە دوو قۆڵییەکان،ئەم ڕێککەوتنە لەدوای سەردانی "نەدیم ئوکلیجو" جێگری سەرۆکی ناوچەی ئیجیبان بۆ پیشەسازیی و دەستەی جێبەجێکردن لە ئیسرائیل هات، ئیتر تورکیا و ئیسرائیل ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی پرۆژەی گەورە بۆ ووزەو ئاو، کە تیایدا ئاو و کارەباو غازی سروشتی و نەوت لە ڕێگەی بۆڕییەکانەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ ئیسرائیل .

بەگشتی قەبارەی هاوردەکردن لە تورکیاوە بۆ ئیسرائیل ساڵی (٢٠٠٦) بایی (١،٤) یەك ملیارو چوار سەت ملیۆن دۆلاربووە، لەکاتێکدا هەناردەکردنی ئیسرائیل بۆ تورکیا بایی (٨٠٠) ملیۆن دۆلار بووە، کاڵاو شمەکەکانی ئیسرائیل بۆ تورکیا پتر لەبواری کیمیاویات و ئامێرەکاندا بون، ئیسرائیل لەوماوەیەدا بەشدارییەکی کارای هەبووە لە ناردنی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو بۆ تورکیا، لەهەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی ئەوەی بۆ پیشەسازی و کشتوکاڵی بشێت .

لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی تورکیا - ئیسرائیل لەڕووی سیاسی و هەرێمایەتیەوە، خاوبۆتەوەو بەرەو تێکچون ئەچێت، کەچی ئاڵوگۆڕی بازرگانی گەیشتۆتە لوتکەی خۆی لەنێوان هەردوو وڵاتدا. ساڵی (٢٠٠٨) ڕێژەی ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکان گەیشتە (٣،٣٨) سێ ملیار و سی و هەشت ملیۆن دۆلار. بێجگە لە لقی دیکەی وەك لایەنی سەربازیی و لایەنە بنەڕەتیەکانی تر.

بەڵام ڕاڕایی و گرژیی لەپەیوەندییەکان لەکۆتایی (٢٠٠٨) و سەرەتای (٢٠٠٩) کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندییە ئابوریی و ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکان دانا. بەجۆرێك لە (٣،٣٨) ملیاری ساڵی (٢٠٠٨) ەوە پەیوەندییە بازرگانیەکان دابەزی بۆ (٢،٥٢) دوو ملیار و پەنجاو دوو ملیۆن دۆلار.. تەنها لەنیوەی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٩) دا ڕێژەی دابەزینەکە گەیشتە (٢٨٪) .. وە لەکۆتایی (٢٠٠٩) دا ڕێژەی دابەزینی ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکان زیاتر دابەزی بۆ (٤٤٪) .. واتە لە یەك ساڵدا ڕێژەی دابەزینی پەیوەندییە بازرگانیەکان گەیشتە (٤٤٪) (Abu-Mutllaq,2011,p.60).

له دەرەوەی خاوبونەوە و تێکچونی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل، تورکیا بەردەوام لەڕووی ئابورییەوە گەشەی بەخۆیەوە بینیوە لەسەردەمی حکومەتی ئاکپارتی دا، تەنها زیادبونی ڕێژەی گەشتیار لە ساڵی (٢٠٠٢) ەوە بۆ ٢٠٠٥) لە (١٢،٨) ەوە بووە (٢١،٢) . دەستکەوتی گەشتیاریی (١٧،٥) حەڤدە ملیارو پێنج سەت ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە تەنها بۆساڵی (٢٠٠٥) . بەمەش تورکیا بوو بە (١٠) یەمین ولاّتی جیهان بۆ گەشتوگوزار. لەساڵی (٢٠٠٨) دا (٣٠،٩٢٩،١٩٢) سی ملیۆن و نۆسەت و بیستو نۆ هەزار و سەد و نەوەت و دوو گەشتیاری بیانی هاتونەتە تورکیا. داهاتەکەی (٢١،٩) بیست و یەك ملیار و نۆ سەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە .(shaho,30\1\2013)

بەداتاو ئامارەکاندا، دیارە لەماوەی (٢٠٠٢-٢٠٠٨) و دواتریش بەردەوام ئابوریی تورکیا لەماوەی دەستەلاّتی دادوگەشەپێدان هەر لەگەشەدا بووە، بەرهەمی گشتی ناوخۆیی (الناتج المحلی الاجمالی-GDP) لە (٣٥٠) ملیاری ساڵی (٢٠٠٢) ەوە بووە بە (٧٥٠) ملیار لەساڵی (٢٠٠٨). داهاتی تاك لە (٣٣٠٠) دۆلاری ساڵی (٢٠٠٢) ەوە بووە بە (١٠٠٠٠) دەهەزار دۆلاری ئەمریکی لەساڵی (٢٠٠٨). لەگەڵ تێکڕای گەشەی ساڵانە بە بڕی (٦،٩٪).. جگە لەوەی کە ساڵی (٢٠٠٨) ساڵی قەیرانی دارایی جیهانیش بووە. قەبارەی هەناردەکردن لەساڵی (٢٠٠٢) لە (٣٣) ملیارەوە بووە بە (١٣٠) ملیار لەساڵی (٢٠٠٨) .. ڕێژەی ئاستی بەرزبونەوەی بەرهەمهێنان لەکەرتی تایبەت دا لەماوەی نێوان (٢٠٠١-٢٠٠٨) دا (٣٠٠٪) بووە (Al-Idari ,2008).

## ٣-٣-٣ پەیوەندییە سەربازییەکان

بەگەیشتی حزبی دادوگەشەپێدان بۆ سەر دەستەلاٌت، مقۆمقۆ و ڕاڕایی کەوتە ناو دامودەستگای سەربازییەوە لە تورکیا . ئەمەش ئەبووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئەوەی هەردولا پرسیار لەسەر چارەنوسی پەیوەندییە سەربازیی و هەوالٌگرییەکانیان بکەن .

حکومەت لەسەردەمی حزبی دادوگەشەپێداندا، ئەیویست وای نیشان بدات کە میانڕەوە، مۆرکێکی پڕ لەمرونەت بدات لە ڕووکاری خۆی، ئەوەش هۆکەی ئەوەبو کە: پشتگیریی خۆرئاوا، بەتایبەتی یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکا بەدەست بهێنێت، بۆیە کاری لەسەر بە دۆکۆمێنت کردنی پەیوەندییەکانی لەگەلٌ ئیسرائیل کرد، لە گرنگترین ئەو ڕەهەندانەشی حکومەتی تورکیا کاری لەسەر کرد،لایەنی ئەمنی و سەربازیی بو :

تورکیا بۆندێکی بە بەهای (٦٦٨) **ملیۆن** دۆلار لەمانگی (ئازاری ٢٠٠٢) لەگەلٌ ئیسرائیل ئیمزاکرد. بۆ چاککردنەوەی هەموو ئەو دەبابانەی کە سەر بەسوپای تورکیان، وە زیادکردن و پڕکردنیان لە سیستەمی تەکنەلۆژی پێشکەوتوو لەبواری دەبابات دا. هەروەك ئەم تەکنەلۆجیایە لە ئایندەدا ئەبێتە یارمەتیدەری تورکەکان، تا بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئیش لەسەر پیشەسازیی سەربازیی و دروستکردنی دەبابات بکەن (Berelovich,November2014)

سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیا "حیلمی ئۆزکۆك-HimliOzkok" لە (تەمموزی ٢٠٠٢) سەردانی **ئیسرائیلی** کرد، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی

**پەیوەندیی سەربازیی تورکی – ئیسرائیلی، چاوی بە سەرۆك ئەرکان "موشیە یەعلون-**Moshe Ya'alon **" کەوت. لە مانگی یانزەی هەمان ساڵدا سەرۆکی بەشی سیاسی لەوەزارەتی جەنگی ئیسرائیلی لیوای یەدەگ "عاموس جولعاد" دیبەیتێکی لەبارەی پەیوەندییە ئەمنیەکانی نێوان ئیسرائیل و تورکیا سازکرد، تیایدا یاریدەدەری کاروباری سەربازیی لە باڵوێزخانەی تورکیا و عەقید مارسیل ئیڤیڤ ئامادەی بون ..لە (٧ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٣) ش وەزارەتی بەرگریی لە ئەنقەرە، مێزگردێکی بۆ گفتوگۆکردن بەڕێوەبرد، تیایدا گەورە بەرپرسانی تەکنەلۆژیا لەسوپای ئیسرائیلی و هاوتاکانیان لەسوپای تورکیا ئامادەی بون . عاموس جولعاد بە ڕاشکاوی ئەوەی ئاشکراکرد کە ئاستی پەیوەندیی سەربازیی و ئەمنی لەنێوان هەردوو وڵاتدا، لەساڵی (٢٠٠٣) دا بەرێژەی (٤٠٪) زیادیکردووە، بە بەراورد بە ساڵی (٢٠٠٢)** (Mehmud,2009,p.103) .

**لە (٢٤ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٣) وەزیری ناوخۆی تورکیا "عەبدولقادر ئیکسۆ" لەگەڵ وەزیری ئاسایشی گشتی ئیسرائیلی "تەساحی هینگبی" کۆبونەوە، لەمیانەی ئیمزاکردنی یاداشتێك بۆ لێکتێگەیشتن لەبارەی هاریکاری سەربازیی و ئەمنیەوە، وەزیرەکەی ئیسرائیل داوای لەتورکیا کردووە هەڵبسێت بە ڕۆڵی ناوەندگیری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەنێوان ئیسرائیل و سوریا..**

**لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٥) یش، سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەردانێکی بۆ ئیسرائیل کرد، لەگەڵ سەرۆکی ئیسرائیلی "موشیە کاتساف" و سەرۆکوەزیرانی پێشوو "ئارئێل شارۆن" کۆبووەوە . ڕێککەوتن لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە هاوکاریی هاوبەش لەنێوان**

هەردوولادا، بۆ زۆر بواری ستراتیجی گرنگ، گرنگترینیان گرێدانی پەیوەندیی سەربازیی تورکیاو ئیسرائیل بوو بە ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە .هەروەکو جەختیان لەسەر گەشەپێدانی (١٧) پرۆژەی هاوبەش لەنێوان تورکیاو ئیسرائیل کردەوە، بەو پێیەش تیایدا هاتبو، لە پرۆژە سەربازییەکاندا هەموو ئەو خزمەتگوزارییە سەربازیی و لۆجستیانەی کە لە دروستکراوی ئیسرائیلین بە تورکیا ئەفرۆشرێت،لەبەرانبەردا تورکیا رێژەی هەناردەکردنی " ئاو" بۆ ئیسرائیل زیاد ئەکات (Mehmud,2009,p.104).

لە چوارچێوەی سەفەقاتەکانی کە ئیمزا کرا. چاککردنی فڕۆکەکانی لەجۆری فانتۆم -٤ یا F-4ن (چەك ئاسمانی تورکین)، بەبڕی (٤٠٠-٥٠٠) ملیۆن دۆلار، وە تازەکردنەوەی (١٧٠) دەبابەی تورکی لەجۆری (تیراز- M-60)، ئینجا گەیشتنی تیمی گەڕان و پشکنینی ئیسرائیلی بۆ تورکیا، تا بەچەند قۆناغێك لە ئاستی هاوبەشبونی تورکیا بکۆڵنەوە لە پرۆژەی دانانی " درعی ساروخی ئەمریکی- کە بۆخۆپاراستنە لەهەر جۆرە مووشەکێك". سەرەتا بە دانانی وێستگەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت لەسەرتاپای تورکیا، وە کڕینی سیستەمی (ئارۆ-٢) کە دژە مووشەکی بالیستیە. وە بەشداریکردنی تورکیا لە بەشێك لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی لەژێر سەرپەرشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا .پاشان هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ ئەو رێکخستنە ئەمریکی - ئیسرائیلیە تایبەتەیکە لەپرۆژەی درعی ساروخی ئەمریکی هەیانە پەیوەست بە رۆژهەلاتی ناوەڕاست (Abu-Abu-Mutllaq,2011,p.52) .

"هێشتا نازانرێت، گۆڕانکارییە هەرێمایەتی و نێو-دەوڵەتییەکان، ئاقاری ئەم پەیوەندییە گەورانە بەرەو کوێ ئەبەن، ئەردۆگانیش سەرەتای حوکمڕانیەتی و نازانرێت مەبەستی لەسەردانەکە چی بووە،بەڵام ئەونەی بۆ تێگەیشتن بشێت ئەوەیە: سەردانێکی ئەردۆگان بووە بۆ ئیسرائیل و، ئیمزاکردنی چەند ڕێککەوتنێکی گرنگ لەگەڵ ئەو وڵاتە، وا دەرئەکەوێت کە تورکیا لەسەردەمی حزبی دادوگەشەپێداندا، ئەیەوێت ئەم پەیوەندییە ستراتیجیە، بەتایبەت لەبواری ئاسایش و سەربازییدا وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەمە دیوە دەرەکیەکەیەتی لەسەر ئەو ئاستەی تورکیا خوازیارە سیاسەتی نەرمی خۆی بەجیهانی خۆرئاوا نیشان بدات، لە ڕووی نێوخۆییشەوە، لەم کاتەدا ڕای گشتی نێوخۆیی تورکیا ناڕازییە بەرانبەر ئەو هێرشانەی ئیسرائیل ئەیکاتە سەر خاك و گەلی فەلەستین، دواجار لەسەر ئاستی گشتی بڕیار لەسەر ستراتیجی سیاسەتی تورکیا دراوە، کە "ئەحمەد داود ئۆغلۆ" لە نەخشە ڕێگاکەیدا ڕایگەیاندووە، بەو پێیە پەیوەندیی بە تینی سەربازیی لەگەڵ ئیسرائیل بەرەو لەناوچوون ئەچێت، کە ئیسرائیلی چاوی بڕیوەتە ئەوەی ئامانجەکانی لەسەر دەمی حکومەتی دادوگەشەپێداندا بپێکێت، وە هەم ئەمە ڕەچاوکردن و مناوەرەیەکی حکومەتی تورکیا بۆ قایلکردن و بێدەنگکردنی سوپا لەناوخۆی وڵاتەکەی، بەتایبەت لەوکاتەدا ئەگەری ئەوە هەبوو جارێکی سوپا کودەتا بکات، یان دەستوەربداتەوە ناو ژیانی سیاسی و کایە مەدەنییەکان لەتورکیادا " .

لە (نیسانی ٢٠٠٥) دا، تورکیا جارێکی تر هەستا بەکڕینی (٣) فڕۆکەی پێشکەوتووی سیستەمدار بەبڕی (١٨٣) ملیۆن دۆلار،

لەهەردوو کۆمپانیای (IAI) و (Eibit System) ی ئیسرائیلی کە کاری پیشەسازیی خزمەتگوزارییە ئاسمانیەکان ئەکەن لە ئیسرائیل. هاوکات ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی تورکیا ببێتە خاوەنی (١٠) وێستگەی زەمینی بۆ هەر یەکێك لەو وێستگانە سێ یان چوار سیستەمی (UAVS) ی تیا بێت، کە سوپای تورکیا سوود لەڕێگەی ئەو (٣) چەکی فڕۆکانەی کڕیویەتی، سوود لەتەکنەلۆژیاکەشی ببینێت (Mamduh,2009,p.56) .

هەر لە (٢١ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥) دا، "دان حالوتس " ی سەرۆکی ئەرکانی ئیسرائیلی گەیشتە ئەنقەرە، تا لەسەردانەکەی دا هەوڵی بەتین کردنی پەیوەندییە سەربازییەکان بدات، بۆ ئەو مەبەستەش چاوی کەوت بە هاوتاکەی " حیلمی ئوزکوك" و سەرۆکوەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، ژمارەیەك گرێبەستی زەبەلاحیان ئیمزاکرد، کە بەسەدان ملیۆن دۆلار ئەخەملێنرا، بەگشتی ئەم گرێبەستانە تازەکردنەوەی فڕۆکەی تورکی- ئەمریکی بوو لەجۆری دروستکراوی "تیراز ئێف-٤".لەلایەن کۆمپانیا ئیسرائیلیەکانەوە بۆ تورکیا، وە دەبابەی" تیراز باتون ئێم ٤٨-Tiraz-baton –M48". بەپێی بۆچونی کۆمپانیا ئیسرائیلیەکان، پەیوەندیی نێوان هەردوو سوپای تورکیاو ئیسرائیل تەنها لەنێوان ساڵی (٢٠٠٤ و ٢٠٠٥) دا بەرەو زیاتر چووە، ئەوانەی لەوەودوا هەبون، شتێك نەبون، جگە ژمارەیەك چاوپێکەوتن و هیچی تر (Mehmud,2009,p.109).

هەروەکو سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلی "ئێهود باراك" لە (١٣ی شوباتی ٢٠٠٧) دا سەردانی ئەنقەری کرد، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی

**دڵنیایی لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا سەبارەت بە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات، لە (١١ی شوباتی ٢٠٠٨) یشدا بەهەمان شێوە وەزیری سوپای ئیسرائیلی "ئێهود باراك" سەردانی ئەنقەری کرد، لەگەڵ هاوتا تورکیەکەی " وجدی گونول" کۆبوەوە،لە سۆنگەی ئەو چاوپێکەتنەشەوە وەزیرە بەرگرییەکی تورکیا لە ڕۆژی دواتردا، ڕایگەیاند: "تورکیا و ئیسرائیل کار لەسەر بەرەوپێشچونی پەیوەندییەکان ئەکەن و، بەشداری ئەکەن بۆ بەرقەراربونی ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. گونول ڕایگەیاند " ولاتەکەی (١٥) ڕێککەوتنی لەگەڵ سوپای ئیسرائیلی ئیمزاکردووە، کە خۆی لە چوارچێوەی کاری سەربازیی هاوبەشدا ئەبینێتەوە لەگەڵ ئیسرائیل، بەرپرسانی بەرگریی تورکیاو ئیسرائیل قسەیان لەسەر کڕینی مانگی دەستکرد بۆ جاسوسی و سووسەکردن کردووە، پێشوتریش لەژێر سایەی ئەم ڕێککەوتنانەشەوە ئیسرائیل لە تورکیا نزیك بۆتەوە** (Abu-Mutllaq,2009,P.53) .

**لە (تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩) تورکیا هەستا بە دواخستنی مناوەراتی هاوبەشی ئاسمانی، کە سالانە ڕێك ئەخرا، بەبەشداری ئەمریکا و ئیسرائیل و، چەند ولاتێکی ئەندام لە پەیمانی ناتۆ، ناویش نرابو "سەرکەوتنی ئەنادۆڵ". ئیسرائیل ڕایگەیاند، کە تورکیا خوازیارە ئیسرائیل دووربکەوێتەوە، هۆیەکەشی سیاسیی نییە، بەڵکو هەندێك فاکتەری هونەریە** (BBC,October2009) .

**هەندێك لە توێژەرە سیاسییەکان وای ئەبینن، کە لەو بارودۆخەدا، ڕەتکردنەوەی ئەم مناوەراتە ئاسمانیە هاوبەشانە لەلایەن تورکیاوە،**

ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تورکیا ئەترسێت ئیسرائیل ئەم فرسەتە بقۆزێتەوە، تا زانیاری هەواڵگریی لەبارەی ئێرانەوە دەست بکەوێت. پاشان گورزی سەربازیی و ئاسمانی لەڕێگەی بەکارهێنانی خاکی تورکیاوە لە ئێران بوەشێنێت، هەروەکو ئیسرائیل ساڵی (٢٠٠٧) لەنزیك "دێرە زور" گورزێکی لە پێگەی " کوپەری سوری" وەشاند. کە بەسەر زەمینی خاکی تورکیادا تێپەر بو بو. ئەمەش تورکیای خستە بەردەم هەڵوێستێکی پڕ لە ئیحراجی و ڕوو زەردی لەلای سوریاو جیهانی، ڕای ناوخۆیی تورکیاشی بە شێوەیەکی خراپ لەدژی حکومەتی دادوگەشەپێدان جوڵاند (BBC,28\6\2010) .

### ٣-٣-٤. پەیوەندییە کەلتورییەکان

هەر لەبەر ڕۆشنایی و بەرئەنجامی تێبینی و تەوەرەکانی ڕابردوومان لەڕەوتی توێژینەوەکەدا، دەرئەکەوێت کە: پەیوەندیی کلتورییەکان لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلدا، لاوازترین ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە. بە بەراورد بە پەیوەندییە سەربازیی و ئابوریی و سیاسیی و هەواڵگرییەکان. بەنزیکەیی لەهەموو سەردەمەکاندا ئەمە هەروا بووە. لە سایەی دەستەڵاتی عوسمانی دا، ئیسرائیل دەوڵەت نەبوو، بەڵکو جولەکە پەرت پەرت بون و جیهان بۆ ئەوان دۆزەخێك بو، لە قۆناغی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلیش، هێندەی جولەکەکان سەرقاڵی بەرگریی کردن و هێرشکردن بون لەگەڵ عەرەبەکان، وە بارودۆخی ڕۆژانی جەنگی سارد و دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەدەوروبەر، نەیپەرژاندونەتە سەر ئەوەی پەیوەندییە کلتورییەکان بەهەند وەربگرن و، سەرقاڵی

گەڕیدەیی و تیپی هونەری و ئەدەبی و نمایشی ئاینی و ئەدەبی و کەلەپوری بن.

دوای ئەوەشی، ئاکەپە لە ساڵی (٢٠٠٢) جڵەوی دەستەلاّتیان گرتە دەست، ئیسرائیل دوو دڵ بو، لە ڕێبازی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا، چونکە ئاکپارتی دواجار ڕەگ و ڕیشەیەکی ئیسلامی و ئاینی هەیە. ئاینیش بەشە دیارەکەی ناو کەلتوری هەر گەلێکە. ئینجا بێجگە لەوەی " عەبدوڵلا گویل" لێدوانی زبری دژی ئیسرائیل ئەدا، لەسەردەمی ویلایەتی یەکەمی ئاکەپەوە پەیوەندیی لەگەڵ ولاّتانی عەرەبی بەهێزکرد، هەر خودی " گویل" ئەندامێکی دیاری حزبی " ڕەفاه" بووە...

ئینجا لەو ماوەیە (٢٠٠٢-٢٠٠٨) سەرباری ناڕازیبونی شەقامی تورکی لە تەماسگرتنی حکومەتەکەیان لەگەڵ ئیسرائیل و، ئابلۆقەدانی کەرتی غەززەو هێرشکردنە سەر گەلی موسڵمانی فەلەستین، ئەردۆگان ئیسرائیلی بەدەوڵەتی تیرۆر ناوزەند ئەکردو، دواتریش جەنگی لوبنان (هاوینی ٢٠٠٦) یشی هاتەسەر، کە ئیسرائیل بو بو بە ملۆزم و دێویکی وەها لای جیهانی ئیسلامی و تورکی زۆر نەخوازراو بو بو. تا لەدواییدا گەیشتە ئەوەی، کە ئیسرائیل ئاگاداری دانیشتوانی خۆیانی کردەوە تاوەکو"سەردانی تورکیا نەکەن" ( National Defense Magazine,2010) .

ڕاڕایی " tension" لە پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیلدا، تەنها ئاستی سیاسیی ناگرێتەوە، بەڵکو لە ئاستێکی گشتگیریی میللی تورکیدا، دژی جەنگی ئیسرائیلی ئەوەستنەوە لەغەززە، لەهەموو

لایەکەوە خۆپیشاندان ئەکرا، کە حکومەت ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاوکارییە ئەمنیەکان لەگەڵ ئیسرائیل بوەستێنێت، هەروەك وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بڕیاریدا خولەکێك هەموو بوەستن، وەك ڕێزێك بۆ گیانی ئەو منالآنەی لە (غەززە) کوژراون. تەلەفزیۆنی حکومی تورکیا لە زنجیرەیەکدا ئەوەی نیشان دا، کە چۆن سەربازێکی ئیسرائیلی، تەقە لەمنالی فەلەستینی ئەکات، لەکاتی دابڕانی لەکۆمەڵ و قەرەباڵەغی دا. بە پێی ڕاپرسی بۆ ڕای گشتی تورکیا (٦٣٪) پاڵپشتی سیاسەتی حکومەتی دادوگەشەپێدان ئەکەن بەرانبەر ئیسرائیل لەساڵی (٢٠٠٨) دا .. تەنانەت ڕێژەی هاتنی گەشتیاری ئیسرائیلی بۆ تورکیا لە (٥٥٨) هەزار گەشتیاری ساڵی (٢٠٠٨) ەوە بووە بە (٣١١) هەزار گەشتیار لە ساڵی (٢٠٠٩) دا (Abas,2013) .

## ٣-٤. پەیوەندییە دوو قۆڵیەکە و گۆڕانکارییە هەرێمایەتیەکان .

### ٣-٤-١. مەسەلەی کورد

کێشەی کورد لەتورکیاو ناوچەکەدا، کێشەیەکی مێژووییەو، پەیوەندی بەزەوتکردنی ماف و دەستکەوتەکانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتەوە هەیە. بۆیە ئێمەش لەم باسەماندا،هەوڵماندا‌وە هێڵە گشتیەکانی ڕوون بکەینەوە، تەنها خۆمان لەچوارچێوەی ماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٨) دا قەتیس ناکەین، چونکە ئاستی تێگەیشتن و میتۆدی نوسینەکەمان لاوازتر ئەکات .

بەم پێیە مەسەلەی کورد، لەگرنگترین ئەو تەڵەزگانەیە کە ڕووبەڕووی حکومەتە یەکلەدوای یەکەکانی تورکیا بۆتەوە، لە دامەزراندنی کۆماری تورکیای ساڵی (١٩٢٣) ەوە لەسەردەستی مستەفا کەمال ئەتاتۆرك، وەك کێشەیەکی درێژخایەنی مێژوویی، هەڕەشە لە ئابوریی و ئاسایشی وڵاتەکەو پێکەوەژیانی ئاشتیانە ئەکات، لەگەڵیشیدا لەڕووی جوگرافیشەوە گرفت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دروستەکات، زۆرجاریش کێشەی کورد وەك کارتێك لە ململانێ جیهانی و هەرێمایەتیەکاندا بەکار هێنراوە لەگەڵ وڵاتانی تردا .(Gurbuz,2015,P.3)

بەدیاریکراوی: (١٩٤٤٠٠) سەدو نەوەدو چوار هەزارو چوار سەد کیلۆمەتری خاکی کوردوستان کەوتۆتە بەر تورکیا، بەتەنها خاکی کوردوستانی گەورە (٤) چوار هێندەی خاکی بەریتانیایە. تورکەکان هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردیان بە تراژیدیترین شێوە دامرکاندۆتەوە،" شێخ سەعیدی پیران" و هاوڕێکانیان ساڵی (١٩٢٥) لە سێدارە دا و (٢٤٣) شەرکەری کوردیشیان کوشت ( Balci& .(Kardaş,2012,P. 105

حکومەتی تورکیا لە ساڵی (١٩٣٩) بۆ لەناوبردنی شۆڕشی دەرسیم (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار کوردی لەناودا.. لەمدواییە سەرۆکی حکومەتی تورکیا "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان" لەبارەی تاوانی کۆمەڵکوژیی دەرسیمەوە، تەنها دانی بە کوشتنی (١٤٠٠) کورد دا نا و، داوای لێبوردنی کرد و، تاوانەکەشی خستە ئۆباڵی پارتی گەلی کۆماریی ڕەگەزپەرست، ئەوکاتە فەرمانڕەوایی وڵاتیان لەدەستدا بووە.

**هەرچەندە لە هەموو سەردەمەکاندا حکومەتە تورکییەکان پرسی کوردیان فەرامۆشکردووەو، بە جۆرەها شێوە سەرکوتیان کردون (dle,2013) . بەگشتی هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا کوردیان کوشتووەو مافیشیان نەداوەتێ.**

**لە بەرانبەر هەموو ئەم کارانە دژ بە نەتەوەیەك کە شەڕی ناسنامەو چارەنوسی خۆی ئەکات، پارتێکی چەپی شۆڕشگێری کوردی، ساڵی (١٩٨٤) بەناوی حزبی کرێکارانی کوردوستان (PKK) دروستبو، بەڕێبەرایەتی " عەبدوڵڵا ئۆجەلان". لە سنورەکانی "سوریاو لوبنان" لەگەڵ بەرگریکارە لوبنانی و فەلەستینیەکاندا، مەشق و ڕاهێنانی چەکداریان کرد، تا دواتر گەڕانەوە شاخەکانی کوردوستان و، جاڕی شەڕیان دا لە دژی حکومەتی تورکیا .**

**بونی کورد لە تورکیا نکۆڵی ناکرێت و، (٢٠٪) ی دانیشتوانی تورکیا پێك ئەهێنن، هەموو مافێکی مرۆیی و نەتەوەییان لێ زەوتکراوە، تەنانەت بۆیان نەبووە بە زمانی خۆیان ئاخاوتن بکەن، هەتا ساڵی (١٩٩١)یش بونی حزب و گروپی کوردیی تاوانێکی گەورە بووە، لەبەرانبەردا فشارە چەکدارییەکانی پەکەکە کاریگەرییەکی بە زەبری لەسەر دەوڵەتی تورکیا هەبوە و، تا ساڵی (٢٠١٣) نزیکەی (٤٥٠٠٠) هەزار کوژراو لەهەردولادا بونی هەبووە،(٢٠٠٠) لادێی کوردیی لە تورکیا بە هۆی شەڕەوە ڕووخاوە (Dli,2013).**

**داخوازیی کوردەکان هەنوکە بریتی بووە لە:**

- **مافی خوێندن بەزمانی دایك لەخوێندنگەو ناوچە کوردییەکان.**

**-   پێدانی حوکمی خۆبەڕێوەبردن، یان لانی کەم پێدانی دەستەڵات لەچوارچێوەی دانانی ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە پارێزگاو شارەوانییەکان.**

**-   ئازادکردنی دەیان هەزار کورد لەزیندانەکانی تورکیا.**

**ئازادکردنی ڕێبەری پەکەکە "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" کە لەساڵی (١٩٩٩) ەوە بە پیلان و گەلەکۆمەکیەکی نێودەوڵەتی لە نەیروبی پایتەختی کینیا گیراوە و، دواتر ئیسرائیل ڕادەستی تورکیای کردەوە.**

**دوای هاتنی دادوگەشەپێدان بۆ سەردەستەڵات، پارتی گەلی دیموکراتی وەك باڵێکی سیاسیی پەکەکە لەتورکیادا دروستبو، ساڵی (٢٠٠٢) نەیتوانی بەربەستی (١٠٪) تێپەڕێنێت و بچێتە پەرلەمانەوە، ساڵی (٢٠٠٧) و (٢٠١١) ش وەك حزب بەشداری هەڵبژاردنەکانی نەکرد، بەڵکو پاڵێوراوی سەربەخۆی هەبو، لەساڵی (٢٠١٥) دا، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا و توانی (٨٠) کورسی لەپەرلەمانی تورکیا مسۆگەر بکات (Balci& Kardaş, 2012, P.106).**

**هەرچی پەکەکەیە، وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەلیستی هەر یەك لە: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو یەکێتی ئەورووپا و تورکیاو ئوسترالیادا.. ناوی هاتووە. بەپێی گوتەی ڕابەری دەستگیرکراوی پەکەکە "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" بە تیرۆریست ناساندنی پەکەکە، لەبەر ئەوەیە کە وڵاتانی خۆرئاوا بەرژەوەندیی ئابوریی و سیاسییان لەگەڵ تورکیا هەیە (Dle,2013) .**

**لەکاتێکدا پاش (٣٢) ساڵ پەکەکە لەساڵی (٢٠١٥) دا، بووەتە خاوەنی:  (١٧٠٠٠) هەزار گەریلا لەشاخ و (١٢٠٠٠) هەزار شەهید، (٥٣) ئەندام پەرلەمان لە تورکیا، نزیکەی (١٠) ملیۆن دەنگدەر و**

(١٠٠) سەرۆکی شارەوانی و (٣) ملیۆن پشتیوانی کوردانی تاراوگە.. ئەم هێزە، خاوەنی (٢٥) حزب و ڕێکخراوی سیاسی و هێزی گەریلاییە لەهەر (٤) پارچەی کوردوستان، بەپێی سەرچاوە نارەسمیەکان سالآنە نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن یۆرۆ داهاتی کۆکراوەی پەکەکەیە، (١٠) کەناڵی ئاسمانی هەیە.

بەگشتی، سەردەمی هاتنی پارتی دادوگەشەپێدان بۆ حوکم و ماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٨) بە قۆناغی "دامەزراندنی ئابوریی " ناسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا پشت ئەستورە بە باسوخواسی قۆناغی ئاشتی و گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە. لەم پێناوەشدا بەهۆی باسوخواسی ئاشتیەوە، لەئاستی نێوخۆیی دا تورکیا ئارامییەکی سیاسیی بەخۆیەوە بینی، ڕێژەی گەشتیار و بوژانەوە زیادی کرد، تورکیا لەم نێوانەدا (٣٠-٣٥) ملیار دینار قازانجی کرد. بەپێی ووتەی وەزیری دارایی تورکیا "محەمەد شیمشیك" لەکاتی تاوتوێکردنی بودجەی ساڵی (٢٠١٥) دا گوتی" جەنگ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردوستان لەسەرەتاوە تائێستا (٤٣٥) ملیار دۆلاری ئەمریکی تێچونی هەبوە، چاودێران گومانیان لەو ژمارەیە هەبو کە وەزیری دارایی درکاندی، چونکە بە پێی ڕای ئابوریزانان و لایەنەکانی خەملآندن بۆ زیانەکانی تورکیا، لەجەنگ دژی پەکەکەدا، تورکیا (٨٨٠) ملیار دۆلار زیانی کردووە (Dle,2013).

لەو ماوەیەدا (٢٠٠٢-٢٠٠٨) ئەردۆگان هەندێ کاری بە ئاڕاستەی نیشاندانی نیەت، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی مەسەلەی کوردەوە نیشاندا، وەکو: ڕێگەدان بە قسەکردن بە زمانی کوردیی !. وە کردنەوەی کەناڵی ئاسمانی (TRT6) بەزمانی کوردیی، ئازادکردنی سەدان گیراوی سیاسیی کورد لەزیندانەکان، ڕێگەدان بەوەی شاندی کوردی سەردانی

"عەبدوڵڵا ئۆجەلان" بکەن لە زیندانی ئیمراڵی.. هەروەك ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری پێشوی دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند" دانوستانی حکومەت لەگەڵ (PKK) بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا دەمێکە دەستی پێکردووە "(Gurbuz,2015,P.3).

ئەگەرچی پرسی کورد بووە بە تۆپیکێکی جیهانی و لەڕووی سیاسییەوە زۆر پێشکەوتووە، دواجار لەناوەڕۆکدا تورکیا مافەکانی کوردی لەدەستوردا دەستەبەر نەکردووە. یا تورکیا خۆی لە بنچینەدا هێشتا نەبووە بە دامەزراوەو موئەسەسات ؟!. هێشتا بە پێی دەستور "ئەوەی لە تورکیا بژی، تورکە"!. هەندێکجاریش ئەردۆگان کێشەی کوردی وەك کارتێك بۆ مانەوەی خۆی لە کورسی دەستەلاتدا بەکارهێناوەو، دەنگی پێ کۆکردۆتەوە.. دەرئەکەوێت پرسی دانوستان لەگەڵ پەکەکە و، هێورکردنەوەی کوردەکان لە تورکیا، پەیوەستە بەو بەرژەوەندیی و پلانە ستراتیجیەی تورکیا هەیبوە لەگەڵ: هەرێمی باشوری کوردستان، عێراق، سوریا، لەناوچەکەدا، بەجۆرێك تاکە خاڵی سنوری نێوان عێراق و تورکیا، دەروازەی "برایم خەلیل" ە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەی ئەبات، جگە لەو دوو بۆڕییە نەوت و غازییەی لە باشوری کوردوستانەوە، بەرەو تورکیاو لەوێشەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا یان بەندەری حەیفاو ئیسرائیل ئەڕوات (Gurbuz,2015,P.9).

### ٣-٤-٢. کێشەی فەلەستین

سەرەتاکانی هاتنی حزبی دادوگەشەپێدان لە تورکیا (٢٠٠٢-٢٠٠٨) جگە لەوەی قۆناغی بونیادنانەوەی ژێرخانی تورکیا و، بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و دەستکەوتی ئابوریە، سەرەتای

گەڕانەوەشە بۆ کۆڕبەندی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ڕەفتاری سیاسیی تورکیا هەر لە هەڵوێست و لێدوانەکانیەوە تا دەستپێشخەرییە دیبلۆماسیەکان، کرانەوەیەکی تەواو بو، بەڕووی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دا. وەکو: دەستوەردان بەئاڕاستەی پرۆسەی ئاشتی لە فەلەستین، مەسەلەی سەربازە ئیسرائیلیەکە"جولعاد شالیت"، هەوڵدان بۆ یەکڕیزی سەرکردایەتی سیاسیی فەلەستین، ئیدانەکردنی ئابلۆقە خستنە سەر غەززەو بۆردومانەکانی ئیسرائیل. کۆمەك کۆکردنەوەو هاوکاری مرۆیی بۆ لێقەوماوانی فەلەستین ( Lindenstrauss & Kivam, 2014, p. 10).

ئەردۆگان لە لێدوانەکانیدا، ووتی " تۆماری تاپۆی فەلەستین پارێزراوە لەئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی دا"(Ghaul, 2011, p.123P). وەزیری پێشوی دەرەوەی تورکیا "عەلی باباجان" یش ئەیگوت " ئێمە هەست بە بەرپرسیاریەتێکی مێژوویی ئەکەین بەرانبەر فەلەستین و کێشەی فەلەستین ". هەروەکو باوکی ئیسلامی سیاسی و سەرۆك وەزیرانی پێشوی تورکیاش ئەڵێت " فەلەستین تەنها هی فەلەستینیەکان نییە، و بەتەنها بۆ عەرەبیش نییە، بەڵکو بۆ هەموو موسڵمانانە بەگشتی "( Hssan, 2012,p.43).

لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك ساڵی (٢٠٠٢) حزبی دادوگەشەپێدان لە تورکیا دروستکرا، بەدواداچونی ووردیان بۆ ئەوە کرد، کە ئەو شتانە چین ڕای گشتی تورکی بەلایەوە گرنگە؟. لەو سۆنگەیەوە مەسەلەی فەلەستین یان وەك کارتێك بەکارهێنا، چونکە لەڕووی ئاینی و مێژوویەوە شەقامی تورکی هاوسۆزە لەگەڵ فەلەستینیەکان. ئیسرائیلیش لەوکاتەدا

ئابڵوقەی توندی خستبونە سەر، سیاسەتی تورکیاش بۆ خۆی گەڕانەوەیە بۆ قووڵایی ستراتیجی و، بایەخدانە بە دەوروبەرو وڵاتانی ئیسلامی. هەموو ئەمانە هاوکار بون بۆ ئەوەی دادوگەشەپێدان ئەو کارتە بەسەرکەوتوویی بەکاربهێنێت.

هەڵوێستی تورکیا بەرانبەر فەلەستین بەجۆرێك بو، کە :" تورکیا دەوڵەتی دیموکراتیەتە، باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتیەکان هەیە. باوەڕی بە مافی گەلان هەیە کە سەربەخۆیی وەربگرن.!. بەتایبەتی لەژێر سایەی چاکسازیی دەستوریی دا کە تورکیا لەوماوەیەدا (٢٠٠٢-٢٠٠٨) بەخۆیەوە بینی، ئەم هەنگاوەش پشت ئەستورە بەوەی کە ئازادی تاکەکەس زیاد بکات، مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت، تا ببنە سەرەتایەك بۆ چونە ناو یەکێتی ئەوروپا" ( Report and Information, 2010, P.34).

تورکیا لەهەڵوێستەکانی دا، پاڵپشتی فەلەستینی کرد، لەمەڕ پێویستی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانە تایبەت بە فەلەستین، بەو پێیەی تورکیا ئەندامە لە ڕێکخراوە نێو- دەوڵەتیەکان. ئەرکیشیەتی داوا بکات بڕیارە نێودەوڵەتیەکان جێبەجێ بکرێت. لەلایەکی تریش هەڵوێستەکانی حکومەتی تورکیا بەرانبەر کێشەی فەلەستین، پاڵپشتە بەهێزێکی جەماوەری گەورە، کە هاوسۆزی ئاینی و مێژوویی بۆ فەلەستینیەکان هەیە، بۆیە سەرۆك وەزیرانی پێشوو "ئەردۆگان" ئەیگوت" ئێمە کەبڕیارێك لەسیاسەتی دەرەوەماندا دەرئەکەین، لێکدانەوەمان بۆ خواستەکانی گەل کردووە" (Aras,2009,p.3).

**دیدگای تورکیا لەوێوە سەرچاوەی گرتبو، کە ڕۆڵی لە مەسەلەی فەلەستین دا، ئەبێتە بنەمایەك بۆ بەرجەستەکردنی ئاسایش و ئارامی ئیقلیمی و نێود-دەوڵەتی، لەبەرئەوەی بە سوودی سیاسیی و ئابوریی لەسەر تورکیاو ولاّتانی ئیقلیمی ئەشکێتەوە. وایان ئەڕوانیە کێشەی فەلەستین کە کلیلێکە بۆ ئارامیەکی ئیقلیمی و نێو-دەوڵەتی. بۆیە تورکیا پشتگیریی سیاسیی و ئابوریی بە ئاڕاستەی هاتنە دی ئاشتی لە فەلەستین کرد، جگە لەوەش دەستوەردانی پۆزەتیڤانە لەفەلەستین بۆ تورکیا ئەبووە هۆی سەرەتای کرانەوەیەکی باشتر لەگەڵ هەموو ولاّتانی عەرەبیدا، کەدەیان ساڵە عەرەبەکان بە "بەکرێگیراوی جولەکەو خۆرئاوا ناوی ئەبەن"... لێرەوە هەڵوێستی ڕوونی هەبو لە پەیوەند بە شەڕ لە غەززە. پاڵپشتی کەوتنەوە سەر پێی پرۆژەی گەشەپێدانی ئابوریی کرد، ئەمە ئەوە بو کە وەزیری پێشوی دەرەوەی تورکیا "داود ئۆغلۆ" ئەیگوت" تورکیا لەناو جەرگەی هەموو بەرەو پێشچونەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا بونی ئەبێت، بەشێوەیەکی ئاشتی و بە ئامرازی ئابوریی و کلتوریی " (Basl,8\9\2011).**

**لە (٣٠ی نیسانی ٢٠٠٣) وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەقێکی فەرمیی بەناونیشانی "نەخشەی ڕێگا" ڕاگەیاند، کە جەخت لە ڕێگاکانی گەیشتن بە ئاشتی ئەکاتەوە لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاست، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی چواریی (اللجنه الرباعیه) یان داناوە، کە پێکدێت لە: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، ڕووسیا و،نەتەوەیەکگرتوەکان. نەخشەکە (٣) قۆناغ لەخۆ ئەگرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتی و دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینە.**

قۆناغی یەکەم: کۆتایی هێنان بە تیرۆر و توندوتیژیی، وە ئاسایی کردنەوەی ژیانی فەلەستینیەکان، خێرا بیناکردنی دامەزراوە فەلەستینیەکانە لەماوەی (٢) مانگدا. قۆناغی دووەم: قۆناغی گواستنەوەیە لە (حوزەیرانی ٢٠٠٣ەوە بۆ کانونی یەکەمی ٢٠٠٥) ئەخایەنێت.. قۆناغی سێهەم: ڕێککەوتنی هەمیشەیی و کۆتایی هێنان بە ململانێی ئیسرائیل- فەلەستینی لەماوەی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) دا (Gurkaynak,2007,P.98) .

لە (٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٣) نوسینگەی ڕۆژنامەوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا، بەیاننامەیەکی دەرکرد، تیایدا هاتووە کە سەرۆکی حکومەتی تورکیا "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان" پاڵپشتی لە " نەخشەی ڕێگا" ئەکات. لەهەمان کاتیشدا ئەردۆگان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی "ئاریئیل شارۆن" کرد و، جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کە بەردەوام ئەبن لەسەر بەرەوپێشچونی پەیوەندییەکان لەنیوان هەردوولادا، هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە بوارە جیاجاکاندا چالاکتر ئەکەن، وە تورکیا بەگرنگیەوە لە کۆنگرەی "شەرەم شێخ" ئەڕوانێت، کە لە (٣-٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٣) بەستراوە، وەك سەرەتایەك بۆ جێبەجێکردنی پلانە ئەمریکیەکە تا چارەسەری ململانێی نێوان عەرەب و سەهیۆنیەت بکات. لەهەمان کاتدا ئەمە ئەبێتە ڕێگایەکیش بۆ بەگژاچونەوەی تیرۆر لەناوچەکەدا .

لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، سەرۆکی تورکیا ئەحمەد نەجدەت سیزەر (Ahmed Necdet Sezer) لە (تشرینی دووەمی ٢٠٠٦) دا، بانگهێشت نامەیەکی ئاڕاستەی هەردوو سەرۆکی فەلەستینی مەحمود

عەباس و، سەرۆکی ئیسرائیلی شیمۆن پیریزکرد، کە سەردانی ئەنقەرە بکەن، تاوەکو چاوپێکەوتنێك لەبەردەم پەرلەمانی تورکیادا ئەنجام بدەن، تورکیا ئەیویست نیەتی خۆی لەوەدا تازە بکاتەوە، لەوەی کە خوازیارە نێوەندگیریی بکات لەپرۆسەی ئاشتی نێوان هەردوو لایەنی فەلەستینی و ئیسرائیلی دا. ئەمە لەلایەك بایەخی حکومەتی تورکیا بۆ پرۆسەی ئاشتی نیشان ئەدا، لەلایەکی تریش تورکیا پێداگیریی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو لایەنی ناکۆك ئەکات، لەپێناو ئەوەی نێوەندگیرییەکی سەرکەوتوو لەچوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی دا ئەنجام بدات (Hssan,2012,p.48).

لە (١٣ی ئایاری ٢٠٠٤) دا، هێزەکانی ئیسرائیل دەوری شاری ڕەفەحیان گرتبو، ئابلۆقەیان خستەر. لە چالاکیەکدا کە ناوی " قوس قوزح" یان لێنا، دایانبڕی لە کەرتی غەززە و هەموو پارێزگاکانی تر، (٥٨) هاولاتی فەلەستینی یان کوشت، لەناویاندا (١٢) منداڵ هەبو، (٢٠٠) کەسی تریشیان بریندارکرد، ئینجا هەموو ئەو ماڵە فەلەستینیانەیان ڕووخاند، کە ئەکەونە سەر شریتی سنوریی لەگەڵ میسر دا. کە بەنزیکەیی (١٠٠) شوێنی نیشتەجێبون ئەبون. هەروەها ئیسرائیل ژێرخانی ئەو ناوچەیەی هەموو وێرانکرد، کایەی زانستی پەکخست . جگە لەو پرۆسەیەی دەستی دابویە، هەستا بەگرتنی پزیشك و شۆفێری ئۆتۆمبیلەکانی فریاکەوتن.. لەم سەروبەندەشدا ڕووداوێکی دیار ڕوویدا، کاتێك لە (١٩ی ئایار) خۆپیشاندانێکی ئاشتییانە، بەئاڕاستەی "گەڕەکی تل سولتان" بۆ پرۆتستۆکردنی کارە دوژمنکارییەکانی ئیسرائیل بەڕێوەچوو، لەوێشدا هێزەکانی ئیسرائیل

**(٨) فەلەستینی یان کوشت و، (٥٠) دیکەیان لێ بریندارکردن (Aras,2009,P.5).**

**کاتێکیش جیهانی عەرەبی و فەلەستینی هاواریان لێ هەستا، لە (١٩ی ئایای ٢٠٠٤) ئەنجومەنی ئاسایش لەپەیوەند بەوەی ئیسرائیل خەڵکی مەدەنی کوشتوە لە ناوچەی ڕەفح. بڕیارێکی دەرکرد و، تیایدا هاتوە "دوو دڵیەکانمان زیاد ئەکات، کە بەمدواییە ئیسرائیل هەستاوە بە وێرانکردنی خانوو و پێگەی هاولاتیانی مەدەنی، ئەمەش پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتیە". ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیش بەپێی ڕێککەوتنی جنێف ٤ ڕووخاندنی ماڵ و حاڵی فەلەستینیەکانی بە تاوانی جەنگ وێناکرد.. یەکێتی ئەوروپاش ئیدانەی کارە دوژمنکارییەکەی ئیسرائیلی لە ڕەفح کردو بە نابەرپرسانە بەرانبەر بە ژیانی مرۆیی لەقەڵەمیدا. هەروەك سەرۆك وەزیرانی تورکیاش "ئەردۆگان" ڕەفتارەکانی ئیسرائیلی بە تیرۆر و "تیرۆری دەوڵەت" وێنا کرد (Basl,8\9\2011).**

**وەزیری دەرەوەی تورکیا "عەبدوڵڵا گویل" لە سەردانێکی دا بۆ خاکی فەلەستین لە (٤ ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥) گوتی" ئەم سیاسەتەی ئیسرائیل گرتویەتیە بەر بۆ دژایەتی کردنی گەلی فەلەستین، بە زیان لە دژی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل تەواو ئەبێت". لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا باڵوێزی خۆی لە تەلئەبیب بانگکردەوە بۆ گفتوگۆکردن و نوێنەرایەتی دیبلۆماسی خۆشی لەفەلەستین بەرزکردەوە لەئاستی قونسوڵیەتەوە بۆ باڵوێزخانە. لەوکاتەشدا ئەردۆگان میوانداریی ئارئیل شارۆنی بۆ تورکیا ڕەتکردەوە و، بەهەمان شێوە بانگهێشتنامەکەی**

ئیسرائیلیشی ڕەتکردەوە کە سەردانی تەلئەبیب بکات. گوتی" ئەم سەردانە لەخشتەی کارەکانمدا نییە".

" ئەگەر تەماشا بکەین، هەڵوێستەکانی تورکیا هاوتایە لەگەڵ هەڵوێستی ڕای گشتی جیهانی و ئەنجومەتی ئاسایش، بەرانبەر کوشتنی بەکۆمەڵی فەلەستینی ".

لە (حوزەیرانی ٢٠٠٥) دا، ئەردۆگان سەردانی تەلئەبیبی کرد. هەڵوێستی تورکیای بۆ ڕوونکردنەوەو گوتی" پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئیسرائیلە باشە، ڕەخنەی ڕاشکاوانەشمان لەخۆمان قەدەغە نەکردووە، هیوادارم سەردانەکەم پاڵنەرێکی باش بێت بۆ پەیوەندییەکانمان ".. وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل "سیلڤان شالوم" یش گوتی " ئەکرێت تورکیا پردێك بێت بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا "(Hssan,2012,p.51).

لە (٢٥ی کانونی دووەمی ٢٠٠٦) دا، لە هەڵبژاردنێکی ئارام و بێگەردا، بە ئامادەبونی ژمارەیەکی زۆر لەچاودێرانی نێودەوڵەتی و شیکەرەوە سیاسیەکان، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانانی فەلەستینی (پەرلەمان) بەڕێوە چوو، کە تیایدا بزوتنەوەی حەماس " لیستی گۆڕان و چاکسازی" سەرکەوت و (٧٦) کورسی لە کۆی (١٣٦) کورسی بەدەستهێنا.

ئەگەرچی حەماس، بەڕێگەی هەڵبژاردنێکی ڕاست و دروست، بەدەنگی خەڵك و پیادەکردنی دیموکراتیەت، هاتبوە سەر دەستەڵات، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا و ئیسرائیل، دانیان پیادا نە نا، هاوکاری و کۆمەکیان بۆ فەلەستین ڕاگرت، کۆی لایەنە

ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان داوایان کرد، حەماس لە "توندوتیژیی" دوور بکەوێتەوەو هەروەها دان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا بنێ .(Lindenstrauss&Kivam,2014,P.11)

هەڵوێستی دیارو لەناکاو لێرەدا دەرئەکەوێت، کە تورکیایە، بانگی ئەوەیدا کە پێویستە ڕێز لە بژاردەکانی گەلی فەلەستینی بگرین، وە بزوتنەوەی حەماس وەك حکومەت قبوڵ بکەین.. ڕۆژێك دوای ئەوەی سەرکەوتنی حەماس ڕاگەیەندرا. لە (٢٧/کانونی دووەمی ٢٠٠٦) دا سەرۆك وەزیرانی تورکیا "ئەردۆگان" لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ سەرۆکی پاکستانی، کە دەستپێشخەرییەکی هاوبەشیان پێشکەش بە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کرد، لەپێناو نێوانگیریی کردنی فەلەستین و ئیسرائیل، هاوکات ئەردۆگان ڕەخنەی لەو سزا ئابورییە گرت، کە ئیسرائیل فەرزی کردووە بەسەر فەلەستین دا و گوتی " ئەمە دیموکراسی کۆت و بەندکراو دروست ئەکات، پێچەوانەی ڕێزگرتنە لە گەلی فەلەستینی".

هەر سەبارەت بەو ئابلۆقە ئیسرائیلی و نێودەوڵەتی و تەنانەت عەرەبییەی کە خراوەتە سەر بزوتنەوەی حەماس، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حەماس "خالید مشعەل" لە (١٦ی شوباتی ٢٠٠٦) سەردانی ئەنقەرەی کردو، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا "عەبدوڵڵا گویل" و ژمارەیەك لەفەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە کۆبوەوە. ئەوەی لەم سەردانەش جێگەی پرسیار بو، ئەوەبو نەدەزانرا ئایا خالید مەشعەل لەگەڵ حزبی دادوگەشەپێدان کۆئەبێتەوە یان وەزارەتی دەرەوە، کام لایەنیان بانگهێشتی ئەویتریان کردووە ؟!. یاخود هاتنەکە لەسەر خواستی مشعەل بووە.. بۆیە

ئەردۆگان نەیتوانی لەم سەردانەدا لەگەڵ سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی حەماس کۆببێتەوە، عەبدوڵلا گویل لەبارەگای حزب لە ئەنقەرە پێشوازی لە مشعەل کرد. هەرچۆنێك بێت سەردانەکە هەنگاوێکی باشبو، بۆ فشاردانان تا ئابلۆقەکە بشکێنرێت لەسەر فەلەستین .

داوای تورکیا لە حەماس ئەوەبو کە: دان بە ئیسرائیل دا بنات و، واز لەو ڕەفتارە توندوتیژیانەی پێشوتر بهێنێت و، سیاسەتی خۆی بگۆڕێت. لەسەر ئەم بنەمایەش تورکیا هاوڕێیەتی حەماس ئەکات . (Aras,2009,p.6)

سەردانەکەی "مشعەل"، گەلێك کاردانەوەی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ سەر تورکیا هەبوو، دیارترینیان، ئەوەبو ووتەبێژی سەرۆکایەتی حکومەتی ئیسرائیلی (رەعنان غیسین-Raanan Gissin) بو،کە گوتی " ئێمە لە حکومەتی تورکیا ئەپرسین، هەست بەچی ئەکەن ئەگەر حکومەتی ئیسرائیل پێشوازی لە عەبدوڵلا ئۆجەلان بکات ؟!"(Hssan, 2012 ,P. 54).

"تورکیا حەماس وەك بزوتنەوەیەکی تیرۆریستی نابینێت".. ئەمە سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە ئاگادارینامەکەی بۆ ئەمریکا دووپاتی کردۆتەوە، بەوەی تورکیا بزوتنەوەی حەماس لە ڕیزی گروپە تیرۆریستەکاندادانانات. بەڵکو حەماس: بزوتنەوەیەکی بەرگریکارە لە خاکی خۆی، ئەندامەکانی لە زیندانەکانی ئیسرائیلدان، لەگەڵ ئەمەشدا لە پرۆسەی هەڵبژارنێکی دیموکراتی دا ڕەوایەتی بەدەستهێناوە . (Gurkaynak, 2007,P.104)

له (٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧) کۆنگرەی "ئەنابولس" بۆ ئاشتی له ویلایەته یەکگرتوەکان گرێدرا، بۆ پیاچونەوە بە دانوستانەکان و چۆنیەتی بەرێوەچونی پرۆسەی ئازادی، وە کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی" نەخشەی رێگا" بەتایبەت لەدوای شکست هێنانی لوتکەی کامب دیڤید، ویلایەته یەکگرتوەکان هەستا بە بانگهێشتکردنی (٤٠) دەوڵەت و رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ بەشداریکردن له کۆنگرەکە، کە یەك رۆژی خایاند. تورکیاش بەشداریی تێدا کردو پێشوازی لە ئەنجامەکانی کۆنگرەکە کرد، سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لەزاری "عەبدوڵڵا گویل" ەوە، بەیاننامەیەکی دەرکرد کە: بڕیاری پیاچونەوە بە دانوستانەکان هەنگاوێکی دروستەو، هەموو لایەنەکانیشی بانگکرد بۆ ئەوەی لەدەوری پرۆسەی ئاشتی کۆببنەوە ..

بەلأم.. لەلایەکی ترەوە، ئەردۆگان حاڵەتەکەی وا ناساند، کە ئومێدی گەیشتن بە رێککەوتنی فەلەستین و ئیسرائیل زۆرکەمە، ئەگەرەکانی سەرکەوتنی دانوستان لە پلەی سفردایە، چونکە گرفتە هەڵواسراوەکانی هەردوولایەن جەوهەرییەو، تەنها مەسەلەی داگیرکردنی خاك نییە .(Lindenstrauss&Kivam,2014,P.8)

کەواتە، لێرەوە دەرئەکەوێت بەشداری کردنی ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گویل، وە لە کۆنگرەکەدا، وە لێدوانەکانیان، تەنها مەبەست لێی پاراستنی ئاسایش و ئارامی بووە، کە گوایە تورکیا لە ڕووی هەرێمایەتی و نێو-دەوڵەتییەوە هەوڵی بۆ ئەدات... لەمەش واوەتر ئەوەیە تورکیا لەسەردەمی ئاکپارتیدا، چەندین جار پێشنیارەکانی ئەمریکای ڕەتکردۆتەوەو، تورەی کردووە، تەنانەت دواجار کە لەگەڵ ئیسرائیلدا

پەیوەندییەکان ئەپچڕێنێت، ئەچێت ئێران و بەرازیل بەیەك ئەگەیەنێت بۆ ئەوەی ڕێککەوتن لەسەرمەسەلەی گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمی بکەن .!.

### ٣-٤-٣. جەنگی ئەمریکا لە عێراق -٢٠٠٣

لەدوای جەنگی ساردەوە، پرسی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە (٩ی نیسانی ٢٠٠٣) بە مەترسیدارترین مەسەلە ئەژمێررێت، کە کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندیی ئەمریکی – تورکی داناوە، بەجۆرێك کە هەریەکێکیان بە شێوازێك مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان ئەکەن لەدوای ڕووخانی ڕژێمی (سەدام حوسەین) لە عێراق، بەتایبەتی لە پەیوەند بە کێشەی کوردەوە لەناوچەکە (Hinnebusch,2007,p.10).

هەر یەك لە تورکیاو ئەمریکا، بەرژەوەندیی سیاسیی و ئەمنی تایبەتیان هەیە، لەدوای گۆڕانکارییە سیاسیەکان لەعێراق.. ویلایەتە یەکگرتوەکان تاڕادەیەکی باش وەڵامدەری پرسی کورد بون لە باکوری عێراق (باشوری کوردوستانی گەورە)،کە پەیوەست بو بە فیدراڵیەت و چارەسەری کێشەی پارێزگای کەرکوك..

کوردەکان لەعێراق، بە داگیرکردنی عێراق ئەڵێن ( پرۆسەی ئازادی عێراق-٢٠٠٣)، پرۆسەی ئازادی بوو، لەدەست ئەو سەدام حوسەینەی کە بەچەکی کیمیاوی (٥٠٠٠) کوردی لەناودا، لەپرۆسەی ئەنفالی (١٩٨٨) دا، بە (٨) قۆناغ نزیکەی (٢٠٠٠٠٠) دووسەت هەزار کوردی زیندەبەچاڵکرد، ئەگەرچی کورد لەساڵی (١٩٩١) دا ڕاپەرینی دژی

ڕژێمی بەعس کردو، توانی لەسەر (٤٩٠٠٠) کم٢ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردوستان ڕابگەیەنێت، بەلاّم حکومەتی عێراق تا ساڵی (٢٠٠٣) ئابلۆقەی لەسەر کوردەکان دانابو، لەدوای ڕووخانی ڕژێمەوە، کورد چونەوە شاری کەرکوك و سنورە مێژووییەکانی خۆیان، بەشدارییان لە بیناکردنەوەی عێراقێکی نوێدا کرد، ساڵی (٢٠٠٥) سەرۆك کۆماری عێراق درا بە ڕابەرێکی بەکورد " جەلال تالەبانی" کە سکرتێری حزبی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان بو، حزبەکەی (٢٨) ساڵ بو دژی ڕژێمێکی دیکتاتۆر ئەجەنگا

بەگشتی لەڕووی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەلاّیەتیەوە، پرسی کورد لەعێراق سەدا سەد چووە پێش.. کە ئەمە مایەی قەڵسبونی تورکیا بو لەناوچەکەدا. چونکە پێیان وابو پاڵپشتی ئەمریکا بۆ کورد بەزیانی نەتەوەیی تورك تەواو ئەبێت. سەرباری ئەوەی (PKK) لە نێوگۆڕانکارییەکاندا، وەك هێزێکی چەپی شۆڕشگێر لە باکوری عێراق دژی حکومەتی تورکیا سالاّنێکی زۆر بو لەشەڕدا بو.

هەر بۆیەش لە (١ی ئازاری ٢٠٠٣) ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا، ڕەتی کردەوە ڕێگە بە ئەمریکا بدات، لەخاکی تورکیاوە هێرش بکاتە سەر عێراق. چونکە جگە لەپێشکەوتنی پرسی کورد، لێکەوتەی خراپی بۆ سەر تورکیا ئەبو (Kirisci,2007,P.2). لە زهنیەتی ناوەندی بڕیارو سوپای تورکیادا، کە سەدام ڕووخا، کوردەکان لەعێراق دەوڵەت ڕائەگەیەنن، وا ئەکات کوردی تورکیا هەڵسێتەوەو داوای دەوڵەت بکات، بۆیە ئەمە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی تورکیاو، ئیسرائیلیش لەڕێگەی هێزە سەربازیی و هەواڵگرییەکانیەوە لە

باکوری عێراقەوە، کۆششی بۆ ڕوخانی سەدام ئەکرد، لێرەوە بارگرژیی کەوتە نێوان هەردوولاوە، سوپای تورکیا جووڵەی پێکرا بە ئاڕاستەی باکوری عێراق، تەنانەت تا دوای (٣) ساڵیش لە ڕووخانی سەدام مەلەفی عێراق لە تورکیا هەرلای سوپابوو، لەدواییدا کە پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردوستان ئاسایی بونەوەو، بەغدا کەوتە سەرسکەی خۆی و، بەرەو لاوازیی چوو، ئەم مەلەفە لەسوپاوە گواسترایەوە بۆ وازارەتی دەرەوەی تورکیا.

هەمان ڕۆژ (١ی نیسانی ٢٠٠٣) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (کۆڵن پاول) سەردانی ئەنقەرەی کرد. سەردانەکە هەوڵێکی دیبلۆماتی بوو، کە ئەمریکا دەستپێشخەریی کرد لە کەمکردنەوەی ئەو شۆکەی تووشی پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو واشنتۆن بو بو، بەهۆی ئەوەی پەرلەمانی تورکیا ڕێگەی نەدا هێزەکانی ئەمریکا لەخاکەکەیەوە بپەڕنەوە بۆ باکوری عێراق.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، کە هەر یەك لە: وەزیری دەرەوەی تورکیاو هاوتا ئەمریکیەکەی کۆڵن پاول لەسەر ڕووداوەکان سازیاندا، پاوڵ گوتی" ویلایەتە یەکگرتوەکان و تورکیا هاوکاری یەکتر ئەبن، لە پێشکەش کردنی یارمەتی مرۆیی بۆ عێراق و سەرلەنوێ بیناکردنەوەی لەماوەی دوای جەنگدا".. لەوەش زیاتر پاوڵ وتی " لەئێستادا پاڵپشتی تەواوی ئەنقەرە، بۆ خواستەکانی ئەمریکا، کاریگەرییەکی باشی ئەبێت، کۆنگرێسی ئەمریکا بڕیاری پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی بۆ تورکیا پەسەندکردووە، بە بڕی (١) یەك ملیار دۆلار.". بەزانینی ئەوەی لەم ساتە مێژووییەدا تورکیا لەقەیرانێکی گەورەی داراییدا بووە". هەروەها

پاوڵ وتیشی " تورکیا ئامادەیە رێگە بدات، خواردن و خۆراك و سووتەمەنی و شتی دیکە بگوێزرێتەوە، بۆ هێزەکانی ئەمریکا لە باکوری عێراق ". هەروەك "گویل" یش وتی " هیوامان وایە، ئەم جەنگە درێژە نەخایەنێت و، بە کەمترین زیان لەهەردوو لایەن کۆتایی بێت " وتیشی " تورکیا لە هاوپەیمانێتی دا، وا مامەڵە ئەکات کە هاوکاری وڵاتانی هاوپەیمانی بکات، بۆیە فڕۆکەکانی ئەمریکا ئەتوانن فڕۆکەخانەکانی تورکیا بەکار بهێنن ئەگەر کێشەیەك ڕوویدا.
.(Mahmud, 2007, p. 4)."

لەبارەی بڕیارەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیاشەوە، عەبدوڵلا گویل ئاماژەیدا، کە " پەرلەمانی تورکیا لەسنورێکی یاساییدا بڕیاری داوە، کە تورکیا پشتگیریی ئەمریکا بکات ".. گویل جەختیشی کردەوە کە سەردانەکەی کۆڵن پاوڵ بۆ بەرز ڕاگرتنی پەیوەندیی ئەمریکاو تورکیا بووە، تاوەکو سەر بکەوین بەسەر هەموو ئەو گومان و تەنگژەیەی لەپەیوەندییە دوو قۆڵیی دا دروست ئەبن، دواتر پاوڵ کۆتایی بەقسەکانی هێنا لەگەڵ هاوتا تورکیەکەی بەوەی وتی " هەموو ئەو کێشانە چارەسەر ئەبن، کە ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا بە ترسی زانیوە، ڕێگەنادەین بەڕوودانی هەر پێشکەوتنێك لە باکوری عێراق، کە لای تورکیا نە خوازراوە "(Mahmud,2007,p.5) .

لە (٢٤ی نیسانی ٢٠٠٣) دا، سەرۆك وەزیرانی تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ) پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکی جۆرش دەبلیو بوش (George W.Bush,2001-2008) ئەنجامدا، سوپاسی وڵاتەکەی گەیاندە ئەمریکا بۆ ئەو هاوکارییە داراییەی پێشکەشیان

کردووه، بەبڕی (١) ملیار دۆلار. وە ئەردۆگان دوو دڵی و نیگەرانی خۆشی ڕاگەیاند، سەبارەت بەو نامەیەی کە ساڵانە بووش پێشکەشی ئەرمەنییەکانی ئەمریکای ئەکات، داوای لێکرد ووشەی کۆمەڵکوژیی یان (جینۆساید) لەنامەی ساڵانەیدا بۆ ئەرمەنەکان بەکارنەهێنێت.

لە (٢٥ی ئایاری ٢٠٠٣) دا، جارێکی تر پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە ئەردۆگانەوە بۆ بووش دروست ئەبێت، تیایدا ئەردۆگان لەناخی دڵەوە پرسە نامەی خۆی و وڵاتەکەی ئەگەیەنێتە سەرۆکی ئەمریکا، سەبارەت بە ڕووداوی تەقینەوەکەی ریاز، کەچەند سەربازێکی ئەمریکی تیایدا گیانیان لەدەستدا". تیایدا جۆرج –دەبلیو-بووش سوپاسی ئەردۆگان ئەکات و، پاڵپشتی تەواوی ئەمریکا بۆ حکومەتەکەی دووپات ئەکاتەوە، جەختیشی کردەوە کە پرسی کورد لە باکوری عێراق بەپێی خواستی تورکیا ئەبێت و، هەردوو لا کار لەسەر پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق ئەکەن (Zanotti,2011,p.3).

هەر لەپەیوەست بەم پەیوەندییە تەلەفۆنیەوە، ئیدارەی بووش لەسەر زاری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی (کۆندۆلیزا ڕایس) ڕایگەیاند: " کێشەی گەورە لەپەیوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیادا نییە".. ڕایس وتیشی " پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا بەقۆناغێکی قورسدا تێپەڕی و، خێرا چارەسەر کرا، هەردوو وڵات پەیوەندیی ستراتیجی هاوبەشیان هەیەو، بەردەوام ئەبن لەسەری "(Kirisci,2007,p.6).

لەپڕ قەیرانێکی تازە ڕووی کردە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا. ئەویش :

له (٤ ی تەمموزی ٢٠٠٣) هێزەکانی ئەمریکا له پارێزگای سلێمانی (١١) ئەفسەری تورك دەستگیر ئەکەن، بە تۆمەتی ئەوەی پلانیان داناوه پارێزگاری کەرکوك " که بەرەگەز کورده" ئیغتیال بکەن، سەرچاوەی ئەم زانیارییە هەواڵگرییەش، باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا " رۆبەرت بارسون" بووه له ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا. خێرا دوای (٧) کاتژمێر بارسون هەواڵەکه ئەگەیەنێته ولاتەکەی، که" ئەو (١١) ئەفسەره تورکەی له شاری سلێمانی گیراون، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەنامەو ناسنامەیەکیان پێ بێت، وه بەرگی سەربازییان له بەردابێت".. بەپێی بەڵگەنامەکان "یەکێك له ئەفسەرەکان سەر بەهێزە تایبەتەکانی تورکیایە لەبەغداد، له هەوڵ دا بووه پارێزگاری کەرکوك بکوژێت "..

جێگری راوێژکاری دەرەوەی تورکیا " باقی ئیکلین" لەبارەی گرتنی سەربازە تورکەکانەوە بۆ باڵوێزی ئەمریکا وتی " سەربازەکانی ئەمریکا بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ سەربازە تورکەکان ئەکەن هەروەکو ئەوەی فیدائی سەددام بوبن، ئەم مامەڵەکردنە لەولاتی هاوپەیمان ناوەشێتەوە".. بەمشێوەیە لایەنە فەرمی و نافەرمیەکانی تورکیا کەوتنە تیرو توانج لێدان لەهێزەکانی ئەمریکا.. ووتەبێژی فەرمی حکومەتی تورکیا "جەمیل چیچەك " ئەگێرێتەوە که " ئەردۆگان له نیوه شەوی (٥ی تەمموزی ٢٠٠٣) دا، لەگەڵ راوێژکاری سەربازیی (کوسکال کارابای- Koskal Karabay) و یاریدەدەری وەزیری دەرەوە ئوغور زیال بۆ باسکردنی ئەم مەسەلەیە کۆبۆتەوە، سەرۆك وەزیرانی تورکیا حاڵەتەکەی " بەمەترسیدار و هەستیار بۆ رای گشتی تورکیا وەسفکردووه"..

ئینجا لێدوانی بەرپرسانی سەربازیی تورکیا لەوە بەولاتر  ئەڕوات، سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیا "حیلمی ئوزکوك" لە لێدوانێکیدا وتی " قەیرانی متمانەیەکی مەترسیدار، ڕوویکردۆتە دوو وڵاتی هاوپەیمان لە ناتۆ، سوپای تورکیا خەریکە چەند بژاردەیەك تاوتوێ ئەکات، وەك کاردانەوەیەك بۆ مامەڵەکانی ئەمریکا، لەنێویاندا ناردنی هێزی زیاترە بۆ باکوری عێراق، ئوزکوك داواشی کرد کە بەخێرایی سەربازە تورکەکان ئازاد بکەن "..

ئەگەرچی حاڵەتەکە بوو بە قەیرانێك لەپەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا، بەڵام  واشنتۆن لەسەر ئاستی فەرمی هیچ شتێکی ئەوتۆی نەووت، ئەوە نەبێت کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا "کۆلن پاوڵ" پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ هاوتا تورکییەکەی ئەنجامدا، سەبارەت بە ڕووداوەکە.. هەروەها سەرۆك ئەرکانی سوپای "حیلمی ئوزکوك" یش پەیوەندیی کرد بە فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناتۆ جیمس جونز (J.Johns) لەوە ئاگاداری کردەوە کە " گرتنی ئەفسەرەکانمان، ئیهانەیەکە بۆ سوپای تورکیا، بە هیچ شێوەیەك ئەمە مایەی قبوڵ نییە، بۆیە بەخێرایی ئەم دۆخە چاك بکەنەوە"(Gazal, 7\7\2003).

پاشان بۆ ئەوەی  بەرپرسانی تورکیا و ئەمریکا، لەبالاترین ئاستدا ئەم قەیرانە تێپەڕێنن،" ئەردۆگان" تەلەفۆنی بۆ جێگری سەرۆکی ئەمریکا دیك چینی (Dick cheney) کرد، بابەتەکەی جولاند و دیسان داوای کرد "کە ئەفسەرە تورکەکان بەخێرایی ئازادبکرێن، دەنا ویلایەتە یەکگرتوەکان هاوپەیمانێکی بەنرخی لەدەست ئەدات".. دیك تشینی بەڵێنی دا "کە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات" و لیژنەیەکی

هاوبەشی ئەمریکی – تورکی دروست بکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی دەستگیرکردنەکەیان.

لە (٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٣) لەدوای تەنگەژەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا، وەزیری دەرەوەی ئەوکات " عەبدوڵڵا گویل" سەردانی واشنتۆنی کرد، وتیشی " ناکرێت پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانمان،لە ئاستی ئەم ساردی و سڕییەدا بمێنێتەوە ".. لەکۆتایی سەردانەکەیدا گویل چاویکەوت بەهەریەکە لە هاوتا ئەمریکیەکەی کولن پاوڵ و، جێگری سەرۆکی ئەمریکا دیك تشینی و، وەزیری بەرگریی ئەمریکا دۆناڵد ڕامسفێڵد (Donald Rumsfeld)، سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمریکا ڕیتشارد مایەرز (Richard Mayars) و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا کۆندۆلیزا ڕایس و، حاکمی ئیداری و مەدەنی لەعێراق پۆل بریمەر (Bremer). لە گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ئەوەیان ڕوونکردەوە کە "ویلایەتە یەکگرتوەکان و تورکیا دیدگایەکی هاوبەشیان لەسەر زۆر مەسەلەی هەرێمی و جیهانی هەیە، بەهۆی هاریکاری یەکترەوە کۆڵەگە و ڕاگری ئارامین لە عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و قەوقاز و بولقان و ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست "(Mehmud,2007,p.9).

بۆ بنبڕکردنی ئەو ناکۆکیەی لە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی تورکیا و ئەمریکا لەسەر عێراق دەستی پێکردووە، لە (٢٨ی کانونی دووەمی ٢٠٠٤) ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەردانی ئەمریکای کرد. سەردانەکە ئەوەندە بەگرنگ زانرا، تەنانەت سەرۆکی ئەمریکا بووش گوتی " ئێمە لەگەڵ ئەردۆگان پەیوەندیی کەسی خۆمان هەیە،ئەو کەسێکە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵیدا ئاسانە"..

پەیوەندییەکان گەشەی سەند، وای پێهاتبو، ئەمریکا لەڕێگەی تورکیاوە کاری لەسەر عێراق ئەکرد، لە (٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٤) بۆ یەکەمجار سەرۆکی ئەمریکا جۆرج دەبلیو بووش، سەردانی ئەنقەرەی پایتەختی تورکیای کرد، پێش ڕۆژێك کۆبونەوەی لوتکەی ناتۆ ڕووی کردبوە ئیستانبوڵ، بەئامادەگی (٤٦) سەرۆکی ولاّت و حکومەت. بووش لەسەرەتای قسەکانیدا لەگەڵ سەرۆك وەزیران ئەردۆگان گوتی " من ئەم نمونە باشە بەرز ئەنرخێنم، کە ولاّتەکەتان پێشکەشی کردووە، بینیم کە چۆن ئەبێت، دەوڵەتی ئیسلامی و ئیماندار بیت، لەهەمان کاتدا دیموکراتیەت و حوکمی قانون و ئازادیش بونی هەبێت". بەپێی سەرچاوە حکومییەکانی هەردوولا، کۆبونەوەکان باسکردن بون لەو کێشە هەڵواسراوانەی تورکیا بەدەستییەوە ئەناڵێنێت، وەکو: کێشەی ئەمنی عێراق، پارتی کریکارانی کوردوستان، بەئەندامبونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا، قەیرانی قوبرس(Gazal,7\7\2003).

هەروەك سەرچاوە حکومییەکانیش، ئاماژەیانداوە، کە داواکارییەکانی تورکیا تایبەت بووە بە پرسی بەگژاچونەوەی ( PKK) لە باکوری عێراق، بەجۆرێك ئەردۆگان وتویەتی "ئەلقاعیدە چەندە گرنگ و مەترسیدارە بۆ ئەمریکا، پەکەکەش هێندە بۆ تورکیا جێگەی ترسە ". هەروەك ئەردۆگان داواشی کرد " ئەمریکا ڕێگە نەدات کورد دەست بگرن بە سەر پارێزگای کەرکوکدا و، فیدراڵیەتیان هەبێت، یاخود دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرست و مەزهەبی لەناوچەکەدا دروست بێت "..

بە درێژایی دەستەلاّتی ئاکپارتی، کێشەی کورد و پەکەکە لە ڕیزبەندی یەکەمی ئاریشەکانی حکومەتی تورکیادا بووە، لەهەموو

پەیوەندییە ئیقلیمیەکان دا ڕەچاوی سزاخستنە سەر پەکەکە کراوە، ساڵی (٢٠٠٥) لەو سۆنگەیەی کە پەکەکە پارێزگاری یەکێك لە شارەکانی باشوری تورکیای ڕفاند، ئەردۆگان ڕایگەیاند" حکومەتی تورکیا چەند هەنگاوێکی پێویست ئەگرێتە بەر، ئەگەر ئەمریکا و سوپای عێراقی سنورێك بۆ پەکەکە دانەنەن لەباکوری عێراق، ئەوا تورکیا هێزی سەربازی ئەنێرێت بۆ عێراق"...

بەرپرسە بالاَکانی شیعە، لەوەلاَمی ئەردۆگاندا وتیان " ئێمە پۆلیسی حکومەتی تورکیا نین، پەکەکە بگرین و ڕادەستی ئەوی بکەین".. جێگەی وتنە لەماوەی دروستبونی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە لەساڵی (١٩٨٤) تا ساڵی (٢٠١٠) سوپای تورکیا (٢٤) جار سنوری خاکی عێراقی بەزاندووەو هێرشی کردۆتەسەر پەکەکە، سەدان جار هێرشی ئاسمانی ئەنجامداوەو، خەڵکی سڤیلی کوشتوە (Abu-Mutllaq,2011,p.81).

عێراق لەدوای ڕووخانی سەدام حوسەین، بوو بە گۆڕەپانێك کە تیایدا هیزە ئیقلیمیەکانی وەك: ئێران، سعودییە، تورکیا، ئیسرائیل، ئەمریکا.. دەستشکانەوە بکەن، هێزە سیاسیەکانی ناوخۆی عێراقیش ببنە سێبەری ململانێکان و شەڕی بەوەکالەت بکەن. بەتایبەتی ووتەیەکی باو لەسەر زاری چاودێرانی سیاسیی هەیە کە ئەوترێت " ئەمریکا ڕژێمی سوونی لەعێراق ڕووخاند، ئێران بەرهەمەکەی چنییەوە ".

هەرچی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیلە، لەماوەی (٢٠٠٢-٢٠٠٨) نەك هەر بەردەوام بو، بەڵکو لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەییە گەورەیەی ڕوویدا، هەر لە بەرەو پێشچوندا بو،

بەتایبەت لەڕووی بازرگانییەوە، لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل لە ڕووی سەربازیی و هەواڵگرییەوە، لەکوردوستانی عێراق خۆی جێگیر کرد، بۆ لێدان لە عێراق لەساڵی (٢٠٠٣).. کە ئەمە دژی خواستەکانی تورکیابو، هەروەها ئیسرائیل ئەو هەموو توندوتیژییەی دژی فەلەستینیەکان نواند، جەنگی لوبنان لە ٢٠٠٦، کۆلێك قەیرانی دیکە.. هێشتا پەیوەندییە دوو قۆلییەکان لەنێوان ئیسرائیل - تورکیا هەر بەردەوام بو.

### ٣-٤-٤. جەنگی لوبنان (٢٠٠٦)

جەنگی تەمموز "بەپێی ئەو ناوهێنانە باوەی لە لوبنان هەیە"، ئیسرائیلیەکان پێی ئەلێن " جەنگی دووەمی لوبنان". هەروەها لای ئامرازەکانی میدیای عەرەبی بە " جەنگی ساڵی ٢٠٠٦ی ئیسرائیل لەدژی لوبنان" ناوئەبرێت، میدیا بیانییەکانیش بە "ڕووبەڕووبونەوەی ئیسرائیل-حزب االله ٢٠٠٦" ناوزەندی ئەکەن. دیسان ئەمەش پرۆسەیەکی کوشتارییەو، لە (١٢ی تەممozی ٢٠٠٦) لەناوچە جیاوازەکانی لوبنان (باشور و ڕۆژهەلاتی بەیروت) دەستی پێکرد، لەنێوان هێزەکانی حزبوڵلای لوبنانی و هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، (٣٤) ڕۆژی خایاند .کاریگەریشی خستە سەر بەرزاییەکانی جۆلان .

لە دامێنی ناکۆکی عەرەبی-ئیسرائیلیەوە، ئیسرائیل پێداگیریی لەسەرئەوە ئەکرد کەدیل و شوێن بزربوەکانی لوبنان ڕادەست ناکاتەوە، حزبوللاش سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئازادبکرێن، هەندێك لە لوبنانیەکان (٣٠) ساڵە لای ئیسرائیل زیندانن، وەکو سەمیر قەنتار کە

کۆنترینیانە، لەساڵی (١٩٧٩) ەوە لەزیندانەکانی ئیسرائیلدایە. دوای نا ئومێدبون لە دانوستانی ناڕاستەوخۆ بۆ ئازادکردنیان، حزبوڵلا لەژێر ناونیشانی "بەڵێنی ڕاستگۆیی" پرۆسەیەکی بە ئاڕاستەی شەڕ دەست پێکرد. هێزەکانی ئیسرائیلیش دەستپێشخەرییان کردو، دیوارە سنورییەکانی لوبنان یان شکاند و، هاتنە ناو خاکی لوبنانەوە. حزبوڵلا تۆپبارانی دەبابە ئیسرائیلیەکانی کرد و، (٨) سەربازیی ئیسرائیلیش کوژران (Hany T,2007,P.5) .

ڕۆژی دواتریش، ئیسرائیل هێرشێکی ئاسمانی توندی بۆسەر باشوری لوبنان دەستپێکرد، تیایدا وێستگەکانی کارەبا و فڕۆکەخانەی بەیروت و پردەکان و ڕێگەوبانەکانی بە ئامانج گرت .

پاشان سەرۆکی حزبوڵلا "حەسەن نەسروڵلا" لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دا، باسی لە ئازادکردنی دیلە ئیسرائیلیەکان کردو، دەستپێشخەرییەکی بۆ ئاگربەست خستەڕوو، گوتیشی: ئەم شەڕە شەڕی حکومەتی لوبنان نییەو، حکومەتی لوبنان پەیوەندیی پێوە نییە".. جێگەی باسە ولاتانی عەرەبی لەبەرانبەر حزبوڵلا دا، یەك ڕا نەبون و بوون بە دوو بەشەوە: بەرەی میسر و بەرەی سعودییە .. هەرچی ئێرانیشە ئیشی لەسەر بەرز ڕاگرتنی "هیلالی شیعە" ئەکرد، کە لە خەتی قەوسی (ئێران-عێراق- سوریا-لوبنان) پێکدێت و، بەشێکن لەسیاسەتی شیعی ئێرانی. کە ئیسرائیل پێی قەڵسە (Hany T,2007,P.9) .

سەرۆك وەزیرانی تورکیا "ئەردۆگان" کە زانیتی ئەمریکاو ئەوروپا لەگەڵ ئەو شەڕەی ئیسرائیل نین لەلوبنان، وە نەتەوەیەکگرتوەکان بەڕێگەی هێز دەستوەرئەداتوو، هێڵی گەرمی ئێرانیش

لەهاوکێشەکەدان، سەردانی لوبنانی کرد، لە لێدوانێکیدا، پەیوەست بە شەڕی لوبنان -٢٠٠٦ گوتی " ئایا شوێن بزربونی چەند سەربازێکی ئیسرائیلی، ئەوە ئەهێنێت ئەو هەموو هاولاّتییە بێ چەك و مەدەنییە بکوژن، ئەو ڕەشەکوژییەی ئیسرائیل پێی هەڵساوە، ناوچەکەی هەموو بێزارکردووە، بۆیە ڕەفتارەکانی ئیسرائیل جێگەی ڕەزامەندیمان نییە، ئەبێت ئیسرائیل داوای لێبوردن لە گەلانی ناوچەکە بکات..". ئەردۆگان جەختیشی کردەوە کە " لوبنان بەسەر ئیسرائیلدا سەرئەکەوێت، ئەم شەڕەو شەڕەکانی تریش ئەباتەوە."

.. هەروەکو پەرلەمانی تورکیا دەنگی دا، بە ناردنی هێزی سەربازی تورکیا لە ( ٥/٩/٢٠٠٦) لەگەڵ هێزەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان (یونفیل) (Sumer,2013,P.16).

قایل بونی تورکیا بۆ بەشداریکردن لە هێزەکانی (یونفیل) ی نەتەوەیەکگرتوەکان لەمەڕ پرسی لوبنان، چەند ئامانجێکی ستراتیجی هەیە :

بۆ ئەوە بو کە سەرنجی یەکێتی ئەوروپا ڕابکێشێت و، دەنگیان بەدەست بهێنێت بۆ پلەی ئەندامێتی لەو یەکێتیەدا، چاوی ناوچەکە لەسەر مەسەلەی قوبرس دوور بخاتەوە .. لەچوارچێوەیەکی ئارامدا لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکانی دابمەزرێنێتەوە.. نیشانی بدات کە لەڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی گەورە ئەگێڕێت و لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نزیك بێتەوەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ قوولّ بکاتەوە، بە تایبەتی پالّپشتی لۆبیی سەهیۆنی لە کۆنگرێس مسۆگەربکات، تاوەکو بەرگریی لە تورکیا بکەن لە حالّەتی پێشنیازکردنی مەسەلەی کۆمەلّکوژیی ئەرمەنەکان (Sumer,2013,p.17) .

تورکیا، لەوماوەیەدا (٢٠٠٢-٢٠٠٨) هەولی نێوەندگیریی کردنی بەتەنها لەگەڵ بەرە ناوخۆییەکانی فەلەستین نەبو، یان بەتەنها نێوەندگیریی ئیسرائیلی – فەلەستینی نەئەکرد، بەڵکو لەلوبنانیش، پەیوەست بەکەیسی ئیغتیالکردنی سەرۆك وەزیرانی پێشو ڕەفیق حەریری، هەولی وەساتەت و لەیەك تێگەیشتنی لایەنە نێوخۆییەکانی ئەدا. جێگەی ووتنە تورکیا لە هەڵوێستەکانی دا بەرگریی لە لوبنانێکی پڕ ئاسایش و ئارامی ئەکرد، نەك حزبوللا کە لەگەڵ ئیسرائیل بەشەڕ هاتووە. ئەردۆگان لەسەردانەکەیدا بەڵێنی دا " کار بکات بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لە بلاوبونەوەی ئاژاوەو ئاشووب لە لوبنان، پێکەوە چارەسەرێکیش لە ڕێگەی داگای نێو-دەولەتییەوە بۆ پرسی کوشتنە سیاسیەکەی حەریری بدۆزنەوە ".

هەروەکو تورکیا لە (تشرینی دووەمی ٢٠٠٧) هەستا بە نێوەندگیریی لەنێوان ئیسرائیل– فەلەستین دا. کۆبونەوەیەکی بەناوبانگی بۆ هەریەکە لە مەحمود عەباس و شیمۆن پیریز، ڕێکخست لەپەرلەمانی تورکیا تا پێکەوە گفتو گۆ بکەن، کە ئەوە یەکەمجار بوو، سەرۆکی ئیسرائیلی لە ناو پەرلەمانی دەوڵەتێکی ئیسلامی دا قسە بکات (Hany T,2007,P.24).

### ٣-٤-٥. نێوەندگیریی تورکیا لە گفتوگۆکردنی سوریا و ئیسرائیل .

لەمیانەی ڕۆڵ بینینی تورکیا بۆ نێوەندگیریی (وەساتەت - Mediation ) لە پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و سوریا، ئەردۆگان لەچوارچێوەی سەردانێکی دا بۆ سوریا (٢٤ی نیسانی ٢٠٠٨) گوتی " سوریاو ئیسرائیل داوایان لە تورکیا کردووە، کە هەوڵەکانی بخاتە گەڕ

بۆ نزیککردنەوەی دیدو بۆچونەکانی هەردوولا، تا ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان هەردوو لایەن دا ئیمزا بکرێت "(bbc ,27\4\2008) .

ئەردۆگان، ئەو نامەیەشی دا بە "بەشار ئەسەد" ی سەرۆکی سوریا کە: ئیسرائیل ئامادەیی نیشان داوە، لە بەرزاییەکانی جۆلان بکشێتەوە، کە لەساڵی (١٩٦٧) داگیری کردووە، لە بەرانبەردا ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان هەردوولادا ڕوو بدات ". وەکو دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل "داود بن گۆریۆن" وتویەتی "ئێمە پێشنیازی کۆنفرانسی ئاشتیمان لەگەڵ عەرەبەکان کرد، بەلاّم دەنگەکەمان وەك هی ئەو کابرایەی لێهات، لە بیابان هاواری کرد ".

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی تورکیا بۆ پرۆسەی ئاشتی سوری — ئیسرائیلی، باڵوێزی ئیسرائیلی "جابی لیفی" دەڵێت" لەسایەی سەردانە ڕاستەوخۆکەی ئەردۆگانەوە بۆ سوریا، تورکیا نا ڕاستەوخۆ ڕۆڵی دانوستان ئەبینێت".. لە(حوزەیرانی ٢٠٠٨)دا بەومەبەستەی پرۆسەی نێوەندگیرییەکەی دەست پێبکات، تورکیا دوو شاندی نارد بۆ سوریاو ئیسرائیل . وەزیری دەرەوەی تورکیا "عەلی بابا جان" یش ووتی " ئەمە دوا خولی دانوستانی ناڕاستەوخۆی سوریاو ئیسرائیلە بە نێوەندگیریی تورکیا، کە زۆر سەرکەوتوو بووە، هەتا ئێستاش لایەنەکان ڕێچکەی دانوستانەکەیان پێ پەسەندە "(BBC, 17\5\2008) .

لەپاڵ پرۆسەی ئاشتی سوریاو ئیسرائیلەوە، سەردانەکانی ئیسرائیل و تورکیاش بۆلای یەکتر زیاتر بوو، تاوەکو سەرلەنوێ پەیوەندییە ستراتیجیەکانی نێوان هەردوولا بخەنەوە سەر سکەی خۆی، کە گرژی و ئاڵۆزی باڵی بەسەردا کێشابو .

بۆیە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی "ئێهود ئولمەرت" لە (١٨ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨) بۆقسەو باسکردن لەسەر خولی پێنجەمی دانوستانەکانی سوریاو ئیسرائیل، سەردانی تورکیای کرد. هەروەك لەگەڵیشیدا بەڵێنی لە سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و سەرۆك کۆمار عەبدوڵڵا گویل وەرگرت، کە غەززە وەك تراژیدیایەکی مرۆیی نەبینن (Abu-Mutllaq,2011,P.36).

کەچی وەختێك شەڕ لەسەر غەززە دەستی پێکرد لە (٢٧ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨)، کاردانەوەیەکی توند لای سیاسییە تورکەکان دەستی پێکرد، تومەزە وەك پشتگوێخستن و فێڵ کردنێك لە بەرپرسانی تورکیا، دە ڕۆژ پێش ئەوە ئێهود ئولمەرت بەڵێنی لە سەرکردەکانی تورکیا وەرگرتبو، کە باسی غەززە وەك کارەسات و تراژدیدیایەکی مرۆیی نەکەن. لەکاتێکدا هێشتا دانوستان لەگەڵ سوریاو ئیسرائیل کۆتایی نەهاتووە. سەرۆك کۆماری تورکیا ڕووداوەکانی کەرتی غەززەی وەك "ستەم" ناوبرد و، سەرۆك وەزیرانی تورکیاش بە " کارەسانی مرۆیی" ناوی برد. لەهەمان کاتدا جەولەیەکی خێرایان لە ولاّتانی عەرەبیدا کرد، بۆ هەوڵدان تاوەکو کارە دوژمنکارییەکانی سەر غەززە بوەستێنن. وەزیری دادی تورکیا "محەمەد عەلی شاهین" ئیسرائیلی بە " کانگایەك بۆ تیرۆری نێودەوڵەتی" پێناسەکرد.

هەر لەوکاتەدا، لە زانکۆی ئیستانبوڵ ڕووداوێکی نا جۆر ڕوویدا، کە کاریگەری خراپی خستە سەر پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل، بەوەی سەرۆکی زانکۆی ئیستانبوڵ پرۆفیسۆر "مەسعود بارلاق" باڵوێز ی ئیسرائیلی "غابی لیڤی" و قونسوڵی ئیستانبوڵ "موردخای

ئەمیشاعی" لەناو زانکۆ دەرکرد. ئەگەرچی سەرۆکایەتی زانکۆ کاتی بۆ دیاری کردبون، کە چاویان بەیەك بکەویت، بەلاّم بەهۆی تەکتیکێکەوە سەرۆکایەتی زانکۆ، پێی گوتن" تورکیا موستەعمەرە نییە، ئەمە دەرگاکەیەو برۆنە دەرەوە ".. پاشان سەرچاوە ئیسرائیلیەکان جەختیان لەوە کردەوە، کە ئەمە رووداوێکی تەواو ئەمنی و بەرنامەرێژکراو بووە، چونکە پێشوتریش چەندین جار بالّوێزو قونسولّی ئیسرائیل لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ وە پەلاماردراون، هوتافیان لەدژ کێشراوەو ئیهانە کراون .." (Palestine Strategic Report,2008,P.172).

ئەمە هێشتا تورکیا زمانی رەخنە توندەکانی، سەبارەت بە جەنگی غەززە لەسەر ئیسرائیل نەوەستاندووە، ئەمجارەیان سەرۆکی فەرمانگەی تورکیا لە وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل، ناردی بە شوێن بالّوێزی تورکیا لە ئیسرائیل " نەمەق تان" تورەیی ولاّ تەکەی پێگەیاند لەبەرانبەر هەلّوێست و کاردانەوەکانی تورکیادا، ئاگاداریشی کردەوە کە " ئیسرائیل وا خەریکە، لە بەرژەوەندیی تورکیا کارئەکات، بۆ رێگری کردن لە دەرچونی بریاری ئیبادەکردنی ئەرمەنەکان لە نەتەوەیەکگرتوەکان، بەهەمان شێوە ئێمەش چاوەریی ئەوەمان لە تورکیا ئەکرد، پالّپشتیمان بکات لە دژی تیرۆر ( Palestine Strategic Report,2008,P.174).